ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٠٤ هەینی ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٠ _ ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا


## کوژران و برینداربوونی ٤٩ کۆڵبەر، گرتنی ٩١ کەس و ئێعدامی ١٤ زیندانیی کورد

لە سەرەتای هاوینەوە تا ئێستا لانیکەم ٤٩ کۆڵبەر کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ٩١ کەس گیراون و ١٤ بەندکراوی کوردیش لەدار دراون.

«چاونیوز» بڵاوی کردەوە کە لە مانگ و نیوی یەکەمی گەلاوێژدا ٤٩ کۆڵبەر کوژراون یان بریندار بوون. کوژران و برینداربوونی ٤٩ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لەو هاوینی ئەمساڵ لەحاڵێکدایە کە لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵیش‌دا ٥٣ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد درابوونە بەر دەستڕێژ، بەو پێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا کوژراون یان بریندار بوون گەیوەتە ١٠٢ کەس.

لەو مانگە هەروەها لانیکەم ١٤ زیندانیی کورد ئێعدام کراون و بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ئێعدام کراون لانیکەم ٢٥ کەس بووە.



ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە یەک مانگ و نیوی یەکەمی هاوین‌دا لانیکەم ٩١ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کردووە و بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون گەیوەتە ٢١٧ کەس.

# ڕەئیسی و «دەوڵەت»ی «مەیدان»



◆ سەروتار

## داهاتووی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی

**کەماڵ کەریمی**

ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژ و دوای کۆتایی دەورەی ٨ ساڵەی سەرۆککۆماریی ڕووحانی و بەپێی دەنگەکانی هەڵبژاردنێک کە چەند مانگ پێشتر ئەنجامەکەی بۆ هەموو کەس ڕوون بوو، ئیبراهیم ڕەئیسی بەربژێری دەستنیشانکراوی خامنەیی وەک سەرۆککۆماری نوێی ڕێژیم دەست بە کار بوو. کەسێک کە لە کارنامەی چل ساڵەی خزمەت بە ڕێژیم و بەهۆی بەشداریی لە ئاستی جیاوازەکانی پلەی دادوەریدا هەتا گەیشتن بە پلەی سەرۆکی دەزگای داد، جگە لە ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلانی ئێران هیچ خاڵێکی باش لە ئاکار و کردەوەیدا بەدی ناکری. بە تایبەت کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ کە وەک خۆی دەڵی تەنیا ئەرکێکی جێبەجێی کردوە وەک خاڵێکی ڕەش بە نێوچاوانیەوە ماوەتەوە و دەنگە ڕاگەیێندراوەکانی لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دەری خست کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا هیچ متمانەیەکی پێ ناکرێ.

ئێستا زیاتر لە چوار دەیە بەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا تێ دەپەڕێ. دەسەڵاتێکی ناڕەوا کە هەر لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە بە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## سپای پاسداران لە دەوڵەتی ڕەئیسی‌دا

بە دەستپێکردنی دەوڵەتی ڕەئیسی ڕۆڵی سپای پاسداران لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئاشکراتر و بەربڵاوتر دەردەکەوێ. لە ڕۆژانی داهاتوودا دەبینین کە پۆستی وەزارەتە بنەڕەتییەکان و بەرپرسایەتیی بەشە هەرە گرینگەکانی دەوڵەت دەدرێتە فەرماندەرانی سپا و دەستوپێوەندییەکانی، بەوەش سپای پاسداران هەیمەنەی تەواوی خۆی بەسەر دەوڵەت و وڵاتدا زاڵ دەکا و پتر لە جاران سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵات لە دەستی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

چۆنیەتیی هەیکەلی دەوڵەتی نوێ یارییەکی دوو سەر براوە بۆ سپای پاسداران و ڕەئیسییە. سەرکۆماری نوێ کە دەزانێ خاوەنی شەرعییەت و پێگەیەکی ئەوتۆ لەنێو خەڵکدا نییە، بۆ خەونە گەورەکەی کە جێگرتنەوەی خامنەییە پێویستیی زۆری بە سپای پاسدارانە. سپای پاسدارانیش وەک مافیای دەسەڵات و هێز دەیهەوێ خاوەنی جێگەیەک بێ کە بەبێ ئەو ڕەزامەندی و ویستی ئەو هیچ شتێک لە وڵاتدا ڕوو نەدا.

بەهێزتربوونی سپای پاسداران لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ناوکی سەرەکیی دەسەڵات گرینگە، ئەویش لەو هەلومەرجەدا کە نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەئەستێن‌تر دەبن و «سپای پاسداران»یش وەک پارێزەری سەرەکیی «نیزام» باسکی بەهێزی دەسەڵات بۆ سەرکوتی خەڵکە.

## ئەمریکا: کات بۆ سازان لەگەڵ ئێران سنووردارە

وتەبێژی کۆشکی سپی لەگەڵ دەستبەکاربوونی ڕەئیسی وەک سەرکۆماری ئێران ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەڵگیرانی سزاکانی دەوێ، ئەو بابەتە سەر مێزی وتووێژەکانی ڤییەنە. ئەو وتووێژانە لە ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی ڕەئیسی ڕاگیراون.

نێد پرایس گوتی پەیامی ئەمریکا بۆ سەرکۆماری نوێ هەمان پەیام بۆ سەرکۆماری پێشووی ئەو وڵاتەیە و دەوڵەتی جۆ بایدێن لەگەڵ هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانەی لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی هەیەتی، لای وایە ڕێککەوتنی ئەتومی چارەسەری هەمیشەیی بۆ دڵنیایی کۆمەڵگەی جیهانی لە بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتەیە.

ئەو جارێکی دیکەش بە دووپاتکردنەوەی بۆچوونی کاربەدەستانی پایەبەرزی وڵاتەکەی، یەک لەوان ئانتۆنی بلینکەن پێداگریی کرد کە پێشنیاری ئەمریکا بۆ هەڵگرتنی بەشێکی زۆر لە سزاکانی ئێران لە بەرامبەر گەڕانەوەی ئێران بۆ دەروەستییەکانی هەمیشەیی و بی‌سنوور نییە. قسەکانی وتەبێژی کۆشکی سپی لە حاڵێکدایە کە هێشتا تیمی سیاسەتی دەرەوەی ڕەئیسی ئاشکرا نەبووە و هێشتا دەوڵەتی ناوبراو هەڵوێستی ڕوونی خۆی لەسەر دانوستانەکانی ڤییەن ڕانەگەیاندووە. هەروەها خامنەیی لە دواکۆبوونەوەی لەگەڵ کابینەی ڕوحانی‌دا داوای ئەمریکای بە «زێدەخوازی»ی ناو برد و کارنامەی دەوڵەتی ڕوحانیی لە بواری وتووێژ لەگەڵ ڕۆژاوا و هەڵگیرانی سزاکانی بە ناسەرکەوتوو لەقەڵەم دا.


**بەخت و چارەنووسی ڕوحانی و کلیلەکەی** ٣
عەلی بداغی

**دادگای هەولێر و شەرەفی دادپەروەری** ٤
مەنسوور مروەتی

**ڕازی مانەوەی خۆڕاگریی گەلێک** ٧
زانیار حوسێنی

**ئێران و وەدیهاتنی بەستێنەکانی شۆڕش** ٨
ڕەحمان سەلیمی

**«ئەی ڕەقیب» و جەلیل گادانی** ١٠
قادر وریا

درێژەی سەروتار

## داهاتووی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی

... شەڕپێفرۆشتن و پەلاماری نەتەوەکانی ئێران و یەک لە دوای یەک بە ڕشتنی خوێنی میللی دێموکراتەکان و کۆمۆنیستەکان و موجاهیدە موسوڵمانەکان بۆ خۆسەپاندن دەستی پێ کرد. ئەم سەرکوت‌کردنە و نەهێشتنی هەر کۆسپێک لەسەر ڕێی چەسپاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی بوو بە هۆکاری نەهێشتنی هەرچەشنە ئازادییەک و درێژبوونەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی سیستمی ویلایەتی فەقیە لە ئێراندا. هەرچەند لە تەواوی ماوەی ئەم دەسەڵاتدارییەدا خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ گەڕانەوەی ئازادی بۆ ئێران لە بەرامبەریاندا ڕاوەستاون و بەدانی دەیان هەزاران قوربانی لە گەلانی ئێران لاپەڕەیەکی مێژووییان بە خوێنی خۆیان مۆر کردووە، هەتا نیشان بدەن کە بەرامبەر بە کۆنەپەرستی بێدەنگ نەبوون و نابن.

کوردستان لە دەسپێک و درێژەی ئەم سێناریۆیەدا بەردەوام کەوتووەتە بەر پەلاماری چەکداری و بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم ناوچە ڕاپەڕیوەدا لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێک درێغیان نەکرد. شەڕی بەربڵاو، سووتاندنی گوندەکان و کوشتنی خەڵکی سیڤیل، گرتن و زیندان و ئێعدامی بە کۆمەڵ تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو کارەساتانە بووە کە تووشی ئەم گەلەیان کرد. بەوەش نەوەستاونەوە و تەنانەت پیلانی تێرۆری ڕێبەران و چالاکانی ئەم گەلە بەردەوام لەسەر مێزی کاریاندا بووە و لە هەر کوێ بۆیان کرابێ درێغیان نەکردوە لە کوشتن و لەنێوبردنی هەر کەسێک کە لە خزمەتی گەلەکەیدا بووبێ و ئێستاس ئەم سیاسەتە هەر بەردەوامە و پیلانی جۆراوجور هەیە بۆ لە نێوبردنی فیزیکی کەسایەتییەکانی کورد. هەرچەند لەو ساڵانەدا ئەم خەبات و خۆڕاگرییە بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی ئێران، بەداخەوە بە هۆی سانسۆری بەربڵاوی خەبەری لەسەر کوردستان و بێ ئاگابوونی خەڵکی ئێران لە کێشەکانی کوردستان بە تەنیا مایەوە، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە بە ئومێدەوە سەیری داهاتوو کراوە و بۆ گەیشتن بە ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان نەسل لە دوای نەسل لە مەیداندا بوون و درێژەیان بە خەبات داوە. ئێستاش کە ئەم بەربەرەکانێیە لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی زۆربەی شار و ناوچەکانی ئێرانی گرتوەتەوە، دەردەکەوێ کە لە نێوخۆی وڵات جێگە و پێگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم چەندە لەرزۆک بووە.

لە بواری سیاسەتی دەرەکیشدا کە هیوایەکی زۆریان لەسەر گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بە دوای هاتنە سەر کاری جۆزێف بایدن هەڵچنیبوو، لە دوا دیداری خامنەیی لەگەڵ ڕووحانی و کابینەکەی ناڕازیبوون و نائومێدی ڕێبەر لەو سیاسەتانەی گرتبوویانە پێش و تێیدا سەرکەوتوو نەبوون بە تەواوی دەرکەوت. داخۆ سەرۆککۆماری نوێ دەیەوێ یا دەتوانێ بە دوور لەم جۆرە تێڕوانینانەی ڕێبەر سیاسەت بکا؟ یا ئەو جۆرەی خامنەیی بەرامبەر بە کابینەی ڕووحانی وتی کە هەر کات باوەڕیان بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا کرد زەرەریان کرد و ئەو کاتەی لە بەرامبەریان وەستانەوە بە قازانجیان بوو. ئەگەر ئەم بۆچوونە بێتە بنەمای سیاسەتی دەوڵەتی نوێ کە بەدوور نابیندرێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەت ڕۆژاوابیەکان ڕێگەیەکی سەختییان لەبەر دەبێ بۆ دەستەمۆکردنی ڕێبەرانی ڕێژیم و ئاسۆی ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکانی نێوانیان نابیندرێ و زۆر وێدەچێ درێژەی ئەو وەزعە ببێتە هۆی فشارێکی زیاتر بۆ سەر ڕێژیم.

ئەوەی دەبیندرێ لەم ٤٣ ساڵەدا لە ئێران زۆر شت گۆڕاون و ئەمانەش دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی وردتر بڕوانینە هەلومەرجی ئەم سەردەمە. ئەوەی حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە کە ئێران لە دۆخێکی زۆر خراپ دایە و کۆماری ئیسلامی وا گیرۆدەی قەیرانە جۆراوجۆرەکان بووە کە توانای قەیرانخولقێنیی نەماوە. جگە لەوەش پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات و هاتنە مەیدانی ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بۆ سەر شەقامەکان لە دژی ڕێژیم، توانای مودیرییەتی قەیرانەکانیشی لاواز کردوون. ئێستا کەسێک بووەتە سەرۆک‌کۆمار کە لە مودیرییەتدا تەنیا شارەزایی لە بواری سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدامدا هەیە. هەر بۆیە سەیر نییە جگە لەوەی خامنەیی باسی دەکا و لەو قسانەی بە دەنگی خۆی لێی ئاشکرا بووە و دەڵێ «ئەرتەش، سپا، نیرووی ئینتزامی ئامادە بن، گرینگە خۆیان بۆ ئەم بەرپرسایەتییە گەورەیە ئامادە بکەن، یارمەتی یەکتر بکەن و بیانخەنە سەر چۆک و شکستیان بدەن»، ڕێگەیەکی دیکە لەبەر دەم خۆیاندا نەبینن. ئەوان بۆیان دەرکەوتووە کە بێ باوەڕی خەڵک بەو نیزامە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ و بەدەست هێنانەوەی ئێعتمادی خەڵک و فریودانیان لە توانای حکوومەت و ئاخوندەکان بەدەرە.

لە ڕاستیدا هەر ساڵ کە تێ دەپەڕێ و بەپێی چوونەسەری تەمەنی جیلە نوێیەکان لەشکری ناڕازییەکان لە کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا زیاتر و بەرزبوونەوەی دەنگی دژی ڕێژیم بەرزتر دەبێ. بەڵام ئەگەر دەبینین کە ڕێبەر و حکوومەتەکەی تەنیا ئەهرومێکی دەسەڵاتی کە هێزە سەرکوتکارەکانیەتی بەدەستەوە ماوە و وەک خامنەیی دەڵێ دەبێ بە یەکەوە ئامادە بن، پێویستە بۆ شکاندنی ئەم ئەهرومەش کۆمەڵگەی ئێران یەککگرتوو بێ. بۆ ئەم مەبەستە هەمووڵایەک دەبێ بەرپرسیارانە بە ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە تایبەتەکانی حیزب و کەسایەتییەکان و قبووڵکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و نەتەوەکانی ئێران، بیر لە دەست‌نیشان‌کردنی خاڵە هاوبەشە جەوهەرییەکان بکەنەوە و لە پێناو یەککگرتوویی کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ئێراندا و هەنگاونان بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی، هەوڵی یەککگرتن بدەن.

***

# میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لەبەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرجدا

(بەشی دووەم و کۆتایی)





د. ئاسۆ حەسەن‌زادە

کە باس لە نێوەرۆکی میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو دەکەین، گرینگترین پرسیار کە دیارە سەبارەت بە پێشەوا قازی و کۆماری کوردستانیش هەمیشە مشتومڕی لەسەر بووە، ئامانج لە خەباتی نەتەوایەتییە. لەگەڵ ئەوە کە هەم پێشەوا و هەم دوکتور قاسملوو بە فەرمی و لە کاتی زێڕینی خەباتی بەکردەوەیاندا ڕایانگەیاندووە کە هەوڵی ئەوان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دایە، حاشای لێ ناکرێ کە ئەو ڕێبەرانە وێڕای تەعامولیان لەگەڵ فاکتەرەکانی سەر ئەرزی واقیع، ئامانجیان لە خەبات شتێک نەبووە جگە لە ڕزگاریی نەتەوایەتی و بە وتەی خودی دوکتور قاسملوو بۆ ئاسۆیەکی دوورەدەستتریان ڕوانیوە ("چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی"). دوکتور قاسملوو کە هیچی لە کەسایەتییە ئێرانییە هەرە بەرجەستەکان کەمتر نەبوو (ئەگەر نەڵێین سەروگەردنێک لە هەموویان لەسەرتر بوو)، باشترین زەمینەی درەوشانەوە لە ڕیزی یەکەمی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێرانیدا هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی وی لە سیاسەت و خەبات، ڕزگاریی گەلەکەی لە ژێردەستەیی بوو، حازر بوو هەموو ژیانی خۆی بۆ خستنەوە سەر پێ و بردنەپێشی خەباتی حیزبێک تەرخان بکا کە لە ڕوانگەی ئێرانییەوە حیزبێکی "لۆکاڵی" بوو.

قاسملوو هەم لە تێزی دوکتوراکەیدا ڕوانگەیەکی یەککگرتووی بۆ وجوود و پرس و چارەنووسی کورد هەیە، هەم لە چەقی خەبات بۆ خودموختاریی کورد لە ئێراندا دەیگوت چ کوردێک هەیە خەون بە سەربەخۆییەوە نەبینێ و بە ئاماژە بە قسەیەکی "هانی الحسن" (ڕێبەری فەلەسینی) کە پەیامی قاسملووی بۆ خومەینی بردبوو، دەیگوت ئەگەر قەرار بێ خەباتی ئێمە درێژ بێتەوە و تێچووی ئەو خەباتە زۆر بچێتە سەر، بە هەقی خۆمانی دەزانین بۆ زیاتر لە خودموختاری خەبات بکەین (کریس کۆچێرا، خەباتخوازیی کورد). بەڵام دیسان واقیعگەرایی وای لە دوکتور قاسملوو دەکرد بە بەرپرسایەتییەوە بڵێ خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان هێندێک مەرج و پێداویستیی -وەک شکڵگرتنی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی کوردیی بەهێز و یەککگرتوو و هانابەخش بوونی فاکتەری دەرەکی چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوچەیی- هەن کە تا ئەوان دابین نەبن، وەها خەباتێک بەبەرهەم و جیددی نابێ.

بۆ دوکتور قاسملوو بەڵام خەبات تەنیا بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی نەبوو. ئەو پێی وابوو کە حیزبێکی پێشڕەو و بەرپرسیار دەبێ ئازار و ئارێشەکانی دەروونیی کۆمەڵگەش ببینێ. لەگەڵ ئەوە کە ئەو بەکردەوە ئەولەوییەتی دابوو بە خەباتی نەتەوایەتی، بەڵام لە ڕیتۆریکدا هەرگیز نەیدەویست باڵادەستیی خەباتی نەتەوایەتی بەسەر ئیدەئالەکانی دیکەدا بەرجەستە بێتەوە. لەنێو ئەو ئیدەئالانەدا مافەکانی مرۆڤ هەبوو، مافی ژنان هەبوو، پرسی ژینگە هەبوو، بەڵام لە هەمووی دیارتر دوو بابەت زەق دەبوونەوە کە بریتی بوون لە یەکسانیی چینایەتی و دێموکڕاسی. لەبارەی یەکەمیان قاسملوو لە باسی کەموکوڕییەکانی کۆماری کوردستاندا دەنووسێ یەکێک لە خاڵەکانی سەرچاوەی لاوازی و زەفەرپێچوونی کۆمار، نەبوونی ڕۆئیایەکی ڕوون و پڕبەڵێن بۆ زەحمەتکێشان بووە (چل ساڵ خەبات، وشەکان هی ئێمەن). سەبارەت بە دووەمیشیان، دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە بەبێ دێموکڕاسی هەم ڕۆئیای یەکسانیی مرۆڤەکان سەقەتە، هەم چارەسەی پرسی نەتەوایەتی بێ بەستەر و بێ دەستەبەر. قاسملوو بەپێچەوانەی مێتۆدی عیلمیی جێبەجێ‌کردنی سۆسیالیزم سەبارەت بە بڕینی یەک لەدوای یەکی قۆناغەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵگە، لەو باوەڕەدا بوو ئێمە زۆر چاک دەتوانین لە دیکتاتۆرییەوە بڕۆین بەرەو دێموکڕاسی بەبێ ئەوەی لەنێوان ئەو دووانەدا نیمچە دیکتاتۆرییەک ئەزموون بکەینەوە (کۆچێرا). هەڵبەت هەمووی ئەمە بەو مانایە نەبوو کە دوکتور قاسملوو ئاگاداری بەربەستەکانی سەر ڕێگای جێخستنی دێموکڕاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبێ. ئەو بە سەرنجدان بە پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ئەقڵییەتی زاڵ بەسەر هەم ئۆپۆزیسیۆن و هەم ڕێژیم دەیگوت دێموکڕاسی بۆ درێژخایەنە و ئێمە ئێستا تەنیا بە کلاشینکۆفەکانمان دەتوانین پێداگری لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانمان بکەین (کۆچێرا).

دەستەیەکی دیکە لە ئێلێمێنتەکانی میراتی مەعنەویی نەگۆڕی دوکتور قاسملوو سروشتێکی هایبرید (تێکەڵ)یان هەیە، واتە هەم مێتۆد دەگرنەوە هەم نێوەرۆک. ئەگەر ئەم سروشتە هایبریدە بێگومان بۆ ئەسڵی سەربەخۆیی بڕیاردانیش کە پێشتر باس کرا دەگونجێ، لەپێوەندی لەگەڵ هێندێک ئەسڵی دیکەدا کارکردێکی زۆر دیاری هەیە و بۆ حیزبی دێموکڕات بەڕووی جیهانی دەرەوەدا سەرچاوەی پرستیژ و ئیعتبارێکی تایبەتی بوون. لێرەدا دەتوانین باس لە ئەخلاق لە سیاسەتدا بکەین کە هەر تەنیا ڕاستگۆیی و زمان خاوێنیی نەدەگرتەوە، بەڵکوو بەتایبەتی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ئینسانی و ژینگەیی خەبات و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و خۆبواردن لە شێوازە نامرۆیی و تێرۆریستییەکانی لە خۆی دەگرت. هەر لەو دەستەیەدا هێندێک خیسڵەتی دیکە دەبینین کە کارکردی بەهێزکردنی دینامیزمی خەباتیان هەبوو. بۆ نموونە دوکتور قاسملوو هەمیشە بە ئومێدەوە بۆ ئایندەی دەڕوانی و بەردەوام هەوڵی دەدا ورەی هاوڕێیانی و خەڵک بەرز ڕابگرێ. ئەو وێڕای واقعبینیی، بە شانازییەوە چاوی لە ڕابردووی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەکرد و دەیگوت کورد هەروەک لە کۆماری کوردستاندا نیشانی دا، ئەگەر یەککگرتوو بێ و ئیرادە بکا، دەتوانێ ببێ بە شتێک (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، وشەکان هی ئێمەن). لە هەموو ئەوانەش گرینگتر دوکتور قاسملوو باوەڕی بە بەکارهێنانی هەموو مەیدانەکانی خەبات هەبوو و هەرگیز بەستێنی جەماوەری و بەستێنی پێشمەرگانەی لە بەرامبەر یەکتر دانەدەنا.

هەرچی هەتا ئێستا باس کرا ئەو لایەنە باڵادەستە لە میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوویە کە نەک هەر لەڕووی مێژووییەوە، بەڵکوو لەڕووی سیاسیشەوە بۆ ئەمڕۆ و تەنانەت بۆ لەمەودواش مانابەخش و بەرهەمدارە و بایەخەکەی لە جێی خۆی ماوە. ئێستا، بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە سێ دەهەی ڕابردوودا لە جیهان و ناوچەدا ڕوویان داوە، جێی خۆیەتی ئاماژە بە بەشێکی کەمتری میراتی مەعنەوی دوکتور قاسملوو بکەین کە قابیلی گۆڕان و شیاوی پێداچوونەوەیە، جا چ لەبەر ئەوە کە ڕەنگە ئەو مەرجانەی دوکتور قاسملوو بۆ گۆڕینی سیاسەت و ئاقارێکی ستراتیژی ئاماژەی پێ کردبوون تا ڕادەیەک وەدی هاتبن، چ لەبەر ئەوە کە ئەو پارامێترانەی سیاسەت و ئاقارەکان پاساو دەدەن مەوزووعیەتیان نەماوە، یان ئەمڕۆ بە جۆرێکی دیکە عەمەل دەکەن. دەتوانین کاکڵی ئەو بوار و پارامێترانە لە چەند خاڵدا ڕیز بکەین؛ هاوکات هەوڵ دەدەین بە دیدێکی ڕەخنەگرانەشەوە چاو لە "پۆست-دوکتور قاسملوو" (سەردەمی دوای دوکتور قاسملوو) بکەین :

١/ لەگەڵ ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا نەک تەنیا پێشبینی بەڵکوو ئەنجامگیریی بەکردەوەشی لە ئەگەری کاڵبوونەوەی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانی زاڵ بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کردبوو، ئەو سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییانە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر زەقتر لە سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملوو کاڵ بوونەوە. بێگومان ئەمە بە مانای بێ‌بایەخ بوونی ئیدەئاڵ و بەهاکان بەتایبەتی لەپێوەندیی لەگەڵ ڕۆئیای یەکسانیی مرۆڤەکان یان کۆتایی هاتنی ململانەی نێوان جەمسەرە نێودەوڵەتییەکان نیە. بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە چیدیکە ناکرێ بە چاویلکەی سی چل ساڵ لەمەوبەر لە هاوکێشەکانی جیهان و ناوچە و جێگە و پێگەی کورد لەو نێوەدا بڕوانین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زەرفییەتە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی سیاسەتسازی و ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ کورد بەتایبەتی لە ئێران -لەگەڵ ئەوە کە هێشتا لاواز و ناپایەدارن- بەڵام لەچاو جاران زۆر زیاتر و هەمەڕەنگ و ئاسیمتریک (نامتقارن)ن.

٢/ بەهۆی تێکەڵیی زەینی و کردەیی زیاتری کوردی هەموو پارچەکان و ناسرانی پرسی کورد لە دنیادا و زیادبوونی دیاسپۆرا بە پاژڵی جوغرافیاکانی تێکۆشانی کورد، ئەمڕۆ کەشوهەوای پان-کوردیسم (بە ئەدەبیاتە سیاسییەکەشیەوە) بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملوو زۆر بەهێزترە. ئەگەر ڕاستە کە ئەمە دەبوو بووبایە هۆی پێداچوونەوە بە هێندێک ڕەهەندی ئامانج و ستراتژیی حیزبە کوردییەکان، بەڵام هێشتا ناتوانێ ببێتە پاساوی گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو ستراتژییەی دوکتور قاسملوو بۆ نەوەی خۆی لە نەزەری گرتبوو. بە واتایەکی دیکە هێزە سیاسییەکانی کورد بە حیزبی دێموکڕاتیشەوە پێویستە ئاکامگیرییەکی بەکردەوە و ڕوونتر لە نەش‌ونمای هەستیاریی پان- کوردیستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چاکترنەبوونی ئەقڵییەتی "ئێرانییەکان" بکەن و یەککگرتووانە، باوەڕبەخۆیانە و بەشێوەیەکی کارلەسەرکراو (نەک هەر بۆ دروشم و موزایدە) ڕزگاریخوازی بکەنە بنەمای گوتاری سیاسییان یان لە گوتاری سیاسیی خۆیاندا جێگایەکی دیارتری بۆ بکەنەوە (شتێک کە مەرج نیە هەمیشە بە مانای سەربەخۆییخوازی بێ). هاوکات بەڵام دەبێ قبووڵی بکەین کە ئەو پێویستییانەی دوکتور قاسملوو بۆ هەڵگرتنی وتاری سەربەخۆییخوازی وەک پێشمەرج داینابوون هیچیان وەدی نەهاتوون، یان ئەگەر تا ڕادەیەکیش وەدیهاتبن، بەشی ئەوە ناکەن کە بەشێوەیەکی کارا و بەرهەمدار ستراتژیی نەتەوەییان بۆ بگۆڕدرێ.

٣/ لە ئاستی ستراتژیی کوردی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ فۆرموولی فیدرالیزم جێی خودموختاریی گرتۆتەوە (شتێک کە دوکتور قاسملووش لە نامەی ساڵی ١٣٥٨ی خۆیدا بۆ خومەینی ئاماژەی پێ کردبوو). بەڵام ئەو فۆرموولە نە لەنێو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نە بەڕووی ئێرانییەکاندا ئەوەندەی کار لەسەر نەکراوە کە دووردەیمەنێکی ڕوون لە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی ئەم فۆرموولەماندا پێ نیشان بدا.

٤/ ئەگەر ڕاستە کە هاموشۆی بژاردە و لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکان لەچاو دە ساڵی کۆتایی ژیان و خەباتی دوکتور قاسملوو فرەیی و جۆراوجۆرییەکی زۆرتری پێوە دیارە، هاموشۆ و هاوکارییەکان بەقەرا ئەو برە لە هاموشۆ و هاوکاری کە لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا لەگەڵ ئێرانییەکان هەبوو مەلمووس نین. لەوەش

درێژە بۆ لاپەڕەی ٦

کوردستان
ژمارە: ٨٠٤
١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٠ _ ٦ی ئاگوستی ٢٠٢١

# بەخت و چارەنووسی ڕوحانی و کلیلەکەی



عەلی بداغی

حەسەن ڕووحانی دوای ٨ ساڵ کرا بە قەزا و بەڵاگێڕەوەی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغە هەستیارەی بەردەمدا، کاتێک لە دوا کۆبوونەوەی خۆی و کابینەکەی لەگەڵ خامنەییدا، ڕێبەری نیزام سووک و چرووکی کردن و تاوانی هەموو نەهامەتییەکانی ئێستای وڵاتی خستە ئەستۆی ئەوان و، ئەوانیش قڕوقپ!

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیر و تەنانەت وەزیرەکانی پێشووش بە سامانی مەعنەوی و مرۆیی بەبایەخی کۆمەڵگە دادەنرێن و دوای تەواوبوونی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان جێگە و شوێنی تایبەتیان هەیە و لە ئەزموونەکانیان کەڵک وەردەگیرێ، بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەسبەجێ وەلا دەنرێن و تاوانی هەموو نەهامەتی و دۆخە نالەبار و ناسەقامگیرەکەی وڵاتیشیان دەدرێتە پاڵ و ئەم سوورە بەردەوامە. لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا تاقە سەرۆککۆمار کە توانیویەتی پێگەی خۆی بپارێزی هەر عەلی خامنەیی بووە، ئەوانی دی هەر یەکە بەدەردێک چوون و هیچیان عاقیبەت بەخێر نەبوون. لە سەرۆکوەزیرەکان، بازرگان کە ناچار بە وازهێنان کرا، باهونەر کە لە تەقینەوەکەی دەفتەری سەرۆکوەزیراندا کوژرا و مووسەوییش کە دوایە بوو بە ڕێبەری "فیتنە"چییەکان!

بەنیسەدر کە یەکەم سەرکۆمار و کەسی نیزیکی خومەینی بوو، بەرلەوەی بە تاوانی خیانەت بگیرێ هەڵات و گیانی خۆی دەرباز کرد. ڕەجایی کەمتر لە مانگێگ دوای هەڵبژێرانی بە سەرۆککۆمار کوژرا و ڕێ بۆ عەلی خامنەیی خۆش کرا تا دەسەڵاتی سەرکۆماری و دواتر ڕێبەری بگرێتە دەست. هاشمیی ڕەفسەنجانی کە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە گەیاندنی خامنەیی بە پلەی ڕێبەری و هەروا درێژەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو، دوای کۆتایی دوو دەورە سەرکۆماری ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوو و دواجار وەک بەئاشکرا دەگوترێ لە حەمامی "فەرەح"دا خنکاندیان. خاتەمی، پێنجەمین سەرکۆماری ئێران کە بە وێژمانی ڕیفۆرمخوازی و وتووێژی شارستانییەت هاتە سەر کار و لە قۆناغی هەستیاری پەراوێزکەوتنی ئێران دوابەدوای بڕیاری دادگایی مێکونووس توانیی ئێران بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بگەڕێنێتەوە، لەگەڵ تەواوبوونی سەرکۆمارییەکەی لە پێش چاوی جەنابی ڕێبەرا! کەوت و گردەنشین و دەمکوت کرا و دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەناو سەوزیش بە "فیتنەچی" و "بەرئەنداز" ناسرا. ئەحمەدینژادیش کە بە پشتیوانیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کرا بە سەرکۆمار و لەپێناو هێشتنەوەی لە دەوری دووهەمیشدا ڕاپەڕینی بەربڵاوی ٨٨ بەتوندی سەرکوت کرا، دوایە کە کاریان پێی نەما پێیان گوت سەرۆکی ڕەوتی "لادەران". حەسەن ڕوحانیش کە بە پشتیوانیی ڕیفۆرمخوازەکان توانی بەسەر ڕکەبەرەکانی ئوسولگەرایدا سەر بکەوێ، دوای ٨ ساڵ کلیلەکەی نەیتوانی فریای ئێعتباری خۆیشی بکەوێ و لە شەڕی باڵباڵێنی ڕێژیمدا سووک و سەلیم کرا.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە مانگەکانی کۆتایی دەوڵەتی ڕوحانیدا نەیهێشت وتووێژەکانی بووژاندنەوەی "بەرجام" بە ئەنجام بگا بۆوەی تەمەنی دەوڵەتی ڕوحانی بەبێ دەستەبەری هیچ ئیمتیازێک ئاوا بێ، بەو هیوایەی ئەگەر ئەو وتووێژانە دەسکەوتێکیان لێ بکەوێتەوە بۆ دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی بێ. خامنەیی پێشتریش لە سەردەمی خاتەمیدا و لە مانگەکانی کۆتایی دەوڵەتی ڕیفۆرمدا بڕیاری دا پۆلۆمپی دامەزراوە ئەتومییەکان هەڵگیرێن و بەوەش ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئەوکاتیش لەبار برا. ڕوحانی هێشتا سەرکۆمار بوو کە میدیاکانی حکوومەت (زۆرینەی باڵی ئوسولگەرا) بە ڕیزکردنی کۆمەڵێک تاوان -لە روانگەی ئوسولگەراکانەوە- کەوتنە بەرێ کردنی.

تەواوبوونی تەمەنی دەوڵەتی "مشوور و هیوا"ی ڕوحانی دەرفەتێکە بۆ چاوخشاندنێکی کورت بە کارنامەی ٨ ساڵ سەرکۆماریی ناوبراو لە دوو بەستێنی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی وڵاتدا.

### سیاسەتی دەرەوە

دەوڵەتی ڕوحانی پێچەوانەی بەڵێنەکانی نەیتوانی پێوەندییەکی سەقامگیر و بنیاتنەر لەگەڵ دنیای دەرەوە دروست بکا و لەو سۆنگەیەوە نەک گەمارۆیەک لەسەر ئێران نەمێنێ بەڵکوو دەروازەی ئێران لەبەردەم وەبەرهێنەرە بیانییەکاندا بکاتەوە. ئەو کاتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ سزا نێودەوڵەتییەکاندا سێ بەڵێنی دا: هەموو گەمارۆکان جیا لەوانەی پێوەندییان بە بەرنامەی ئەتومییەوە هەیە هەڵگیرێن، ئێران چیدیکە سزای نەخرێتە سەر و لە داهاتوودا ئەو گەمارۆیانەش کە لەسەر ئێران ماون سووک بکرێن؛ بەڵام هیچیانی بۆ جێبەجێ نەبوو.

دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی نەیتوانی لە ناوچە و لەگەڵ دراوسێیەکانیشی پێوەندییەکی بنیاتنەرانەی هەبن و بەردانەوەی فرۆکە ئۆکراینییەکە و شەڕانشۆییەکانی ئەم ماوەیەی کۆماری ئیسلامی لە دەریاکان پێمان دەڵێن ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەروا بە مەترسی و هەڕەشە دادەنرێ.

ڕوحانی کە قەرار بوو کێشەکانی وڵات لە ١٠٠ ڕۆژدا چارەسەر بکا و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکان بباتەوە، پشتی بە سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی بەستبوو. بەڵام چ وەک زەریف گوتەنی "نەیانهێشتبێ" یان خۆیان "نەیانتوانبێ"، یان دەنا لە بنەڕەتڕا "نەیانویستبێ"؛ دەوڵەتی ڕوحانی نەیتوانی لە سیاسەتی دەرەوەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆ دەستەبەر بکا.



### سیاسەتە نێوخۆییەکان

حەسەن ڕوحانی بەرلەوەی ببێتە سەرکۆمار، بەڵێنی ئەوەی دابوو کە سەروەت و سامانی ئێران بە یەکسان دابەش دەکا، پێشی بێکاری و گرانی و هەڵاوسانی ئابووری دەگرێ و کارێک دەکا خەڵک حەوجێی بە یارانە نەمێنێ. ئەو گوتی لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا ئابووریی وڵات دەبووژێنێتەوە و لە قەیرانی ڕزگار دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا هەواکەی گۆڕی. بۆیەش دوای ٨ ساڵ و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دواکۆبوونەوەی خامنەیی و کابینەکەی حەسەن ڕوحانی و ئەو سووکایەتییەی بە ڕوحانی و تیمەکەی کرا، مەحمود ئەحمەدینژاد لە یەکەم کەسەکان بوو کاردانەوەی توندی نیشان دا. ئەو نامەیەکی سێوچەند لاپەڕەیی ڕوو بە ڕوحانی بڵاو کردەوە کە لە بەشێکیدا ڕوحانی بەوە تاوانبار دەکا پێچەوانەی ئەو "درۆ"یانەی لەلایەن دەوڵەتی ناوبراوەوە بە بەردەوامی "پۆمپاژ" کراوەتە کۆمەڵگە، لە کاتی گۆرانکاریی دەسەڵاتدا خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ نەبووە و بە سێ هەزار میلیارد تمەنەوە ڕادەستی ڕوحانیی کردووە و پاشکەوتی دراویی بانکی ناوەندییش ١٥٠ میلیارد دۆلار بووە. واتە ڕوحانی بۆ دەسپێکی کار و بەرنامەکانی دەستی بەتاڵ نەبووە و دوای بەرجامیش توانی چەند سەد میلیارد دۆلاری دیکە لە دراوی دەستبەسەرداگیراوی وڵات بگەڕێنێتەوە، کەچی سیاسەتی هاوسەنگکردنی ئابووری کە لەلایەن تیمەکەی ئەوەوە ڕەچاو دەکرا، نایەکسانیی زیاتر و هەژاریی پتری لێ کەوتەوە.

پشتتێکردنی وەبەرهێنەرانی بیانی بەتایبەت دوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام و دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی دی لە سزا ئابوورییەکان و بەردەوامیی گەندەڵیی سیستماتیک لە تەنیشت ناکامیی ڕوحانی بۆ باشتر کردنی دۆخی دامەزران و ڕەخساندنی هەلی کار و بردنەسەرێی داهاتەکان وایکرد ڕۆژ بە ڕۆژ کارگە و کارخانەی پتر دابخرێن، بێکاری و هەڵاوسان زیاتر بن و هەموو ساڵێک کورتیهێنانی بودجەی دەوڵەت زۆرتر ببێ.

ڕێگا یان باشتر وایە بڵێین باجی قەرەبووی کورتیهێنانی بودجەش دەبوا خەڵک بیدەن، بەو شێوەیە کە لە بودجەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت لە کەرتی گشتی و کۆمەڵایەتی لێ درا، بەردەوام پووڵی بێپشتیوانە چاپ کرا و ڕێگە بە ئازادکردنی نرخەکان درا. لەو سۆنگەیەوە نرخەکان بەردەوام و هەتا ئێستاش ڕوویان لە هەڵکشان کرد و خەڵک هەژار و هەژارتر کەوتن. کاتێکیش خەڵک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەو گرانی و دۆخە مەرگەساتە هاتنە سەر شەقام، لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و پووشپەڕی ١٤٠٠دا بەتوندی سەرکوت کران، تا دەرکەوێ کە ڕوحانیش وەکوو پێشینیانی خۆی ئەوەی بۆی گرینگە مانەوەی ڕێژیمە نەک ماف و داواکانی خەڵک.

حەسەن ڕوحانی نەیتوانی هەلی کار دروست بکا، نەیتوانی بایەخی دراوی نیشتمانی بپارێزێ و لە کاتێکدا جڵەوی دەوڵەت دەداتە دەستی دەوڵەتی هەیئەتی مەرگ کە نرخی تاق دۆلار لە چوار هەزار تمەنەوە بۆ ٢٧ هەزار تمەن فڕی. ئەو لە پشت دووربینەوە خەڵکی بۆ سەرمایەدانان لە بورس وەک شوێنی دڵنیا هان دا، بەڵام دوایە بە دارمانی بەئانقەستی بازاڕی بورس و سەرمایە و بە مایەپووچکردنەوەی پشکدارە بچووکەکان هەوڵی دا کەلێنێک لە کورتیهێنانی بودجەی دەوڵەت پڕ بکاتەوە. ئەو نەک هەر نەیتوانی بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە، بەڵکوو خۆی و بنەماڵەکەی و وەزیرەکانیشی لە زۆر پەروەندەی نوێی گەندەڵیدا تێوەگلان.

نەهیشتنی هەڵاواردنەکان لە هەموو بوارەکانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی یەکێکی دی لە وادەکانی ئەو بوو. ئەو لەو بارەیەوە هێندە بێبەڵێن بوو نەک هەر نەیتوانی تاقە یەک ژن بێنێتە کابینەکەی، بەڵکوو نەیتوانی دەرگای یاریگەکانیش لەبەردەم ژناندا بکاتەوە؛ تەنانەت نەیتوانی ئەمنییەت بۆ ژنان لە شوێنە گشتییەکاندا دابین بکا.

کەمە نەتەوەکان و ئاینییەکان لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیدا دەستیان کورت بوو.

ڕوحانی سەرەتا بەیاننامەیەکی ١٠ مادەیی بڵاو کردەوە کە بێتوو ببتە سەرکۆمار، ئەسڵە پشتگوێخراوەکانی یاسای بنەڕەتی لەپێناو دەستەبەری مافە نەتەوایەتی و ئاینییەکان دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو بەڵێنی دا پارێزگارەکان لە خەڵکی خۆجێیی هەڵدەبژێری و لە هەموو شوێنەکان کەلک لە نوخبە و ئێلیتەکان وەردەگری. ئەو دوو ساڵ دواتر وەک سەرکۆمار کە سەردانی "سنە"ی کرد، پێی لەسەر کاردروستایی بۆ خوێندنی زمانی کوردی داگرتەوە. بەڵام نەک هەر تاق وەزیرێکی لە کورد و کەمە نەتەوەکان هەڵنەبژارد، لە ئاستی جێگر و تەنانەت پارێزگارەکانیشدا پێبەندی وادە و بەڵێنەکەی نەمایەوە و هەموو پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە کوردستان و ناوچە نافارسەکانی دیکەش لە خەڵکە ناخۆجێیەکان داندرانەوە. خوێندن بە زمانی کوردییش وەدی نەهات و لە تارانیش تاق مزگەوتەکە بۆ سوننییەکان هەر دروست نەکرا و بەیاننامە ١٠ ماددەییەکەش نەزۆک مایەوە.

ئەو نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی لەبابەت فیلترینگ و سۆسیال مێدیادا بباتە سەرێ. ئەو نەیتوانی لە مودیرییەتی پەتای کۆرۆنادا سەرکەوتوو بێ. ئەو نەیتوانی کەرامەتی هاووڵاتیی ئێرانی بپارێزێ، ئەو نەیتوانی یان نەیویست لەو ١٠٠ وادەیەی پێش بوون بە سەرۆککۆمار دابووی پتر لە ٨ بەڵێنیان بباتە سەر، کە ئەوانیش هیچ شوێنێکیان لەسەر ژیانی خەڵک نەبوو.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بڕیاری دادگای تێرۆری شەهید قادر قادری




لقی ٢ی دادگای تاوان لە هەولێر دوای زیاتر لە دوو ساڵ تاتوێ و بەدواداچوون بۆ پەروەندەی تێرۆری شەهید قادر قادری، فەرماندەی بەرجەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری لەسەر پەروەندەکە دا. وەک لە بڕیارەکەدا هاتووە سێ کەس لە تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە سزای ئێعدامیان بۆ دەرچووە و دوو کەسی دیکەش لە تاوانباران هەرکام سزای ٥ ساڵ زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی بەدواداچوونی قەزایی بۆ ئەم پەروەندەیە دەبێ بڵێین:

**یەکەم**، دەروەستی و ئەرکوەخۆگری کۆمیتەی ئەمنییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەزگای دادی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها دەستەی پارێزەران لە پرۆسەی ناسین و دەسبەسەرکردنی بەشێک لە تاوانباران و وەگەڕخستنی قەزایی و دواتر بەئاکام گەیاندنی هەتا ئێستای ئەو پەروەندەیە جێگای ڕێز و پێزانینە. حیزبی دێموکرات هیوادارە ئەم حوکمە ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە هەڵدانەوە و وەگەڕخستنەوەی تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسیی دیکەش کە بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کراون. هەروەها ئەم بڕیارە ببێتە هۆی وەستاندن و بەرگرتن بە بەردەوامیی هەوڵە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لەدژی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حوکمە و سزادانی تاوانباران هەم بووە هۆی سیبووریی دڵی بنەماڵەی شەهید قادر و، هەمیش پارێزراونەبوونی تاوانباران لە سزای کردەوەکانیان دەبێتە هۆی وریاکردنەوە بۆوەی چیدی کەسانێک لە ڕووی نائاگایی و لەبەر تەماح و وادە و بەڵێن نەکەونە داوی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی.

**دووهەم**، بەپێی بەدواداچوونەوەکانی دادگای لێکۆڵینەوە و دانپێدانانی تاوانبارانی پەروەندەکە و هەروەها هەبوونی بەڵگەی تەواو و حاشاهەڵنەگری دیکە، بڕیاری تێرۆری شەهید قادر قادری لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەدیاریکراوی سپای پاسدارانەوە دراوە و جێبەجێکردنەکەی بە تیمی تێرۆر سپێردراوە. لەم سۆنگەیەوە چاوەڕوانیی بەرحەقی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە تاوانبارانی پەروەندەی تێرۆری شەهید قادر قادری نەک بەپێی ماددەی ٤٠٦ ـی یاسای سزادانی عێراق، بەڵکوو بەپێی یاسای سزادان لە بابەت تاوانەکانی تێرۆرەوە سزا بدرێن و بەئاشکرا و بەڕەسمی نەخشی کۆماری ئیسلامی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا بکرێن.

**سێهەم**، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ماوەی تەمەنیدا تێرۆری بە چەکێکی پێویست و گرینگ بۆ حەزف و لەنێوبردنی نەیارانی خۆی زانیوە. تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئیسلامی کە هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە، زۆرترین زەبری بەر بزووتنەوەی کورد کەوتووە، بە جۆرێک کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٤١٥ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەتە بەر پەلاماری تێرۆریستی کە حیزبی دێموکرات بە زیاتر لە ٣٥٠ تێرۆر کە بەشی هەرە زۆریان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا کراون، ئامانجی سەرەکیی ئەو ڕێژیمە بۆ زەبروەشاندن بووە.

ئەگەرچی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەردەوام لەگەڕدا بووە، بەڵام دوای تێرۆری مێکونووس و بڕیاری دادگای ئاڵمان کە ڕیسواییەکی گەورە بۆ ڕێژیم بوو، تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی بۆ لەنێو بردنی دژبەرەکانی خاو بۆوە، بەڵام ئەو ڕەوتە قەت نەوێستا. وەک چۆن لە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لە حەوت وڵاتی ئورووپایی (دانمارک، هۆلەند، ئەڵمان، نۆروێژ، ئوتریش، فەڕانسە و بێلژیک) سەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە چەندین هەوڵی سەرکەوتوو و ناسەرکەوتووی کردەوەی تێرۆریستیدا ناوی هاتۆتە نێو ناوان.

ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێ تێرۆر لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا بە مەبەستی زەبروەشاندن لە نەیارەکانی بۆوان کارێکی پیرۆزە و ڕێژیم لە هیچ بڕگەیەکی زەمەنی و لە هیچ بارودۆخێکدا وەلای نانێ و؛ ئەوە تەنیا گوشار و بەرەوڕووبوونەوەی شێلگیرانە و ئیرادەی تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەرەی دژەتێرۆرە کە دەتوانێ ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بوەستێنێ. بۆیەش ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان لە دەزگای دادی هەرێمی کوردستان و ناوەندە حکوومییەکانی دیکەی هەرێم هەیە بوێرانە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا مەحکووم بکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

# ڕوانینی میلیتاری و داگیرکاریی ڕێژیم بۆ کوردستان و تۆمارکرانی هەورامان وەک میراتی کولتووریی جیهان



**(پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی تۆمارکرانی دیمەنی کولتووریی هەورامان لە لیستی میراتە جیهانییەکانی یونێسکۆدا)**

ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و فەرهەنگیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونێسکۆ) بە بڕیارێک ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە ڕیزی میراتی کولتووریی جیهانیی ئەم ڕێکخراوەیە.

" دیمەنی کولتووریی هەورامان" لە هەورامانات کە لە دوو پارێزگای کرماشان و سنە هەڵکەوتووە، لەگەڵ شوێنەواری "تەختی سولەیمان" لە نیزیک تیکاب لە پارێزگای ورمێ و "بەردەنووسی بێستوون" لە کرماشان سێهەم؛ ئاسەوار و شوێنەواری مێژوویی و کولتووریی کوردستانن کە لە ڕیزی میراتی کولتووریی جیهاندا جێیان گرتووە. ئەمە لەجێدا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە کورد مێژوویەکی کۆن و کەونارای هەیە و خاوەن ژیار و شارستانییەتێکە، کە لە ئاستی جیهانیدا جێی ڕێز و شایانی بایەخپێدان و پاراستنن.

لە بڕیارنامەکەی یۆنێسکۆ بۆ تۆمارکردنی ناوچەی هەورامان وەک میراتی کولتووریی جیهانیدا هاتووە کە ناوچە دوورە دەست و شاخاوییەکانی هەورامان لانکە و گەواهیدەری کولتووریی خەڵکی هەورامانن. هەورامییەکان وەک هۆزێکی کورد لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە لەو ناوچەیە دەژین و شێوازی ژیانی خەڵکی هەورامان بەشێوەیەکە، خۆیان لەگەڵ سروشت و سەختیی ناوچەکە گونجاندووە و دیمەنەکانی ژیار و ژیانی کەونار و مێژوویی هەورامان لە هەڵکۆڵراوی سەر بەرد، ئەشکەوت، پەناگە، چیاکان، پاشماوەی شوێنە کاتی و هەمیشەییەکانی نیشتەجێبوون، شوێنکار، گۆڕستان، ڕێگا، گوند، قەڵا و زۆر شتی دیکەدا نەخشێنراوە و بەدیار دەکەون.

ناوچەی هەورامان وەک بەشێکی گرینگ لە جوغرافیای سروشتی و سیاسیی کوردستان بەدەر لەو تایبەتمەندییە دیرۆکییە کە ئەوی لە ڕیزی شوێنەوارە گرینگەکانی مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهاندا داناوە، کۆمەڵێک خەسڵەتی بەرچاوی دیکەشی هەن کە خاوەندارەتی لە ئەدەب و هونەر، مافویستی و شوناسخوازی و بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەشێکی دیکە لەوانن.

تۆمارکرانی ناوچەی هەورامان لە ڕیزی میراتە کولتوورییەکانی جیهاندا پێمان دەڵێ، کوردستان و کولتوور و مێژووی نەتەوەی کورد نەک هەر جێی شانازی بۆ ئەو نەتەوەیە، بەڵکوو بۆ جیهان و مرۆڤایەتیشن، بۆیە شایانی بایەخپیدان و پاراستن و پارێزگاری لێکردنن. ئەم بڕیارەی یۆنێسکۆ لەوبارەیەشەوە گرینگە کە پاراستنی ئەم شوێنەوارە -کە ناوچەیەکی گرینگی کوردستانە- وەک ئەرک دەخاتە ئەستۆی حکوومەتی ئێران و لێی دەوێ کە ئەم ژینگەیە بەو سروشت و سامان و تایبەتمەندییەوە بپارێزرێ. ئەم بڕیارە لەو سۆنگەیەوە بەبایەخە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕوانینێکی میلیتاری و داگیرکارییەوە سەیری جوغرافیای کوردستان دەکا و ئەم ڕوانگەیە لە پڕۆژەکانی گواستنەوەی ئاو، دەرهێنانی بەردەکانزاکانی کوردستان و گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی ناوەندی وڵات و، ئاگردانی دارستانەکانی زاگرۆس و بێخەمیی حکوومەت لە ئاست چارەنووسی ژینگە و سروشتی کوردستاندا بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تۆمارکرانی ناوچەی هەورامان لە ڕیزی شوێنەوارە کولتوورییە جیهانییەکانی یۆنێسکۆدا بە دەسکەوتێک بۆ شارستانییەکی کورد و بزووتنەوەی مافخوازیی ئەم نەتەوەیە دەزانێ و وێڕای دەستخۆشی لەو یۆنێسکۆ، ڕێز و پێزانینی خۆیشی پێشکێش بەهەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکا کە بەو کارە بەنرخەوە ماندوو بوون. هاوکات ئەم بڕیارە جارێکی دیکە گرینگیی ژینگەپارێزی و نیشتمانخۆشەویستیمان وەک بایەخێکی جیهانی و نێونەتەوەیی بۆ دەردەخا و ئەو ئەرکەش دەخاتە سەرشانی هەموان کە لەو پێناوەدا پتر تێبکۆشین و نیشتمانی کەونارا و شارستانییەتی مرۆییمان پتر پێشانی کۆمەڵگەی جیهانی بدەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٤٠٠/٥/٨**

# دادگای هەولێر و شەرەفی دادپەروەری



مەنسوور مروەتی

ڕۆژی دووشەممە، ١٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژێکی مێژوویی بوو. لەم ڕۆژەدا لقی دووی دادگای تاوانەکانی شاری هەولێر دوای دوو ساڵ و بەڕێوەچوونی پێنج کۆبوونەوەی دادگا، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ سێ تاوانباری سەرەکی و پێنج ساڵ بەندکرانی بۆ دوو تاوانباری دیکەی کەیسی تیرۆری شەهید قادر قادری، فەرماندەی دیاری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکرد.

ئەگەرچی پارێزەرانی ئەم کەیسە هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە تاوانبارانی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بەپێی ماددەی دوو لە بەندی حەوتی یاسای تێرۆر لە عێراق سزا بدرێن، چونکە خۆیان دانیان بەوەدا نابوو کە بە فەرمانی کۆماری ئیسلامی و لە بەرانبەر دوو میلیارد تمەن پارەدا ئەم تیرۆرەیان کردووە، بەڵام دادگا بەو ماددەیە دادگایی نەکردن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەکرێ بڵێین کە بڕیارەکەی دادگا بڕیارێکی مێژوویی بوو چونکە ئەم دادگایە بە درێژایی ئەم ساڵانەی کە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان لە لایەن دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندیەکانیان بە شێوازی جۆربەجۆر تیرۆر کراون، تەنیا دادگایەکە کە بە پێکهێنانی چەندین کۆبوونەوەی دادگا و لێکۆڵینەوەی بەردەوام سزای بە سەر تاوانباران و تێرۆریستانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەپاندووە. لەو ڕووەوە حوکمەکەی دادگای هەولێر جێگای ڕێز و ئافەرین پێگوتنە.

بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتیدا زیاتر لە ٥٤٠ کردەوەی تیرۆریستیی لێ ئاشکرا بووە کە لەوەندە تێرۆرە زیاتر لە ٣٨٠ی لە هەرێمی باشووری کوردستان و بە دژی تێکۆشەرانی و ڕێبەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات کراون. بەداخەوە هەم ژمارەکە زۆرە و لەوەش بەداختر ئەوەیە کە لە زۆربەیاندا تێرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران یا نەگیراون یان ئەگەریش کەسانێک گیرابێتن هیچکات تاوانباران نەدراونەتە دادگا و هیچ سزایەکیان بە سەردا نەسەپاوە. هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی لەم هەرێمە بە کەیفی خۆی لە پیلانە نگریسیەکانی بۆ تێرۆری دژبەرانی خۆی بەردەوام بێ. بەڵام دەبوا لە جێگایەک ڕێگا لەم تیرۆریستانە گیرابا و یاسا یەخەی گرتبان. ئەگەرچی پاش ئەو ڕێژە زۆرەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان زۆر درەنگ بەڵام ئەم بڕیارەی دادگای هەولێر کۆتایی بەو چاوەڕوانییە هێنا و ملی تاوانبارانی گرت و سزاشی بەسەردا سەپاندن. ئەمەش خۆی کۆمەڵێک پەیامی باشیشی تێدایە:

یەکەم ئەوەی وا چاوەڕوان دەکرێ کە چیدیکە دامودەزگا تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی نەتوانن وەکوو پێشوو دەست بۆ ئەم جۆرە جینایەتانە ببەن و، ئەگەریش خەیاڵێکی وایان لە سەردا بوو، ترسی ئەوەیان لە دڵدا بێ کە کەشف دەبن و یاسا لییان خۆش نابێ. دووهەم ئەوەی ئەو کەسانەی کە لەو هەموو ئەو ماوەیەدا بۆ بڕە پارەیەک خەریکی خیانەت بە گەلەکەی خۆیان و هاوزمانەکانی خۆیان بوون دەبێ ترسی ئەوەیان لێ بنیشی کە ئەگەر ئاشکرا بوون و کەوتنە دەستی یاسا، ئەو بڕە پارەیە بایەخی ئەو سەرشۆڕییەی نییە کە، دەستی یاسا بیانکاتە قەفەسی دادگا و شەرمەزای دنیا و قیامەتیان بکا.

لە لایەکی دیکە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕژیمی ئێران لەو تیرۆرانە جگە لە نێوبردنی تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵات، دروستکردنی دۆخێکی ناخۆش و پڕ لە دڕدۆنگی لە نێوان خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و تەنانەت ئەگەریش بۆی کرا دروست کردنی ئاڵۆزی لە نێوان خەڵکی ئەم دوو پارچەیەیە. ڕاستیەکەی ڕێژیمی ئێران تا ڕاددەیەکیش بەو مەرامەی خۆی گەیشتووە، چونکە خەڵکی ڕۆژهەڵات هەمیشە لەوە دڵپڕ و نارەحەت بوون کە بۆچی ڕۆڵەکانیان لە باشووری کوردستان بەو ڕێژە زۆرەوە تیرۆر دەکرێن و خەڵک و دەسەڵاتی باشوور دژکردەوەیەکی وایان لە بەرانبەر ئێراندا نییە. وە ئەوەش خۆی بێ متمانەییەکی بەرچاوی لە نێوان خەڵک و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت خەڵک و دەسەڵاتی باشووری کوردستان دروست کردووە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم جارە گیران و سزادانی ئەم تیرۆریستانە هەستێکی هاوسۆزی باش لە نێوان خەڵکی هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشوور دروست دەکا و متمانەی خەوشدار کراوی جاران تا ئەندازەیەکی زۆر دەگەڕێنێتەوە.

خاڵێکی دیکەی ئەم باسە ئەوەیە کە هەموو لایەک هیوادار بین بەوەی کە بڕیار و هەڵوێستی لقی دووی دادگای تاوانەکانی شاری هەولێر ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ وەگەڕخستنەوەی ئەو کەیسانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە دەستی کۆماری ئیسلامی لەم هەرێمە ڕوویان داوە.

زیاتر لە ٣٨٠ کردەوەی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دژی لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی، بارێکی قورسە بە سەر ئەم هەرێمەوە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم کەیسانە ئەوەندەی بکرێ وەگەڕ بخرێنەوە، هەر دادگایەک کە بەدواداچوون و بڕیارەکەی وەکوو بڕیارەکەی دەزگای قەزایی ئەم جارەی هەرێم و حوکمەکەی وەکوو بڕیارەکەی دادگای تاوانەکانی هەولێر بێ، شەرەفێکی گەورە بۆ خۆی مسۆگەر دەکا، هەروا کە دادگای هەولێر و بە تایبەت لقی دووی ئەو میدالیای شەرەفەی لە بەرۆکی خۆی دا.



# بۆ کاک جەلیلی گادانیی تێکۆشەر و ماندونەناس





د. شۆڕش حاجی

زۆر دڵگران دەبم کاتێک دەمەوێ بابەتێک لەسەر تێکۆشەرێکی کۆچکردوو بنوسم. هۆکارێکی خەمەکەم ئەوەیە کە دەست بە نوسینەکەم دەکەم زیاتر لەلام ڕوون دەبێتەوە کە هاوڕێیەکمان بەجێی هێشتووین و سەنگەرێکی تری کوردایەتی چۆڵ بووە. بەڵام لەوە بەئازارتر ئەوەیە، کە دەزانم هەر چۆنێک لەسەر کەسێکی وەک جەلیلی گادانی بنووسم نوسینەکەم بارتەقای خەبات و قوربانیدان و گەورەیی ئەو کەڵەپیاوە نابێت. ئاخر چۆن دەتوانم لە نوسینێکی چەند پەرەگرافیدا خەسڵەتەکانی ئازایەتی و لەخۆبوردویی و پشودرێژی و هەستی پاکی کوردایەتی و ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی ئەو پیاوە دلێرە باس بکەم!

کاک جەلیل هەموو ژیانی خۆی بۆ کورد تەرخان کرد. لەسەردەمی مێردمنداڵی و لاوێتییەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی سەنگەری بەرگریکردنی لە کورد و کوردستان چۆڵ نەکرد. لە ژیانی چەرمەسەریی زیندانەوە تا سەردەمی تێکۆشانی مەدەنی و دواتر لەکاتی خەباتی پێشمەرگایەتیدا هەمیشە خولیا و ئاواتی ئەو قارەمانە ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستان بوو.

ڕاستە کاک جەلیل تێکۆشەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام هاوڕێ و خۆشەویستی تێکۆشەرانی باشوور و باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و کوردانی تاراوگە بوو. ئەو ڕێبەرە دەسکەوت و سەرکەوتنی خەباتی کوردایەتیی لەهەر پارچەیەکی کوردستان بە هی خۆی و حیزبەکەی دەزانی و لە هاوکاریکردنیان درێغی نەدەکرد. کەسێک هەیە بتوانێ نکۆڵی لەو هاوکارییە مەزنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا لەخەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشوری کوردستان، کە جەلیلی گادانی یەکێک بو لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە دێرینە؟ من بە شەخسی شایەدی ئەوەم کە لە دوای ئەنفالەوە تا ڕاپەڕین، سەرەڕای زەبروزەنگی ڕێژیمی سەدام، پێشمەرگە و سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات نامە و بڵاوکراوە و بێسیمی ڕاکاڵ و چەک و پارەیان لە بناری قەندیلەوە دەگەیاندە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شارەکان و بۆ پارتیزانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان.

کاک جەلیل شارەزایی باشی لەسەر مێژوی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەبوو. هەروەها لەهەمو سەردەمێک و لەهەر شوێنێک بووبێ لەگەڵ تەبایی ڕیزەکانی کورد بوو؛ هەمیشە دژی ئەوە بو کە خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێ.

مەرگ کۆتایی بە جەستە و ژیانی مرۆڤ دێنێ، بەڵام ناتوانێ ناوی کەسە مەزنەکان لە بیر و هۆشی مرۆڤەکان و لاپەڕەکانی مێژو بسڕێتەوە. کێ دەتوانێ ناو و ناوبانگی جەلیلی گادانی ڕەش بکاتەوە؟ خۆم زۆر بەخیلی بەو جوامێرە دەبەم، چونکە توانی لەسەردەمی کۆماری مەهابادەوە تا دواساتەکانی ژیانی بە بێوچان لەسەنگەری کوردایەتیدا بمێنێتەوە.

**سڵاو لەگیانی پاکی کاک جەلیلی گادانی**

# ڕێزێک لە حەفتا ساڵ تێکۆشانی جەلیل گادانی



عومەر ئیلخانیزادە

گەلی کورد و خەباتەکەی زۆر کەسایەتی لێهاتووی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام بەداخەوە یان کەم ناسێندراون یان بە هۆی ستەمی لەمێژینەی نەتەوەیی و نەهامەتییەکانی وا بەسەر کورددا هاتوون، ناو و دەوریان وەک شیاوی خۆیانە باس ناکرێ و هەشە کە هەر ناوی سڕاوەتەوە. بزوتنەوەی کوردستان لە هەلومەرجی زۆر نابەرابەردا بۆ مافەکانی جەنگاوە، بۆیە تێکۆشەرانیشی تووشی زۆر سەختی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان بونەتەوە. کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو کەسانەیە کە بێسرەوتن ٧٠ ساڵی ئازگار ڕێبواری ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بووە و، سەرەڕای هەموو گرفت و ئازارەکان کۆڵی نەداوە و شل نەبۆتەوە.

تەنیا بە زار خۆشە بە سەروماڵەوە و بێ چاوەڕوانی، تەمەنێکی ئاوا لەگەڵ ئەشکەنجە، زیندان، دووریی ئازیزان و تاراوگە و دڕەندەیی داگیرکەر، بە سەربەرزی سەر بکەی. ئەو کەسانە دەتوانن لە وەها تاقیکردنەوەیەکدا دەرچن کە قاڵبووی کوورەی خەباتن. مەخابن لە نێو ئێمە دوای مەرگیان ڕێزیان لێدەگیرێ. شاعیر زۆر جوان دەڵێ:

***”چو بر خاکم بخواهی بوسه دادن***
***رخم را بوسه ده اکنون همانیم“***

ئاشنایەتی و ناسیاویی من لەگەڵ کاک جەلیل گادانی لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە دەستی پێکرد. یەکەمجار ناوی ئەوم لە دوکتور جەعفەر کە خزمی بوو، بیست. دواتر کە وردە وردە بۆخۆم لەگەڵی ئاشنا بووم زۆرترم ناسی. ساڵ هات و ڕۆیی و بزاوتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات زۆر شتی تێدا ڕووی دا. کاک جەلیل و منیش لە دوو ڕەوتی جیاوازی نێو ئەو شۆڕشەدا دەورمان هەبوو و بە زۆر هۆکار شانمان وەشانی یەکدی دەکەوت.

بەڵێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی نێو کۆمەڵە و دێمۆکراتدا، لە وتووێژی کاتی گرژییەکان و لە دیالۆگ بۆ ئاشتیدا پێکەوە دواوین. لە زۆر دانیشتنی پێکەوەیی و دۆستانەدا بە بەشداریی خەڵکی دیکە کەوتووینەتە یەک، زۆر جار لە باس و لێکدانەوەی سیاسیدا سەرگەرمی دەمەتەقە و ڕاوێژ بووین، جاری وابووە هاودەنگ بووین و، هەشبووە کە زۆر جیاواز بیرمان کردۆتەوە. بە هەموو ئەو هەوراز و نشێوی نێو شۆڕش و پێوەندیی حیزبەکانی ئێمە و دۆستایەتیی شەخسی خۆشمان، دەتوانم کاک جەلیل گادانی لە ڕوانگەی خۆمەوە ئاوا پێناسە بکەم:

**پابەند بوون بە لۆژیک:**

هەرکات چ لە وتوویژی دەورەی گرژیی نێوانمان، چ لە باسی ئاشتی و چ لە دیالۆگی مەجلیسی، ئینسان زۆر بە ڕۆشنی لێی تێدەگەیشت. گەر لە ڕوانیندا لێک دوریش بوایەین هەمیشە هەستم بەوە کردوە کە سەرەڕای هەڵچوونی جاربەجاری، بەڵام لۆژیک و مەنتیق لای کاک جەلیل جێگای هەبوو، زۆریش لەمبارەیەوە ڕاستگۆ و سەمیمی بوو. بۆیە لە ناخۆشترین دەورەکان و توندترین باسی نێوانمان، قەت هەستی ناخۆش بەرانبەری تێمدا پەیدا نەبووە. پێموایە ئەوە بۆ ڕابەرێکی سیاسی و کەسایەتییەکی کاریگەر و لە وەها پێگەیەکدا، خیسڵەتێکی زۆر باشە کە متمانە پێکدێنێ. بەڵێ کاک جەلیل متمانەی کەسی بەرانبەری وەدەست دێنا. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە بۆ ئاگربڕی نێوان کۆمەڵە و دێمۆکرات کاری کرد و، هەوڵی باشی خستە گەڕ و، بۆ باشکردنی پێوەندییەکانی نێوانمان دەوری هەبوو.



**هەڵسوڕ و ماندوو نەناس:**

هەم من بۆخۆم لێم دیوە، هەم بیستوومە لە هاوڕێیانی حیزبی دێمۆکرات کە لە نیزیکەوە کاریان لەگەڵ کردوە و، هەم ژیانی سیاسیی کاک جەلیل، دەری دەخا کە چالاکوانێکی نەسرەوتوو و پەیگیر بووە. لە دانیشتن و دیالۆگیشدا ماندوو نەدەبوو، تاقەتی هەبوو بدوێ هەتا چارەسەر دەدۆزرێتەوە. ئەو هەموو وزە و ئێنێرژییە لە عیشقی بە کار و وەزیفەی سەرچاوەی دەگرت. لە بیرمە لەو ساڵانەی دواییدا چەندین جار هاتە لای هەموو حیزبەکان و بە تایبەتی کاری هاوبەشی کۆمەڵە و دێمۆکراتی بەلاوە گرینگ بوو، تا بەشکەم شتێک وەڕێ بخرێ. لەو هاتن و چونانە بە ڕۆشنی دەبیندرا وەک دڵسۆزێکی بزووتنەوەکە، نەک وەک حیزبییەک دەدوا و ڕاوێژی لەگەڵ هەموومان دەکرد و هاندەر بوو بۆ هەنگاو هەڵگرتن. پێموایە هەوڵەکانیشی بێئاکام نەبوون. دەمارگرژیی سێکتی و حیزبی زاڵ نەبوو بەسەر ڕوانینیدا، بەرژەوەندیی گشتیی بزوتنەوەکە لای گرینگ بوو. ئەو هەوڵ و دڵسۆزی و هەڵسووڕانانەش ئاماژەن بۆ بڕوا بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد. جەلیل گادانی بۆیە دەیتوانی لە دەوروبەری خۆی تۆوی خەبات و کۆڵنەدان بڵاو کاتەوە و جوڵەی زۆرتر بەرێتە نێو جیلی نوێ.

**بێ فێڵ و ڕاستگۆ بوو**

هەر کەس لەگەڵی کاری کردبێ و دیتبێتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕەنگە لەگەڵی هاوڕا نەبووبێ و جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێ، بەڵام نیگەران نەبووە کە ناڕاستی و شیلە و پیلەی لە کاردا بێ. قسە و قەولی ڕاستت لێ دەبیست. لەگەڵ کەس و لایەنی جیاواز دەحاواوە و هەڵی دەکرد. بۆیەشە توانیبووی پێوەندیی زۆر لەگەڵ کەس و لایەنی جیاواز پێکبێنێ و ڕێگای پێکەوە کار کردن بهێڵێتەوە.

**سادە و ساکار، خۆبەخش و لێبوردوو**

کاک جەلیل لە هەموو هەڵسوکەوتیدا سادە، سەمیمی، زوو ئاشنا و لە ژیانی خەباتکارانەی هەرچی بووی و نەیبوو لەسەر لەپی دەستی دانابوو. لە هەوەڵین دیداردا هەستت دەکرد بڕێک مۆن دەردەکەوت، بەڵام هەر زۆر زوو لەگەڵی خۆیی دەبوویەوە و خۆشت دەویست. ورە و باوەڕی بە خەبات و ڕزگاریی نەتەوەکەی وای لێکردبوو کە سەروماڵی تێوەچێ و سڵ نەکاتەوە لە لەمپەری سەر ڕێگا و کەند و کۆسپی ژیان، هەمیشە گەشبین و هیوابەخش بوو، ئەو خیسڵەتەش ڕێز و ئیحتیرامی بۆ دابین دەکرد. ئینسانێکی بەهەست بوو کە تۆ زوو دەتتوانی کاردانەوەی بە خۆشی و ناخۆشی، لە ڕواڵەتیدا ببینی. حەیفێ لە نێو نەریتی حیزبی ئێمەدا ڕێزگرتن لە یەک زوو و، دوای بچووکترین ناتەبایی، جێی پێ لێژ دەبێ. با ئەو یادە بکەینە دەرفەتێک بۆ ڕێز دانانی پڕاوپڕ لە هەموو تێکۆشەرانی خەبات بۆ ڕزگاری. کاک جەلیل لە ناومان نەما، بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی دیارە و ناسڕێتەوە، زەحمەت و کاری جێی ڕێز و پێزانینە. با لە باشییەکانی فێر بین و پەرەیان پێنەدەین و بیکەینە وانە بۆ جەلیلەکانی داهاتوو. با یادی بکەینە دەرفەتێک بۆ لێکتێگەیشتن و دیالۆگ لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی بزاوتی دادپەروەرانە و خەباتی مێژوویی گەلی کورد.

**یادی بەڕێز و بەرز ڕادەگرین تا هەمووان بزانن ئەو کاروانە وەفادارە بە هاوکاروانیانی.**

***

# جەلیل گادانی تێکۆشەرێک لە ڕۆژگاری سەختدا

کارێکی ئاسان نییە بە نووسینی بابەتێک بتوانم لەسەر کەسایەتییەکی گەورە، لەسەر تێکۆشەری مەزن جەلیل گادانی شت بڵێم، بەتایبەتی ئەم کەسایەتییە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕووداوەکانی زیاتر لە نیو سەدە لە کاروانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە گشتی، و ئەم بزووتنەوەیەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی تایبەت.

کارێکی ئاساییە کە هەر تێکۆشەرێک ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و بێ ڕەزامەندیی خۆی لە قرچەی هەتاوی بەتینی تێکۆشانەوە بەرەو سێبەر دەگوێزرێتەوە، شوێنەکەی چۆڵ نابێ. ڕاستە هەر تێکۆشەرێک خەسڵەت و تایبەتمەندی و شارەزایی و ئەزموونی تایبەتیی خۆی هەیە و، گومانی تێدا نییە ئەو تێکۆشەرە بۆن و بەرامەی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی بۆتە نەریتی شۆڕشگێڕانە لە ئەزمونی ڕەسەنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی گەلی کوردستان ئەوەیە کە ئەو تێکۆشەرە ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و شوێنی خۆی بۆ تێکۆشەرێکی دیکە جێ دەهێڵێ و وەجاغی تێکۆشەرانی گەلەکەمان کوێر نەبووە و نابێ.

لە کۆچی دوایی جەلیل گادانیی مەزن بەشێکی زۆری حیزب و لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بروسکەی ماتەمینییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد و، ناوەند و دەزگا میدیاییەکان ئاماژەیان بە بیوگرافی و پانۆرامای ژیانی جەلیل گادانی کرد و تیایدا ساڵی لە دایک بوون و وێستگەکانی کاری حیزبی و سیاسی ئەم تێکۆشەرەیان خستە ڕوو. لە بابەتەدا دەمەوێ بە جۆرێکی دیکە ڕابردووی ژیانی سیاسیی ئەم تێکۆشەرە بخوێنمەوە و، بۆیە ئاماژە بەم خاڵانە دەکەم:

-- جەلیل گادانی تێکۆشەرێکی بەرچاوڕوون بوو لە دەستنیشانکردنی شوناسی دوژمنانی گەلی کوردستان و هیچ کاتێک لەگەڵ مانۆڕەکانی ئەو دوژمنانە خۆڕسکانە مامەڵەی نەکردووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قاڵبوونی لە مەیدانی تێکۆشان. مانەوەی گادانی بۆ ١٣ ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕژێمی شای ئێران و موقاوەمەتکردنی لە بەرامبەر ئەشکەنجەی ساواک و بەندیخانەکانی ئێران بناغەی ئەو بەرچاوڕوونییە بووە کە لە تێکرای هەڵوێستەکانی سەبارەت بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قاڵتر بۆوە.



د. کاوە مەحموود

-- جگە لە کاری شۆڕشگێڕانەی ڕۆژانە جەلیل گادانی هەوڵی داوە ئەزمونی شۆڕشگێڕانە و مێژووی پڕ شکۆی تێکۆشان بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان بگوێزێتەوە. لەم بوارەدا هەر وەک لە کتێبی پەنجا ساڵ خەباتدا نوسیویەتی ”زۆر ڕوونە کە بەر لەوەی کورد بۆ خۆی دەست بە کاری نووسینی مێژووی خۆی بکا، زۆرتر خەڵکی دیکە هەوڵیان بۆ نووسینی مێژووەکەی داوە، بەڵام ئێستا کە بەخۆشییەوە هەلومەرج ڕەخساوە، گەلێک مێژوونووس و توێژەوەری خۆماڵی پەیدا بوون بە دڵگەرمی خەریکن لەسەر وەزعی ژیان و ڕابردووی نەتەوە بێبەشەکەمان بەڵگە کۆ دەکەنەوە و دەنووسن“.

لە (پەنجا ساڵ خەبات)دا جەلیل گادانی

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

# دادگایی کردنی جینایەتکارێکی بەشدار لە ئێعدامەکانی ٦٧ لە سوئێد



**ئا: حەمەڕەسووڵ کەریمی**

دادوەری گشتیی ستۆکهۆلم لە سوئید بڕیاری دادگایی کردنی حەمید نووری لە تاوانبارانی کوشتنی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دەرکرد و ئاماژەی بەوە داوە کە ناوبراو بە دوو تاوان لێپێچینەوەی لێ دەکرێ ، یەکەم پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و جینایەتی ڕوون و ئاشکرا، دووهەم قەتل و کوشتن.

دادوەری گشتیی ستۆکهۆلم ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژ ڕایگەیاند: بە بڕیاری ڕوحوڵلا خومەینی، ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاوی دەست بە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی کرا و ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە زیندانیانی سیاسی لە سەرەتاکانی مانگی گەلاوێژ تا نیوەی مانگی خەرمانانی هەمان ساڵدا لە بەندیخانەی گەوهەردەشتی کەرەج ئێعدام کراون.

وەک دادوەری ستۆکهۆلم باسی دەکا ، حەمید نووری ئەو کات نەفەری باڵای بەندیخانەی گەوهەردەشت بووە و لەگەڵ چەند کەس لە هاوکارەکانی دیکەی نێو ئەو بەندیخانەیە دەستیان بە ئێعدامی ئەو بەندییانە کرد کە هەروا وەفادار بە کاری سیاسی خۆیان و یەک لەوان موجاهیدینی خەڵق مابوونەوە. هاوکات حەمید نووری تاوانبارە بەوە کە زیندانیانی بەندیخانەی گەوهەردەشتی زۆر نامرۆڤانە ئازار و ئەشکەنجە داوە.

بەپێی لێکۆلینەوە، دادوەرەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە کاتی شەڕی چەکداری هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان موجاهیدین دژی کۆماری ئیسلامی لەو کات و سەردەمەدا کۆمەڵێک کەس لە دەرەوەی بازنەی شەڕدا گیراون و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و پاشەکشەکردن بە خەڵک و داواکارییەکانیان حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بۆ ئەو کوشت و بڕ و ئێعدامانە بردووە و ئەوەش بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و جینایەتی ڕوون و ئاشکرا دەژمێردرێ.

کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی بڕیاری قەتڵ و کوشتن و ئێعدامی دژبەرانی سیاسی کە لە زیندانی گەوهەردەشتی کەرەجدا بوون دەیهەویست هەموو ئەو بەندییانەی کە سەر بە ڕێکخراوە سیاسی و چەپ و دێموکرات بوون بەچۆکدا بێنێ و هەربۆیەش لە ماوەی چەند حەوتوودا بەشێکی بەرچاو و زۆر لە بەندیخانەی گەوهەردەشت گوللەباران و ئێعدام کراون.

کریستینا لیندۆف کارلسۆن، دادوەری ستۆکهۆڵم لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: وڵاتی سوئێد سەڵاحییەت و دەسەڵاتی جیهانی و نێونەتەوەیی هەیە بۆ لێکۆلینەوە لە پێشێلکارییەکانی نێونەتەوەیی، ئەو وڵاتە ئێستا هەم مەجالی لێپرسینەوە و هەمیش بەڵێنی تایبەتی بۆ بەدواداچوونە یاساییەکانی وەک تاوانکاری و قەتڵ هەیە.

پێشتر بڕیار بوو کە دادگایی حەمید نووری لە ١٨ جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاویدا بەڕێوە بچێ، بەڵام بە هۆی داواکاری وەکیلی ناوبرا و ڕەزامەندی دادوەر و دادگا ڕێکەوتەکە بۆ دوو مانگ دواتر وەدوا خراوە و ڕەوتی دادگایی حەمید نووری ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژ دەست پێ دەکا.

دەگوترێ ڕەوتی دادگای حەمید نووری یەکێک لە درێژترین داگاییەکانی مێژووی وڵاتە سوئێد دەبێ کە لە سەریەک لە ٨٩ جەلەسەدا بەڕێوە دەچێ.

لە ڕەوتی دادگایی حەمید نووری لە سوئێددا چوار دادوەر بەشداری دەکەن و لەودا تاوانەکانی ناوبراو بە بەشداریی کۆمەڵێک شاکی و شاهید و سێ پارێزەر باس دەکرێن.

ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی کە بە بڕیار و فەرمانی ئیمام خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی و بە ناردنی هەیئەتی بە ناو پێڕاگەیشتن بەڕێوە چوو، شایانی باسە کە دواتر ئەم هەیئەتە ناوبانگی بە «هەیئەتی مەرگ» دەرکرد.

ئەندامە ناسراوەکانی هەیئەتی مەرگ لە ڕەوتی کوشتار و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا، مستەفا پوورمحەممەدی، ئیبراهیم ڕەئیسی، حوسێنعەلی نیری، مورتەزا ئەشراقی و هەروەها ژمارەیەک دادەور و ڕەئیسی بەندیخانەکانی ئێران بوون. جێگای ئاماژەیە کە ئیبراهیم ڕەئیسی چەند ڕۆژێکیتر بە ناوی سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست بە کاری خۆی دەکا.

جەنازەی زۆربەی ئێعدام کراوەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران وەک تاران، ئەهواز و ڕەشت بەخاک سپێردراون. بنەماڵە زیندانیانی سیاسی ئێعدامکراوی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی هەنووکەش دوای سێ دەیە بە سەر ئەو جینایەتەدا نازانن کە گۆڕی ئازیزانی ئێعدامکراویان لەکوێن و چۆن دەتوانن بیاندۆزنەوە.

بەشێک لە لێکۆلەر و توێژەرانی مافی مرۆڤی گشتی لە هەڵوێستێکی بێوێنە، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویدا ئێرانیان ئاگادار کردەوە کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا و هەروەها درێژەدان بە ئێعدام و پێشێلکاری لەو وڵاتەدا و بە تایبەت ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دەتوانێ ببێتە دۆسیە و پەروەندەیەک، کە لە داهاتوودا وەک جینایەت دژی بەشەرییەت چاوی لێ بکرێ و ئەگەر هەروا درێژە بکێشێ داوای لێکۆلینەوەی نێونەتەوەیی لە سەر پێشێلکارییەکان دەکەین.

درێژەی لاپەڕەی ٢

## میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لەبەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرجدا

گرینگتر، پاش تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە هێشتا گۆڕانێکی نەوعی لە ڕوانگە و بیرکردنەوەی ئێرانییەکاندا کە بەڵێندەری ئاسۆیەکی متمانەپێکراو بۆ کورد بێ، بەدی ناکرێ. بە لایەکەی دیکەدا بەڵام دژبەرانی هاوپێوەندی و هاوکاری لەگەڵ هێزە ئێرانییەکانیش نەیانتوانیوە قەناعەتێکی گشتی بۆ دابڕاندن و جیاکردنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران دروست بکەن؛ هەم بەشێوەی زانستی پاساوی بدەن، هەم بەکردەوە جێی بخەن.

٥/ شێواز یان بەقەولی ئەدەبیاتی سەردەمی دوکتور قاسملوو تاکتیکەکانی خەبات لە سەردەمی ئێستادا گۆڕان و نوێبوونەوەی زۆری بەخۆوە دیوە. لە دەورانی هەرە درەوشاوەی کاری سیاسی و جەباتگێڕیی دوکتور قاسملوودا، حیزبی دێموکڕات مەیدانارییەکی چەکدارانەی دەکرد کە لەدوای مەرگی دوکتور قاسملووەوە (نەک بەهۆی مەرگی، بەڵکوو بەهۆی گۆڕانی هەلومەرج) دەرەتانی زۆر سنووردار بۆتەوە و هەلومەرجی دەهەکانی پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زۆرتر هەلومەرجی مێتۆدە غەیرە چەکدارییەکان بووە. بەڵام حیزبی دێموکڕات و ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران نەیانتوانیوە ئەو مێتۆدە نوێیانە (خەباتی جەماوەری، میدیا، دیپلۆماسی، ... هتد) بە جۆرێک ڕێک بخەن کە بارتەقای مێتۆدی چەکداریی سەردەمی دوکتور قاسملوو کاردانەوە و دەنگدانەوەی هەبێ. لەڕاستیدا مێدیۆم و ڕێکارەکانی کاری جڤاکی و لۆبیگەری لە دنیای ئەمڕۆدا شۆڕشێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ڕوون نییە داخوا بژاردەکانی ئەمڕۆ هەمان ئەو خەللاقیەتەیان کە دوکتور قاسملوو بۆ بەکاربردنی ئامرازە بەردەستەکانی سەردەمی ژیانی خۆی هەیبوو، بۆ دەکارخستنی مێدیۆم و ڕێکارە ئەمڕۆییەکان لە خۆیان نیشان داوە یان نا. پارادۆکسێکی زەق کە لێرەدا پێویستە قامکی لەسەر دابنرێ ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوە کە دوکتور قاسملووش جەختی لەسەر فرەییکردنی مەیدانەکانی خەبات و چاولێکردنی ئەو مەیدانانەی خەبات وەک تەواوکەری یەکتر دەکرد (بڕوانە ڕاپۆرتەکانی کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێی حیزب)، بەڵام سەرهەڵدان و تاڕادەیەک گەشەکردنی بەستێنی مەدەنیی خەبات (کە ئەوەندەی بەرهەمی هەوڵی خەڵک لەنێوخۆیە، هی زەرفیەتە هەرگیز نەبووەکانی ژێر سایەی ڕێژیم نەبووە) لەبری ئەوە کە ببێتە هۆی پێکەوە گرێدراویی زیاتری خەباتی خەڵک و حیزبەکان و سیناریۆ خوڵقێنیی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات، زۆر جار بووەتە مایەی دڕدۆنگی و مەودا هەم لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، هەم لەنێوان ئەو لایەنانە و بژاردە مەدەنییەکان.

٦/ ئەخلاقمەداری لە سیاسەت و کوردایەتی‌دا یەکێک لە لایەنە هەرە درەوشاوەکانی میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوویە. بەبێ ئەوەی لە بایەخ و هەقانیەتی ئەو ئەخلاقمەدارییە کەم بکەینەوە، دەبێ بزانین ئەو پرەنسیپانە لە کۆنتێکستی خۆیاندا مومکین بوون و بەجۆرێک گەورەیی سەردەمی فەرحانی بوون. بە واتایەکی دیکە، لەگەڵ ئەوە کە حیزبی دێموکڕات لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا خەباتێکی زۆر سەخت و خوێناویی بەڕێوەدەبرد، هاوکێشەکانی ناوچە و هەلومەرجی خەبات (بەتایبەتی شەڕی ئێران و عێراق و پاشماوەی دەسکەوتە سیاسی و مەیدانییەکانی پاش ئینقلاب بۆ حیزبی دێموکڕات) بە چەشنێک بوون کە ئەو حیزبە دەیتوانی بەبێ زیان گەیاندن بە پەراوێزی مانۆڕلێدانی خۆی ئەو پرەنسیپانە بەکردەوە جێبەجێ بکا و خودی ئەو جێبەجێکردنەش بۆ دروستکردنی ئیعتباری سیاسیی زیاتر بەتایبەتی لە ئورووپادا بەکار بباتەوە. لەحاڵێکدا ئەمڕۆ دەبینین کە جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپانە (کە بەشی زۆری پێوەندییان بە مێتۆدەکانی مەیدانداری و جۆری پێوەندییەکانی حیزبەوە هەیە) هۆکارێکی بەرتەسک بوونەوەی زیاتری مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکڕات و لەپەراوێزکەوتنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتن. شتێک کە نووسەری ئەم وتارە لانیکەم لێرەدا ناتوانێ بەدیلێکی بۆ پێشنیار بکا، بەڵام بەهەرحاڵ شیاوی تێڕامان و مشوورلێخواردنی جیددییە.

هەر لە درێژەی ئەو خاڵەدا، جێی خۆیەتی ئاماژە بە دەرسێکی گرینگی دوکتور قاسملوو بکەین کە دەڵێ بزوتنەوەیەکی سیاسی وەختێک لاواز دەبێ کە دەرفەتی دەسپێشخەری (ابتکار عمل) لەدەست بدا و هەر بکەوێتە حاڵەتی دیفاعییەوە (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی). دوکتور قاسملوو ئەوەی لەبارەی کۆماری کوردستانەوە گوتووە، بەڵام بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی خەباتی حیزبی قاسملوو شیاوی تێفکرین و ئاکام لێ وەرگرتنە.

٧/ سەردەمی حیزبایەتیی دوکتور قاسملووش -وەک هی پێش خۆی و دوای خۆی- پڕ بووە لە ناکۆکیی نێوخۆیی و لێکدابڕان کە هێندێکیان پاساوهەڵگر و قابلی دەرک بوون و زۆربەشیان لەزیادی بوون. یەکێک لەو خیسڵەتانەی دوکتور قاسملوو -بەلەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی کاری سیاسی و خەبات لەو سەردەمەدا- زۆری باوەڕ پێ بوو و بۆی گرینگ بوو، یەکیەتیی سیاسی و فیکری لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا بوو. کەمترین شت کە دەبێ ئازایەتیی ئەوەمان هەبێ ئەمڕۆ بیڵێین – جا بەرپرسیارەکەی هەر کەس یان هەر کۆنتێکستێک بووبێ- ئەوەیە کە یەکیەتیی سیاسی و فیکری ئەگەرچی بۆ ئێستا و ئایندەی حیزبی دێموکڕاتیش خیسڵەتێکی پێویست و پڕبایەخە، بەڵام بەهۆی تێچووە تەشکیلاتییەکانی لە مێژووی ئەو حیزبەدا زۆر گران لەسەر ئەو حیزبە و بزوتنەوەی کورد لە ئێران کەوتووە. یەکیەتیی فیکری و سیاسی و بەگشتی هەر چەمک و ئاقارێکی لەو بابەتە تا ئەو وەختە شایانی کاربۆکردن و جێخستنن کە هەڕەشە لەسەر ئەسڵێک دروست نەکەن کە لە هەرچی چەمک و ئاقاری دنیا زەروورتر و بەنرخترە. ئەویش بریتییە لە یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزب و گەل.

ئەگەر هەر ئەو تێبینیە بەرز بکەینەوە سەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی کورد بەتایبەتی لە ئێران، بەپێچەوانەی چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ئەمڕۆ سەردەمی تەبایی و یەکگرتوویی ئەو هێزانەیە و گرژیی نێوانیان زۆرتر ئیستسنایە. لەو شوێنەدا کە هێزە سیاسییەکانی کورد لەمڕۆدا شیاوی لۆمەکردنن، ئەو زێهنیەت یا لانیکەم گوتارە لە یەکگرتوویی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات هێشتا وەک پێویست تەرجومە نەکراوەتەوە سەر هەنگاوی شێلگیر و مێکانیزمی کرداری.

# ئەمریکا چۆن لەگەڵ سەرکۆماری نوێی ئێران هەڵسوکەوت بکا؟

**نایشنال ریڤیو – ڤیکتۆریا کۆتس**


و: کەماڵ حەسەن‌پوور

بە پێڕەوکردنی سیاسەتی "بێدەنگیی ستراتێژیک"-ی سەردەمی ئۆباما لە دوای هەڵبژێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆماری ئێران لە لایەن سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە بێدەنگیدا چاوەڕێی دەستبەکار بوونیەتی، ڕەنگبێ بەو هیوایە کە قەناعەتی پێ بێنێ تا دوای سوێندخواردنی فەرمی لە مانگی ئاگوست، بگەڕێتەوە ڕێککەوتنی بەرجام. بەڵام، نارەزایەتییە پەرەئەستێنەکان لە سەرانسەری ئێران ئەوە دەگەیەنن کە گەڕانەوەی "بێدەنگیی ستراتێژیک" لەو کاتە هەستیارەی ئەم هاوینەدا دەتوانێ ببێتە هۆی لەکیس چوونی دەرفەتێک، وەک چۆن دوازدە ساڵ لەوە پێش بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەئانقەست مەزنترین هەڕەشە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە دوای سەرەتاکەی لە ١٩٧٩، پاشگوێ خست. ڕەنگبێ سیاسەتێکی بەرهەمدارتر بۆ تێوەگلانی چالاکانە لەگەڵ خەڵکی ئێران ئەوە بێ کە چاوێک بە سیاسەتی سەرکەوتووی سەردەمی شەڕی سارددا بخشێنێ، کە دەکرێ بە وشەی "هاوپشتی" کورت بکرێتەوە.




لە مانگی جوونی ٢٠٠٩، کاتێک دەیان هەزار ئێرانیی بوێر ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتییان دژی دووبارە هەڵبژێرانەوەی مەحمود ئەحمەدی‌نەژاد دەربڕی، جان کێری، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندیی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا هۆشداریی دا بە "کۆنەپارێزە نوێیەکان" کە "لە پێش ئاخاوتن لە بارەی ڕووداوکانی ئێران، بیر بکەنەوە". کێری لە درێژەی وتارەکەیدا نووسی، لە کاتێکدا کە خۆپێشاندەرەکان بوونە هۆی "ئیلهامی" ناوبراو و "هاوهەستی"-ی لەگەڵ خولیاکانیان هەیە، پشتیوانیی بەهێز لەوان دەبێتە هۆی بەهێزتر کردنی توندئاژۆکان. لەلایەکی دیکەوە، سەرکۆمار ئۆباما، بە بێدەنگیی خۆی و "پێشنیاری وتووێژ و ئاشتبوونەوە بە تاران"، "توندئاژۆکانی ناچار بە بەرگریی" کردبوو. ئاکامی ئەو بێدەنگییە ڕێککەوتنی بەرجام یان مامەڵەی ئەتۆمیی ئێران لە ٢٠١٥ی لێ کەوتەوە.

دوای هەڵبژاردنە گەندەڵ و نادێموکراتیکەکەی ڕەئیسی وەک سەرکۆمار، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، هەڵسوکەتی بێدەنگیی هەڵبژاردۆتەوە، تەنانەت خۆ لە لێدوانێکی بێ لایەنانەش لەمەڕ ئەو شانۆ گاڵتەجاڕانەی دێمۆکراسی لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەبوێرێ جا چ بگا بە خودی سەرکۆمار بایدن. ئەو پاشگوێ خستنە ئاشکرایە هێندە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشان کە وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوە خۆی ناچار دیت جوابی لێکدانەوەکان لە چاوپێکەوتنی ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان بداتەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی نەریتی کاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەمەڕ لێداون لە بارەی هەڵبژاردنان، مەزن و بچووک، لە سەرانسەری دنیا ڕەچاوی دەکەن، شتێکی گاڵتەجاڕانە بوو. بڕیاری سەرکۆنە نەکردنی هەڵبژاردنەکان بەئاشکرا دیارە نرخی وتوێژەکانی ڤییەنە کە ئێستا لە ئارا دان و پێویست بە گوتن ناکا.

بەڵام بە دوو هۆ بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەوانەیە بیهەوێ پێداچوونەوە بە بڕیارەکەی بۆ سەرکۆنە نەکردنی "هەڵبژاردنەکانی" ئێران بکا. یەکەم، ڕەئیسی بە تایبەتی تێکەڵاوێکی مەترسیدارە لە جەردە و مەلا. دووهەم، خەڵکی ئێران ڕەنگبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە هاندانە پتەوە بن کە بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما لە ٢٠٠٩ خۆی لێ بوارد.

شتێک کە هەڵبژاردنەکە ئاشکرای کرد ئەوەیە کە ڕێبەری گەورە چیدیکە پشتگیری لە بووکەڵەی "ڕێفۆرمخواز" وەک سەرکۆماری پێشوو حەسەن ڕووحانی و وەزیرەی دەرەوە جەواد زەریف لەنێو ڕێژیمەکەیدا ناکا. ڕابردووی ڕەئیسی ئەوە دەردەخا کە ئەو کەسێکی گرینگە و دەوری کەسیی بۆ درێژەپێدانی کۆنترۆڵی بنەماڵەی خامنەیی بەسەر ئێرانەوە دەگێڕێ.

سەرکۆماری نوێ، دیکتاتۆرییەتی خۆی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩ نیشان دا و زوو بوو بە کەسێکی ناسیاو لەنێو سیستەمی دادوەریی ئێران، پلەیەک کە ئەو بۆ سەرکوتی نەیاران بەکاری هێنا، لە ناویاندا لە کارەساتی سەرانسەریی ١٩٨٨ دژی بەندییە سیاسییەکان، و ئەوە بەشێک لەو پەروەندەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەگوێرەی بڕیاری سەرکۆماریی ١٣٨٧٦، بۆ سەپاندنی ئابلۆقە بەسەریدا وەک کەسێکی نزیک لە ڕێبەری گەورە کەڵکی لێ وەرگرت. ڕەئیسی هەروەها سێ ساڵ وەک بەرپرسی "آستان قدس رضوی"، ڕێکخراوێک کە بە ڕواڵەت ناوەندێکی خێرخوازیی ئایینییە بەڵام بەکردەوە بەشێکە لە ڕایەڵەی لێڵی حەپەلووش‌کردنی دارایی کە سامانی بنەماڵەیی خامنەیی پێکدێنێ.

بۆیە ڕەئیسی لە پرسی پێکهاتەی پشتیوانیی خامنەیی هەموو نهێنییەکان دەزانێ و هەروەها لەگەڵ شێوەی سەرکوتی ئاپۆڕای پەرەئەستێنی بەرهەڵستکاران شارەزایە، بۆیە ئەو کاندیدای دڵخوازە بۆ پێڕاگەیشتن بە نارەزایەتییەکانی کاتی دەست‌لەکارکێشانەوە یان مردنی خامنەیی. ئەوە بەو مانایە نییە کە بزانین کاتی دروستی ئەو ڕووداوە کەنگێیە، بەڵام شتێکی عەقڵانییە کە بڵێین ئەوە لە ماوەی چوارساڵی یەکەم یان دووهەمی سەرکۆماریی ڕەئیسی‌دا ڕوو دەدا. لە کاتێکدا کە ئامانجی کۆتایی سەرۆکی گەورە ئەوەیە کە کوڕە گەورەکەی، موجتەبا (ئەویش بە گوێرەی بڕیاری سەرکۆماریی ١٣٨٧٦ لە لیستەی ئابلۆقە دایە) جێگای بگرێتەوە، ڕەئیسی دەتوانێ مشورخۆرێکی ناوازە بێ بۆ دڵنیا بوون لەو جێگۆڕکێیە و پاراستنی سامانی بنەماڵەیی.

لە کاتێکدا کە ڕەوتی ڕووداوەکان بێ‌گومان بە قازانجی خامنەیی دەچنە پێش، وێناچی لە لایەن خەڵکی ئێران، کە نیگەرانیی سەرەکیی ئەوان گەندەڵیی ڕێژیمە، قبووڵ بکرێ. ئەوان زۆر باش دەزانن لە کاتێکدا کە ئەوان بە هۆی ئابلۆقەی نێونەتەوەییەوە ئازار و برسییەتیان چێشتووە، مەلا پلە باڵاکان و ژەنراڵەکان سامانە زەبەلاحەکانیان بە فرۆشتنی نایاسایی نەوت زیاتر کردووە، لە کاتێکدا کە ئەوان بچووکترین دەرفەتیان بۆ ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک نەهێشتۆتەوە. هاوکات کە لایەنگرانی ڕێژیم بەشداریی گەلێک کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ١٨ی جوون بە "بێ هەستی" ناو دەبەن، بەڵام وێناچێ هۆیەکەی بێ‌هەستی بێ، چونکە دووهەم ڕێژەی دەنگ، دوای ڕەئیسی، دەنگی سپی یان دەنگی بەئانقەست پووچەڵ بووە. لە کاتێکدا کە ئێمە ڕێژە دروستەکەی نازانین، ئەو هەڵمەتی بایکۆت‌کردنە و ڕەتکردنەوەی سەرجەم کاندیداکان ڕەنگبێ تا ٧٥٪ دەنگەکانی لەگەڵ بووبێ. هەرچۆنێک بێ وێدەچێ خەڵکی ئێران هێندەش بێ‌هەست نەبن.

جگە لەوە، نارەزایەتییەکان لەو حەوتووانەی دواییدا لە سەرانسەری ئێران بەڕیوە چوون، بەڵام، بەپێچەوانەی نارەزایەتییەکانی ٢٠٠٩، ئەو نارەزایەتییانە بە هۆی پرسی کۆمەڵایەتی، وەک نارەزایەتی لەنێو سەندیکای کرێکاران بە هۆی کەم بوونی مووچە و مەترسیدار بوونی مەرجەکانی کار، بە تایبەتی لەنێو کەرتی پیشەسازیی نەوت، بووە. ئەو خۆپیشاندانانە ئالنگارییەکی مەزنن بۆ ڕێژیم، لە کاتێکدا کە کوشتاری بێ‌بەزەییانەی ئەو کرێکارانە دەتوانێ ببێتە هۆی مانگرتنی زیاتر و تەگەرە خستنە سەر بەرهەمهێنان لەو کەرتە هەستیارەدا کە ئابووری لاوازی ئێران بەرگەیان ناگرێ. جگە لەوە، نارەزایەتییەکانی پارێزگای خوزستان بە هۆی نەبوونی ئاو، وەک هاواری جەماوەریی دژی گەندەڵیی سیستەماتیک و ناکارامەیی تاران کە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن سامانی کردۆتە بیابانێکی وشک، لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بۆتەوە.

کاتێک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕاستەخۆ پرسیار لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کرا، وڵام دراوە کە ئەم وەزارەتە دۆخەکەی لەژێر "چاودێری" دایە، بەڵام زیاتر لە سێ حەوتووی خایاند تا لێدوانێکی فەرمی بدا، ئەویش تەنیا لە لایەن وتەبێژی ڕۆژنامەوانییی، کە "داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد ڕێگا بە هاووڵاتیان بدا تا مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیاریی، لە ناویاندا بە ئینتەرنێت، بەکار بێنن." دیارە ناکرێ بڵێین ئەوە نیشانەی پشتگیریی بەهێز لە لایەن کاربەدەستە پلەبەرزەکانی واشینگتۆنە.

لەکاتێکدا کە ئەم حەوتوویە ڕەئیسی خەریکی خۆئامادەکردن بۆ سوێندخواردنە، ئاشکرا بووە کە ئێران بەرپرسی هێرش بۆ سەر پاپۆڕی مەرسەر ستریت (پاپۆڕێکی سیڤیلی بازرگانی کە پێوەندیی بە ئیسرائیلەوە هەیە) لە کەنداوی عەرەبییە کە بۆتە هۆی کوژرانی دوو کەس لە سەرنشینەکانی و ئەوە نیشانەیەکی ئاشکرای زیاتر بوونی دوژمنایەتی تاران دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانمانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کردەوە ئاشتیخوازانە و پاشەکشەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن. بەڵام ئەگەر خۆپیشاندانەکان پەرە بستێنن، دەرفەتێکی کۆتایی دەبێ بۆ ڕێبەریی سیاسیی ئەمریکا، پێش ئەوەی ڕێژیمی ئێران بۆ جیلێکی دیکە بناغەکانی پتەو بکا، تا ڕێچکە بگۆڕی و بە هێزی تەواوەوە لایەنگری لە خۆپیشاندەرەکان بکا و بەرهەڵستکارییەکی نێونەتەوەیی دژی ڕێژیم دروست بکا کە ماوەیەکی گەلێک دوور و درێژە ئێرانییەکان سەرکوت دەکا.

هەر چۆنێک بێ، تاکتیکێکی ئەوتۆ یارمەتیی بە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد تا شەڕی سارد بباتەوە: ئەمریکا بە کەڵک‌وەرگرتن لە دارایی دابین‌کراو لەلایەن پشتگیریی نەتەوەیی لە دێموکراسی، لە هەشتاکانی زایینی سەرکەوتووانە پشتگیریی لە جووڵانەوەی کرێکاریی لەهستان کرد و سەندیکا کرێکارییەکانی ئەمریکای هان دا تا پشتیوانی هاوکارە لەهستانییەکانیان بن. هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی، کە خاوەنی تەکنەلۆژیای فرە پێشکەوتووی دابینکردنی ئاون، دەتوانن بەئاشکرا پلان بۆ بەراوژووکردنەوەی کەمیی کارەساتباری ئاو لە ئێران دارێژن. جگە لەوە کۆنگرە دەتوانێ هەنگاو بۆ ئینتەرنێتی ساتەلایتی ئازاد و بەخۆڕایی دابین بکا تا خۆپیشاندەران بتوانن خۆیان ڕێک‌بخەن و بەسەرهاتەکانیان بۆ دنیای دەرەوە بەرێ بکەن. ئەو هاوپشتییە ڕەنگبێ دروست ئەو شتە بێ کە خەڵکی ئێران بۆ دارشتنەوەی چارەنووسی خۆیان پێویستیان بێ، بەڵام ئەگەر سەرکۆمار بایدن و بەڕێوەبەرایەتییەکەی درێژە بە ستراتێژی بێدەنگیی بدەن، ڕەنگبێ ئەو شتە جێبەجێ نەبێ.

کوردستان
• ژمارە: ٨٠٤
١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٠ _ ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢١

# ڕازی مانەوەی خۆڕاگریی گەلێک



ژانیار حوسێنی

لە هەموو برگە و قۆناغەکانی مێژووی ئەو جوغرافیایەی بە "ئێران"ی دەناسین و پێبەپێی ئاڵوگۆڕەکانی دەسەڵات لە ئێران بەتایبەت لە زەمانی سەفەوییەکانەوە لە نێوخۆی ئەم وڵاتە و بە مەبەستی جۆراوجۆر و بەپێی هەلومەرج، هێزی چەکدار لەم وڵاتە سەریانهەڵداوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە -بۆ نموونە- تا ئێستا ئەم وڵاتە ئارامی و سەقامگیریی بە خۆیەوە نەبینیوە. هۆکاری ئەم ناسەقامگیرییەش ئەوە بووە کە هیچ کات هیچ کام لەو حکوومەتانەی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو هەرێمەدا بووە، نەیانتوانیوە تەعبیر لە ویست و ئیرادەی خەڵکی وڵات بکەن و شەرعییەتی گەلییان هەبێ.

حکوومەت و دەسەڵاتەکان لەو وڵاتە نە گەلی بوون، نە نیشتمانی و نە باوەڕیان بەوە بووە بۆ مانەوەی خۆشیان لە دەسەڵاتدا ئاوڕ لە خەڵک و دەرد و مەرگیان بدەنەوە. خۆنەدیتنەوەی خەڵک لە پێکهاتەی دەسەڵات، ڕێگریکردنیان لە هاوبەشیی سیاسی و ئیداری و خۆبەڕێوەبەریی وڵاتدا و لەگەڵ ئەوەشدا سەرکوتی توند و خوێناویی ماف و داوا و ئازادییەکانیان وایکردووە خۆڕاگری، سەرهەڵدان و سەربزێوی لەنێو خەڵکدا هەمیشە هەبێ. ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینانە هۆکاری دیکەشیان بووە: بارودۆخی نالەباری ژیان لەڕووی مەعیشەت و گوزەران ئەویش لە وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەتاڵانچوونی سەروەت و سامانی نەتەوەکان لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە و وەک گوترا پێخوستی ماف و ئازادییەکانی گەلان هەموو دەستیان داوەتە دەستی یەکتر کە بەردەوام لە هەموو سووچ و قوژبنەکانی ئەم هەرێمە و لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە هێزی چەکدار بە مەبەستی جۆراوجۆر سەرهەڵبدەن. لەلایەن کوردەکان، عەرەبەکانی خوزستان، بەلووچەکانی سیستان، لوڕ و بەختیارییەکان و تەنانەت تورکەکانەوە کە لە زۆربەی سەردەمەکاندا شەریکەبەشی دەسەڵات بوون، ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی چەکدارییان بووە.

ئەوە فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر گەل و نەتەوەیەکە و مێژوو سەلماندوویەتی کە هەرکات گەلێک هەست بە لەنێوچوون یان زوڵم و چەوسانەوەی لەڕادەبەدەر بکا، دەست بۆ چەک دەبا و بەرەنگاری دەسەڵاتی زاڵم دەبێتەوە. ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە مێژووی سەرهەڵدان و خۆڕاگریی کوردە لەهەمبەر دەسەڵاتی داگیرکەر کە پێچەوانەی زۆر نەتەوەکانی دیکەی ئەم پێکهاتە جوغرافیاییە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و سەرەڕای هەرچەشنە سەرکوتێک بەڵام قەت دانەمرکاوە. پرسیار ئەوەیە کە ڕازی ئەم مانەوەیە و ئەم بەردەوامییە چییە؟ هێز و ئیرادەی گەل، جوغرافیای سیاسی یان کۆمەڵە هۆکارێکی تێکچنراوی دی؟

کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەتەوەیەکی چەند دە میلیۆنییە کە چەندین سەدەیە لەپێناو مافەکانی خۆیدا دەستی بۆ چەک بردووە و هێزی چەکداری خۆی بووە و بەپێی هەر هەلودەرفەتێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئیرادەی خۆی نواندووە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختەی گۆڕانکارییەکی گرینگە لە مێژووی خەباتی مافخوازیی ئەو نەتەوەیەدا. هێزی چەکداری کورد لەو سەردەمە بەولاوە تۆکمە، ئامانجدار و لەبری ئەوەی هێزی هۆز و عەشیرەیەک بێ؛ باڵی نیزامیی هێز و جووڵانەوەی سیاسیی نەتەوەیەکە. بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دروستبوونی هێزی پێشمەرگە، شەخسپەرەستی، بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرووپی جێگای خۆیان دا بە خەباتێکی بەبەرنامە، بە سیستم و بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی و؛ تۆڵەسەندنەوە و سەربزێوی جێگەی خۆی دا بە داواکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافە سروشتی و یاسایی و جیهانداگرەکان. سروشتییە لەو ڕەوتە مێژووییەدا هەبوونی هێزی چەکداری بەباوەڕ نەتەنیا پێویست، بەڵکوو یەکێک لە بەهێزترین پاڵپشتەکانە. هەر خۆی دانانی ناوی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکدار لەو سەردەمە نیشاندەری پێگەیشتوویی عەقڵییەتی سیاسی و بیری قووڵی گەورە کەسانی کورد لەو سەردەمەدا بووە. ناوێک کە ئێستا ئیدی نەک پێناسەی ناوچەیی، بەڵکوو دوای گۆڕانکارییەکانی یەک دەیەی ڕابردووی دوای بەهاری عەرەبی ناسنامەی نێونەتەوەییشی وەرگرتووە.

ناو و مانای پێشمەرگە و فەلسەفەی وجودیی ئەو هێزە باوەڕمەندە وا دەکا هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە کە دێتە ژێر ئاڵای ئەم هێزەوە گۆڕان لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەشیدا دروست ببێ. پێشمەرگە ئەو کەسە ژیانخۆشەویستەیە کە ئامادەیە گیانی خۆی لەپێناو خەڵکەکەیدا بەخت بکا و مێژووی پێشمەرگە پڕە لەو چیرۆک و بەسەرهاتانە. ئەو پرسیارەش لەجێی خۆیدایە کە لە دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆر و چەوسێنەری پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا چۆنە تەنیا هێزی پێشمەرگە وەک هێزی چەکدار لە مەیداندا ماونەتەوە و چۆن توانیویانە بوونی خۆیان بپارێزن؟ وەڵامەکەی کۆماری کوردستان و فەلسەفەی دامەزرانی کۆماری کوردانە کە وەها بنەمایەکی پتەوی بۆ ئەو هێزە ڕزگاریدەرە دارشتووە.

کۆماری کوردستان بوو بە هەوێنی گشتگیربوونی وشیاری و ڕابوونی فکریی کۆمەڵانی خەڵک و بەرۆژبوونەوەی شعووری سیاسیی خەڵک لە بارودۆخی کۆمەڵگەکەیان



و ناسینی ماف و خواستەکانیان. هەر بۆیەش هەڵبژاردنی هێزی چەکدار بۆ مانیفیستی نەتەوەیی لەو سەردەمە و بەو ناوە پیرۆزەش، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە. پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە نەتەنیا لە کاتی پێویستدا بەرگریی چەکداری دەکا و پارێزەری خاک و خەڵکەکەیەتی، بەڵکوو توانا و زەرفییەتی خەباتگێریی نەتەوەکەشی بۆ دەستەبەری مافەکانی، کە مافی دیاریکردنی چارەنووس دیارترینیانە ڕێکدەخا.

هاوکات خەڵکیبوون و گشتگیر بوونی داخوازە ڕەواکانی گەلیش خاڵێکی تری مانەوە و بەردەوامیی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەیە. لە ئێستادا جیاواز و زیندووتر لە گەلانی دیکەی ئێران، داخوازییەکانی گەلی کورد، ویستێکی گشتییە و لە هەناوی هەموو تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵدەقوڵێ. هەر بۆیەشە بیر و هزری پێشمەرگایەتی نەک تەنیا لە بازنەی فەرمییەتی خۆیدا، بەڵکوو لە بەرگی مامۆستایەتیدا، ژینگەپارێزیدا، هەڵسووڕانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت وەرزشی و هتددا خۆ دەنوێنێ و هەرکەس بەپێی توانای خۆی خاوەنداریەتیی لێ دەکا و خۆی بە پێشمەرگەی نیشتمان دەزانێ.

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی بەردەوامیی شۆڕش و مانەوەی پێشمەرگە، خەڵکیبوونی ئەو هێزەیە. پێشمەرگە کوڕ و کچی خەڵکە و هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەیە کە لەوپەڕی بەرپرسایەتی هەست بە پێشەنگایەتیی خەبات لەپێناو گەلەکەیدا دەکا. جێگەوپێگەی پێشمەرگە، ڕوحی شۆڕشگێڕانە و هەبوونی هەڵسوکەوتی مرۆڤانە وای کردووە کە لە دوای تێپەڕینی 76 ساڵ بەسەر خەباتی نوێی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ پێشمەرگە و حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کورد خۆشەویستتر دەبن. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە لەبەرامبەردا هێزی دوژمن و حکوومەتی ناوەندی بە هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و تەبلیغی و بە هەموو پیلانگێڕی و چەواشەکاریی مێژوویی نەیتوانیوە ئەو هێزە لە خەڵکی دابڕێ. مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی دوو ساڵ پێش دوابەدوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نموونەیەکی زیندوو لەو ئیرادەگەرییەی خەڵکی کوردستان بۆ خاوەندارەتی لە هێزی پێشمەرگە، واتە ڕۆڵە و کوڕوکچەکانی خۆیان بوو.

سروشت و جوغرافیای کوردستانیش زۆرجار پاڵپشتێکی گرینگ بۆ مانەوە و پاراستنی ڕۆڵەکانی خۆی بووە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە مەهاباد و لە میتینگێکدا بەجوانی باسی ئەم فاکتەرە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەکا و دەڵێ "ئەوە دەشتاییەکانی تورکەمەن سەحرا نییە لەبن ددانی زاڵم نەرم بێ، بەڵکوو شاخە ڕەقەکانی کوردستان و ددان دەشکێنێ". پاڵپشتیی شاخ و هاوکاریی هەمەلایەنەی خەڵک و پێشمەرگە نەیهێشتووە خەونی دوژمنانی کورد وەدی بێ. خەڵک پێشمەرگە بە بەشێک لە وجوود و پارێزەری خۆی و مافە ڕەواکانی خۆی دەزانێ و پێشمەرگەش گیانی بۆ پاراستنی مافەکانی خەڵکەکەی بەخت دەکا.

فاکتەرێکی گرینگی بایەخمەندیی هێزی پێشمەرگە تێڕوانینەکانی ئەم هێزە لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچە و جیهانە. پێشمەرگە وەک هێزی چەکدار دژی تێرۆریزم و تێرۆریزمی نێودەوڵەتییە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەکەشی لەسەر ئیرادەی مافخوازانەی میللەتێک دامەزراوە و مانا وجوودییەکەشی لەسەر ئەساسی هەوڵدان بۆ داخوازییە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی خەڵک و پشتئەستوور بە ئیرادەی ئەو خەڵکە وەردەگرێ، بە واتایەکی دی دژایەتیی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ تێرۆریزم لە باوەڕێکی قووڵ و بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرسی ڕەوایییەتی ویست و داخوازە سیاسییەکانیەوە هەیە. بۆیە نەک پێویستی نەبووە ڕوو لە کردەوەی دزێو و نامرۆڤانەی وەک تێرۆر بکا، بەڵکوو تێرۆریزمی لە هەموو شکڵ و شێوەیەکیشدا مەحکووم کردوە.

دواتر فرە ڕەهەندیی خەباتی کورد لەپێناو ئامانجە ڕەواکانی وای کردووە کە پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتدا مەیدانداری بکا و لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی بەردوام بێ. کەم نین ئەو کەسانەی لە هەمان کاتدا کە پێشمەرگە و فەرماندەیەکی بەوەج لە سەنگەری خەباتی پێشمەرگایەتیدان، لە هەمان کاتدا نووسەر و قەڵەمبەدەستن و هزر و بیری گەشیان لە خزمەت خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیاندایە.

د. قاسملوو چوار دەیە لەوە پێش کە باس لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی حیزبی دێموکرات دەکرد پشتیوانیی خەڵکی بە هۆکاری هەرە گرینگ دەزانێ و دەیگوت ڕاستە "سیاسەتی ئوسوولی و واقعبینانە و بوونی هێزی پێشمەرگە و قارەمانەتی پێشمەرگە، نوقتە قووەتی حیزبی ئێمەن، بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە." ڕێبەری گەورەی کورد هەر لەوکاتەدا کە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سەرمایەی هەرە گەورەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد پشتیوانیی گەلی کوردە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی قەت لە هێزی گەل جیا نەدەکردەوە و دەتگوت ئەم دوو هێزە ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر و نوێنگەی ئیرادەخوازیی نەتەوەی کوردن.

# کوشتن و ڕفاندنی ٥٤٠ دژبەری سیاسی لە دەرەوەی وڵات



ناوەندی مافی مرۆڤی "عەبدولڕەحمان بروومەند" لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕفاندنی مەسیح عەلینژاد، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسیی دانیشتووی ئەمریکا،بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و بەڵگەنامەیەک نووسیی: کە ڕێژیمی ئێران لەو بارەیەوە ڕابردوویەکی دوورودرێژی "هەیە و بنیاتی بروومەند بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە بەردەوامەکانی خۆی توانیویەتی زیاتر لە ٥٤٠ کەسایەتیی ئێرانی دەستنیشان بکا کە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە کوژراون یا ڕفێندراون.

ڕێکخراوی عەبدولڕەحمانی بروومەند کە لە پێناو ڕێزگرتن و دابینبوونی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران تێدەکۆشی و دەفتەرەکەی لە واشینگتۆنە، لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر ئەوە کە ئامار و ڕەقەمی ڕاگەیەندراو هەموو ئەو کەسانە نین کە کۆماری ئیسلامی هەوڵی کوشتن و ڕفاندنیان دراوە.

ئەم ڕاپۆرتە لە درێژەدا پەرژاوەتە سەر ئەوە کە لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بەم لاوە، بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیاجیادا سەدان هێرشیان کردووەتە سەر پەنابەران و چونکی هیچ کۆسپ و بەربەستێکیان لەبەردەم نەبووە و لەو سۆنگەیەوە تووشی هیچ لێپێچینەوە و سزادانێک نەبوون، لەو پارێزراوییەدا لە هێرش و پەلامارەکانیان بەردەوام بوون. لەم ڕاپۆرتەدا هەروەها تیشک خراوەتە سەر ئەوە کە ئەو وڵاتانەی پەنابەر وەردەگرن دەبێ پارێزگاری لە ئەمنییەت و مافی ژیان و ئاسوودەیی ئەوان بکەن و هەر وەها دەبێ ڕێوشوێنێک بگرنە بەر کە ڕێژیمی ئێران لە سۆنگەی ئەو هەوڵانەی بۆ بێدەنگ کردن و ترساندن و کوشتنی دژبەرانی لەو وڵاتانەدا دەیدا، ناچار بە وەڵامدانەوە و بەرپرسایەتی بکا.

ڕێکخراوی بروومەند لە بەیاننامەکەیدا داوای "هاوئاهەنگیی پتری نێونەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی جیددی لە هەمبەر ئەم تاوانگەلەی کۆماری ئیسلامی دەکا و هەر وەها پێداگرە کە مافی دادگایی و پێداچوونەوەیەکی عادڵانە و یەکسان و کاریگەر بۆ قوربانیانی ئەم ڕووداوانە هەبێ، بۆوەی مافی قوربانییەکان چەسپاو و یەک لەوان قەرەبووکردنەوەی ماددی بیانگرێتەوە.

### وردەکارییەکانی کوشتن یان ڕفاندنی ٥٤٠ ئێرانی

ڕێکخراوی بروومەند لەبارەی هەوڵە سەرکەوتووەکانی ڕێژیمی ئێران لە کوشتن و ڕفاندنی ئێرانیانی دەرەوەی وڵات نووسیویەتی کە هێرش و پەلامارەلانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دراوسێی و ئەو وڵاتانەی کە ئاستی شەفافییەت و ئەرکوەخۆگریی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی تێدا لاوازە، پتر بووە لە وڵاتانی دیکە.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە بەهۆی پیلانە تێرۆریستییە سەرکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی عێراق ٣٠ کەس، لە هەرێمی کوردستان ٣٨٠ کەس، لە پاکستان ٣٠ کەس و لە تورکیە ٢٨ کەس بوونەتە قوربانیی دەستی تاوانەکانی ڕێژیم. فەڕانسە بە ٢٨ کەس، ئەفغانستان لانیکەم بە ١٣ کەس و ئەڵمانیش لە پلەکانی دواییدا جێ دەگرن. ژمارەیەکی کەمتر لە ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتانەش تێرۆر کراون و کوژراون: ئوتریش، سوئیس، بریتانیا، سوئێد، هۆڵەند، ئەمریکا، ئێمارات، تاجیکستان، تانزانیا، جمهووریی ئازەربایجان، هێند، فیلیپین، لەهیستان و ئیسپانیا و... .

لە ساڵانی دوای ١٣٧٠ی هەتاوی ژمارەی تێرۆرکراوەکان کە زیاتر لە ٣٩٧ کەس بوون و تەنیا لە هەرێمی کوردستان پتر لە ٣٢٩ کەسیان کوژران گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و دواتر لە ساڵەکانی ١٣٨٠ بە ئاماری ٢٠ کوژراو داکشانێکی بە خۆیەوە بینی، بەڵام ئەم هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی هیچکات ڕانەوەستا. بەمجۆرە پتر چوار دەیەیە مۆتەکەی ڕفاندن، بێسەروشوێنکردن، کوشتن و بۆ دەرچوون و دەربازبوون لە سزا و لێپرسینەوە بەسەر شان و ژیانی ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات (بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم)ەوە بووە.

بە پێی نووسراوەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی بروومەند ئەم پیلانەی بە کرێگیراوانی ئیدارەی ئێتلاعاتی ئێران تازەترین نموونەی هەوڵە ناسەرکەوتووەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە پێش سەرگرتنی ئاشکرا دەکرێ و لەقاو دەدرێ، وەکوو پیلانی دانانەوەی بۆمب لە کۆبوونەوەی لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕێژیم لە پاریس لە پووشپەڕی ١٣٩٧ و گەڵاڵەی ڕفاندنی چالاکی مافی مرۆڤی بەلووچ، حەبیبوڵڵا سەربازی لە تورکیە لە پووشپەڕی ١٣٩٨. ئەو پیلانە تێرۆریستییانەش کە لەم دواییانەدا ڕێژیم تێیدا سەرکەوتوو بوو، بریتی بوون لە: کوشتنی کەسانی جیابیری وەکوو محەممەدڕەزا کولاهی سەمەدی لە ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٤؛ ئەحمەد مەولا نیسی لە ١٧ی خەزەڵوەر ١٣٩٦ لە هۆڵەند؛ ئیبراهیم سەفیزادە لە ئەفغانستان لە ١ی جۆزەردانی ١٣٩٨؛ مەسعوود مەولەوی وەردەجانی لە تورکیە لە ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٨؛ ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و جیابیری ڕێژیمی ئێران، ڕوحوڵڵای زەم لە عێراق لە ڕەزبەری ١٣٩٨ و لە سێدارەدانی لە ئێران لە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەزی ١٣٩٩.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ئەو ژن و پیاوانە لە سەرکوتی وڵاتی خۆیان ڕایانکردووە و پێیان وابووە کە ئەو وڵاتانەی هانایان بۆ بردووە دەیانپارێزن، بەڵام وڵاتانی خانەخوێ کەمتەرخەم بوون لە پاراستنیان و ئەوانیان لە دادپەروەری و مافەکانیان بێبەش کردووە.

پێشتریش، ڕۆژی ١ی گەلاوێژ، نزیک بە ٥٠٠ چالاکی سیاسی و مەدەنی لە ڕاگەیەندراوێکدا بە باسکردن لە پیلانی ڕێژیمی ئێران بۆ ڕفاندنی مەسیح عەلینژاد، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنیی دانیشتووی ئەمریکا، لە دەوڵەتانی جیهان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانیان ویستبوو کە "بە جیددی و بەرپرسانە بۆ پاراستنی گیان و ئەمنییەتی شارۆمەندان و پەنابەرانی هەڵاتوو لە دەست ڕێژیمی ئیسلامی تێ بکۆشن و دەرفەت بە مرۆڤڕفێن، تێرۆریست و لابییەکانی ڕێژیم نەدەن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی دژەمرۆیی و سەرکەوتنی پیلانە تێرۆریستییەکانیان".

# ئێران و وەدیهاتنی بەستێنەکانی شۆڕش



ڕەحمان سەلیمی

نارەزایەتی‌دەربرینەکانی خووزستان لە ماوەی ڕابردوودا و هاوکات پشتیوانیی پچڕپچڕ لەو نارەزایەتیانە لە شارەکانی تەورێز و تاران و کرماشان و ژمارەیەک ناوچەی دیکەی ئێران جارێکی دیکە ئەو پرسیارە جەوهەرییەمان دەخاتەوە بەردەم کە بۆچی سەرەڕای دابڕانی زۆرینەی خەڵکی ئێران لە دەسەڵات، خۆپێشاندانەکان ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە؟ یان ڕوونتر بڵێین بۆچی نابنە هۆی سەرهەڵدان یان بەئەنجام گەیشتنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی سیاسی؟

ئەو کەشە سارد و سڕ و بێ‌هیواییەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و کاتی دەنگدان و لە دەرەنجامی دەنگدانەکاندا لە سەرتاسەری ئێراندا دروست بوو، ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ کۆتایی‌هاتنی هەژمۆنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکدا. خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکانی ساڵانی ٩٦ و ٩٨ و ١٤٠٠ و ئەو دروشمانەی تێیاندا دەگوترانەوە، ویستی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی بەتەواوی دەرخست، بەجۆرێک کە بێزاری دەربڕین نەبوون لە باڵ یان لایەنێکی دەسەڵات بەڵکوو ڕەتکردنەوەی حاکمییەت هەمووی بوو. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی بەڕێوەبەری لە هەموو لایەکەوە بەرۆکی بە کۆماری ئیسلامی گرتووە، پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەژێر کاریگەریی سیاسەتی ئەتۆمی و دەستوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچە بە ڕادەیەک ئاڵۆز بووە کە دوورەدیمەنێکی ڕوون لە سەقامگرتوویی لێ بەدی ناکرێ. سەرهەڵدانی قەیرانی کرۆنا و نابەرپرسیاربوونی دەسەڵات لە ئاست ژیان و گوزەرانی خەڵک و قەدەغەکردنی هاوردەی ڤاکسینی بیانی بەجارێک بڕستی لە خەڵک بڕیوە و سەرەڕای بێکاری و هەژاری و هەڵاوسان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بوونەتە مایەی بێزاری و نیگەرانیی جەماوەری.

بۆ ئەوەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی ڕوو بدا، پێویستە بەستێنە زەینی و عەینییەکانی بە تەواوی ئامادە بن و چیتر گوتاری حوکمڕانی بارتەقای بەردەوام بوونی سیستمی سیاسی کۆمەڵایەتیی ئارایی نەبێ و لە هەمان کاتدا دیسکۆرسێکی نوێی ئالترناتیڤ بەرە بەرە شوێنپێی خۆی لە ناو چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا بکاتەوە. بە چەشنێک کە وڵامێکی مژدەبەخش و لۆژیکی پێ بێ بۆ سەرجەم ئەو گرفت و ئاستەنگانەی کە سیستمی ئارایی ناتوانێ چارەسەریان بکا. لە هەمان کاتدا پێویستە دیسکۆرسی نوێ خاوەن ڕێکخستنێکی گشتگیر و کراوە بێ کە زۆرینەی جەماوەر بتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. بێگومان لەو بەینەدا جەماوەری نارازی بەراوردی تێچووی هەر چەشنە ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە دەکا و لێرەدایە هێزی سەرکوتی دەسەڵات دەوری کارا دەگێڕێ و دەتوانێ پرۆسەی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە دوا بخا یان لە هەندێ حاڵەتدا پەکیشی بخا.

کاتێک دەڵێین ئێران لە دۆخی شۆڕش دایە دەبێ هەموو ئەو ئێلێمانانە بدۆزینەوە کە بۆ ڕوودانی شۆڕش پێویستن. دارمانی بەها فکری و ئیدئۆلۆژیکەکان، قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات، سەرهەڵدانی سیستمێکی نوێی نۆرم و بایەخەکان، ناکارامەیی دەسەڵات لە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگە و سەرەنجام دەرکەوتنی نوخبەیەکی سیاسیی بوێر و خاوەن پلان کە نەخشەڕێگایەکی ڕوونی بۆ داهاتووی وڵات هەبێ و بتوانێ هێزی جەماوەر بە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات هان بدا، ڕەخسێنەری کۆی بەستێنە زەینی و عەینییەکانی شۆڕشێکی جەماوەرین. دیارە نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە ڕوودانی دیاردەکان سەرەڕای لەئارادا بوونی هۆکارەکان لە زانستی مرۆییدا پێچەوانەی زانستی سروشتی حەتمی نین و لەوانەیە لە دوو دۆخی هاوشێوەدا، دوو دیاردەی هاوشێوە یان دوو دەرەنجامی هاوشێوە ڕوو نەدەن.

به لەبەرچاو گرتنی ئەو هاوکێشەیەی باس کرا و خۆبواردن لە دەرەنجامە پێشبینی نەکراوەکان، دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئێستای ئێران بکەین. دەیەی هەشتا لە ئێراندا دەیەی کۆتایی ڕیفۆرمخوازی بوو. تا ئەو کاتەش بەشێک لە کۆمەڵگە بە هیوای پێکهێنانی ڕیفۆرم ئامادەی یاری کردن لە عەرسەی سیاسی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بوو، بە شێوەیەک کە هەڵبژاردن وەک بژاردەیەک بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکاریی نەرم و پلە بە پلە سەیر دەکرا و دەبینین ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک پەنایان بۆ سندووقەکانی دەنگدان دەبرد. ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨ و دەستبردنی فراوان و سیستماتیک بۆ دەنگی دەنگدەران لە لایەک و قۆرغ کردنی دەسەڵات لە لایەن دامەزراوەکانی وەک بەیتی ڕێبەری و سپای پاسداران و هتد کە لە دەرەوەی ئیرادەی گەل و بێ هەڵبژاردن بە کردەوە هەموو جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانییان بەدەستەوە گرتووە لە لایەکی ترەوە، خەڵکی ئێرانی لە سندووقەکانی دەنگدان و ڕیفۆرمخوازی بێ‌هیوا کرد. دیارە بێ‌هەڵوێستی و ناکارامەیی باڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لە سەردەمی خاتەمییەوە تا ڕووحانی و پاشەکشەیان لەو دروشمانەی بەر لە هەڵبژاردنەکان بانگەشەیان بۆ دەکردن بەتەواوی ڕای گشتی بەرەو دۆخی شۆڕش پاڵ پێوەنا.

کۆتایی هاتنی سەردەمی قۆرغکاریی زانیاری و میدیا لە دەستی دەوڵەتاندا کە بەرهەمی فراوانبوونی تۆڕەکانی پەیوەندی گرتن وەک ماهوارە و ئینتێرنێتە، بۆ بە ملۆزمێک بۆ کۆماری ئیسلامی تا چیتر نەتوانێ ڕاستییەکان بشارێتەوە و ڕایەڵەکانی ڕای گشتی لە یەکدی بپچڕێنێ. لە ئیستادا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەمکی تازە و بەها و نۆڕمی تازەی هاوبەشیان لە کۆمەڵگادا بەرهەم هێناوە کە بە تەواوی لەگەڵ سیستمی بەها و نۆڕمەکانی کۆماری ئیسلامیدا ناتەبان. ئەوەش بۆتە ئالترناتیڤێک بەرامبەر ڕوانینی دەسەڵات بۆ پرسە جۆراوجۆرەکان و بە کردەوە ڕەواییەتی ڕێژیمی بە ئامانج گرتووە و کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی وەک یەکێک لە ئێلێمانە سەرەکییەکانی پێکهێنەری شۆڕش فراوان کردۆتەوە. ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە پەیوەندی لەگەڵ پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر هاتوونەتە ئاراوە بەراورد ناکرێ بە ڕابردوو، واتە چیتر جیهانبینیی تاکەکان لەژێر شەپۆلی میدیایی تاکلایەنەی دەسەڵات شکڵ ناگرێ و سەرچاوەی هەمەجۆر و فراوان بۆ دەسڕاگەیشتن بە زانیاری و هەواڵ لەبەر دەست دان.

ناکارامەیی دەزگای بەڕێوەبەریی دەوڵەت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسە گرینگەکانی خەڵک وەک هەژاری، بێکاری، دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان و بەو دواییانەش بەرەنگاربوونەوەی کرۆنا یەکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە زەمینەکانی وەدیهاتنی دۆخی شۆڕش بەڵگەمەند دەکا. دەبینین زۆربەی خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی خراپیی باری ژیان و گوزەرانی خەڵک سەریان هەڵداوە و پاشان خواستە ئابوورییەکان بەرەو خواستە سیاسییەکان ڕۆیشتوون. لە خۆپێشاندانەکاندا دەبینین جەماوەری نارازی هۆکاری هەموو قەیرانەکان لە گەندەڵی و نابەرپرسیار بوونی سیستمی سیاسیدا کورت دەکەنەوە. ئەوەش بەکردەوە واتای وەدیهاتنی بەستێنی عەینیی سەرهەڵدانی شۆڕش دەگەیەنێ.

لەوانەیە غایب بوونی نوخبەی سیاسیی خاوەن ستراتیژیی ڕۆژ و کاریگەر، پاژنە ئاشیلی سەرهەڵدانی شۆڕشی جەماوەری لە ئێراندا بێ. ئەویش لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ئێران بەهۆی دووربوون لە سنوورەکانی ئێران بێ ئاگایە لە ڕۆژەڤی کۆمەڵگە. کەڵەکە بوونی بێزاریی جەماوەری و بەردەوام بوونی نارەزایەتییەکان، زەمینەی لەدایک بوون و گەشەکردنی نوخبەی ڕێبەری دەڕەخسێنێ. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لە دەرەوە نەتوانێ ڕێبەرایەتیی حەڕەکەتە ئیعتیڕازییەکان بکا و ڕێکار و دروشمەکان بەرەو ئاراستەی داخوازییە جەماوەرییەکان ڕێک بخا، لەنێو خۆپێشاندەران و نارازییاندا ڕێبەر و ڕێکخستن سەر هەڵدەدەن.





# هەگبەی شاخ و شۆڕش

## حەسەن مینبەری
## تیشکێک لە خۆری شکۆی نییەر



برایم چووکەڵی

کەس نییە لە کوردستان ناوبانگی «نییەر»ی نەبیستبێ. لە مێژە گوندی نییەر نازناوی مەکۆی قارەمانپەروەریی پێ دراوە. ئەو گوندە تا ئێستا بە دەیان کەس لە لاوەکانی خۆی کردوون بە قوربانی و فیدای ئامانجە بەرزەکانی حیزب و گەلی کوردی کردوون. «نییەر» لە ناوچەی ژاوەڕۆی سنە، لە داوێنی کێوەکانی مێرگەوار، لەنێو دۆڵێکی کپ و لە ئامێزی دارستانێکی سەر سەوزدا هەڵکەوتووە. گوندێکی خۆش و دڵڕفێن و سازگارە. نزیکەی ٥٠٠ ماڵ دەبێ. خەڵکی ئەم ئاواییە زۆربەیان خزم و کەسوکاری یەکترن و پاشگری بنەماڵەییان «مینبەری«یە. ئەو شۆرەتە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئاشنایە. زیاتر لە پەنجا کەس لە مینبەرییەکانی گوندی نییەر لە سەنگەری خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنە پەرستی ئاخوندی دا شەهید بوون.

لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش«ی ئەمجارەدا، یاد و بیرەوەریی یەکێک لە شەهیدە سەربەرزەکانی حیزب و گەل دەکەینەوە کە لە گوندی نییەردا چاوی بە دنیا هەڵێنا و لە ڕەوتی خەبات و بەربەرەکانی لەدژی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوو، ئەویش «حەسەن مینبەری»یە کە لە هێزی «بێستون»دا گەشەی کرد و چیرۆکی مەرگی سەربەرزانە و پێشمەرگایەتیی دەکەینە سەرمەشق.

حەسەن مینبەری، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی هەروەک گوتمان لە ئاواییە جوان و ڕازاوەکەی نییەر چاوی بە دنیای پڕ لە زوڵم وبێعەداڵەتی هەڵێنا. تەمەنی منداڵیی ئەویش وەک تەمەنی منداڵیی زۆربەی منداڵانی کوردستان لە ڕەنج و کوێرەوەری و بەشمەینەتیدا تێپەری. ئەو نەیتوانی بخوێنێ و قوتابخانەی نەدی. بە منداڵی شانی دایە بەر ڕەنج و ئارەقڕشتن و کوێرەوەری. هێشتا منداڵ بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد و دواتر کە کەمێک باوخۆشتر ببوو، بۆ کار و دابینکردنی خەرجی خۆی، ڕووی کردە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و ملی لە کرێکاری نا. هەموو ئەمانە حەسەنیان لە بۆتەی ڕەنج و کوێرەوەریدا قاڵ کردبۆو. هەربۆیە سەرتاسەری وجودی هەستی عەداڵەتخوازانە و خەباتگێرانە بوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد شەهید حەسەن پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و وەک لایەنگرێک دەستی بە کار و تێکۆشانی حیزبی کرد. ئەو بەو پەڕی هۆگرییەوە لەنێو خەڵکدا تێدەکۆشا و هەر لەوسۆنگەیەشەوە ڕێژیمی ئاخوندی گرتی و خستیە زیندانەوە. ئەو گرتن و زیندانی کردنە چەند جار دووبارە بۆوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، حەسەن بەتوندی کەوتە ژێر چاوەدێری. ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی، هێزە دژی گەلیەکانی ڕێژیم بۆ گرتنی حەسەن، دەوری ماڵێیان دا، بەڵام حەسەن زوو خۆی دەرباز کرد و خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب و پاشان لە هێزی بێستوون سازمان درا. بەم جۆرە قۆناخێکی تازە لە ژیانی حەسەن دەستی پی کرد کە قۆناغی پێشمەرگایەتییە.

شەهید حەسەن زۆر زوو نیشانی دا کە ڕۆڵەیەکی بەوەج و فیداکاری حیزبە. زوو توانی ڕێز و خۆشەویستی هاوڕێیانی بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ئازا و بەوەج و هەڵسووڕ بوو. ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی، وەک فەرماندەری پەل لە هێزی بێستون دیاری کرا. دوو ساڵ دواتر کرا بە فەرماندەری لک و لە هێزی «زاگرۆس»دا تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا. حەسەن لە هەموو مەسئوولییەتەکانی‌دا جیدی و کارامە و لێهاتوو بوو.

حەسەن مینبەری برایەکی قارەمانیشی لە سەنگەری خەبات لەدژی دوژمنانی ئازادیدا شەهید بوو. ئەو برا سەربەرزەی حەسەن شەهیدی نەمر و هەمیشە زیندووی حیزب کاک عەبدول مینبەری بوو کە پایزی ساڵی ٦٢ لە جەریانی گیرانی مۆڵگەکانی دوژمن لە مێسورا و نییەر و تەنگیسەردا، گیانی خۆی بەخت کرد. حەسەنی مینبەری، جێگای بڕوا و متمانەی خەڵک و زەحمەتکێشانی ناوچە بوو. ناو و ئازایەتی و قارەمانەتیی ئەو، وێردی سەر زاری خەڵک بوو.

حەسەن مینبەری لە جەریانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند جار بریندار بوو و لەسۆنگەی ئازایەتی و هەست بە بەرپرسایەتییەوە چوار جار بە نووسراوە تەشویق کرا. لە شەڕەکانی ئەوکاتی ناوچەکانی بێڵەوار، هەورامان، لەیلاخ، ژاوەرۆ، چەمشار، مەریوان و دیواندەرەدا نەخشێکی گرنگی دەگێڕا. حەسەن کادرێکی سیاسیی هەڵسوڕ و ڕێکخەریش بوو. بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیا تا خزمەتی زۆرتر بە حیزب و گەل بکا.

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە کاتێکدا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی زاگرۆس و بێستون، بۆ حەسانەوە چووبوونە شوێنێک بە ناوی باخە بووچکەلە دوژمن پێیانی زانی و لە چەند لاوە هێرشی کردنە سەر. سەعاتی ١/٥ ی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شەڕێکی توند و خوێناوی دەست پێ کرد و تا سەعاتی ٨ی ئێوارێ دەکێشێ و سەرەنجام بە شکانی دوژمن کۆتایی هات. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان، سێ فەرماندەی کارامەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوەکانی حەسەن مینبەری، نەجمەدین مینبەری، کاک کامیل حەسەنپوور، شەهید بوون و چوونە نێو کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و گیانیان بەختی ماف و ئازادییەکانی گەلە بەشخوراوەکەیان کرد.

یادیان بەخێر بێ و ڕێگایان هەروا پڕ ڕێبوار بێ.

# پیرۆزبایی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەبۆنەی سەرکەوتنی خوێندکارانی کورد لە کۆنکوری سەرانسەری لە ئێران



لە کۆتایی ئەنجامەکانی کۆنکوری ئەمساڵ کە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی ڕاگەیەندرا. بەخۆشیەوە قوتابیان لە پارێزگاکانی کوردستان بەرزترین پلەکانیان وەدەست هێناوە و لە ڕیزبەندی یەکەمەکاندا ناویان تۆمار کراوە. سەرەڕای ئەو دۆخەی کە لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵی ڕابردوودا بە هۆی پەتای کرۆناوە باڵی بەسەر تەواوی جیهاندا کێشاوە و نیشتمانەکەمان کوردستانیشی گرتۆتەوە، قوتابیان ناچار بوون لە ماڵەوە و بە شێوەی ئۆنلاین درێژە بە خوێندن بدەن و سەرەڕای دۆخی خراپی ئینتێرنێت لە ئێراندا و هەروەها بارودۆخی ئابووری و زۆر کێشەی دی کە بەرۆکی وڵاتەکەمانی گرتووە و هەموومان ڕۆژانە لە ئێراندا دەیانبینین، بەڵام کچان و کوڕانی وشیاری نیشتمانمان توانیان بە سەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ بن و بە سەرکەوتوویی یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی خوێندن ببڕن و پێ بنێنە نێو قۆناغێکی دی لە پرۆسەی خوێندن کە ئەویش چوونە زانکۆیە.

بەخۆشیەوە ڕێژەی مامناوەندی قوتابیانی سەرکەوتووی کورد لە پارێزگاکانی کوردستان لەچاو پارێزگاکانی تری ئێران باشترین نمرەکانیان بەدەست هێناوە و خۆیان بۆ چوونە زانکۆ ئامادە کردووە.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە پێویستی دەزانێ بەبۆنەی سەرکەوتنی قوتابیانی سەرکەوتووی کورد لە تاقیکاریی کۆنکور لە ئاست و پلەی باڵادا سەرکەوتنیان بەرز بنرخێنێ و پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی قوتابیانی سەرکەوتوو و بنەماڵەکەیان و سەرجەم کۆمەڵی کوردەواری بکا و هیوای سەرفەرازیی پتریان بۆ بەئاوات بخوازێ.

بێگومان کچان و کوڕانی خوێندکار باش دەزانن کە زانکۆ بۆ لاوانی کورد تەنیا شوێنی خوێندن نییە، بەڵکوو گۆڕەپانێکە بۆ دەنگهەڵبڕین و ناساندنی چاند، کولتوور، وێژە و ئەدەبیات و شوناسی نەتەوەکەمان. بۆیە هەر تاکێک لە ئێوە خوێندکاران پێویستە و دەتوانن ببنە نوێنەری میللەتەکەتان و بە هزر و ئەندێشەی "سمایل شەریفزادە " زانکۆ بکەنە مەکۆی ئازادیخوازی.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە سەرجەم کوڕان و کچانی تازە خوێندکاری نیشتمانەکەمان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد**
**١٣ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# فڕۆکەکانی «گاگارین» و ژارە شیمیاییەکان کە بەسەر «شنۆ»دا ڕشتیانن



شاڕوخ حەسەنزادە

سیوسێ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژەکانی دوای پەسندکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شوڕای ئەمنییەت لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی نەماوی بەعسەوە، لە ١١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (٢ی ئووتی ١٩٨٨ی زایینی) چەند گەڕەکێکی ڕۆژئاوای شاری شنۆ (بەردەزەرد، کەچەڵاوا و مام تەمر) لەلایەن فڕۆکەکانی ڕێژیمی عێراقی پێشوو بە گازی "اعصاب" و "خەردەل" هەشت جار هێرشی کرایە سەر و نزیک بە ٢٨٠٠ کەسی خەڵکی ئەو شارە وەبەرکەوتن. هەروەک شایەتحاڵەکانی ئەم ڕووداوە باسی دەکەن، بە هاتنی بای وەرزیی زریان و دواتر بارانێکی بەڕەحمەت، شوێنەواری کوشندەی ئەو بۆمبارانە زۆر کەمتر دەبێتەوە و خەڵکی ئەو سێ گەڕەکە بەتایبەتی کە شیمانە دەکرا نیزیک بە ٥٠٠ بنەماڵە بوون، کەسیان لێ شەهید نەبوو، بەڵام بەشی هەرەزۆریان بە ژن و منداڵ و پیر و لاو وەبەر ئەو جۆرە گازانە کەوتن و تووشی ڕەوشێکی خراپ بوون.

ڕاپۆڕتەکان باس لەوە دەکەن کاتژمێر چارەگ بۆ سێی بەربەیانی ١١ی گەلاوێژی ٦٧ کاتێک خەڵکی شار لە غورابی خەودا بوون، بە فڕۆکەی جۆری "گاگارین"ی سەدام خەڵکی چەند گەڕەکێکی شنۆ وەبەر بۆمبان کەوتن. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆڕتە لەلایەن میدیا جیهانییەکانەوە چونکە هەردووک وڵات بڕیارنامەی ئاشتیی نێوانیان واژۆ کردبوو، وەهەرجۆرە هێرشێکی نیزامی بەپێچەوانەی گرێبەستی ئاشتی دەنرخێندرا، ئێران بە دەرفەتی زانی و داوای کرد تیمێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەو شوێنە بکەن. ئەو تیمە دوای سەردانیکردنی شاری شنۆ و دەستنیشانکردنی جۆری بۆمبەکان لەم کارەساتە، ڕادەی بەرکەوتوانیان ٢٦٢٠ کەس مەزندە کرد و لە بڕیارنامەی ٦١٢ی شوڕای ئەمنییەتدا بۆ یەکەم جار ڕێژیمی بەعس بەهۆی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی مەحکووم کرا.

هاوکات وێڕای ئەو تیمەی "یووئێن" چەند هەواڵنێر لە هەواڵدەرییەکانی "ڕۆیتێرز"، کەناڵی یەکی ئیتالیا"، "ڕادیۆ فینلاند" و چەندین وێنەگری شارەزا، وێڕای دیتنی کارەساتەکە، وێنە، فیلم و ڕاپۆڕتیان لێ ئامادە کرد. لەم سەردانەدا، جێگری سیاسیی پارێزگای ئەوکاتی ورمێ (عەلی سەعادەت) بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاندبوو، هەتا ئێستا بە بۆمبارانکردنی شیمیایی ڕێژیمی بەعس ٢٢٦٥ کەس بریندار و بەرکەوتوو تۆمار کراون کە لە نەخۆشخانەکانی ورمێ، تەورێز و میاندواو خەوێندراون. هەروەها ڕۆژنامەنووسی ئیتالیایی "پائۆلۆ چیاناتینۆ" ڕایگەیاندبوو کە: "ئەوەی کە من بینیومە کارەساتێکی مەترسیدار و ترسێنەرە، ئەوەی بینیومە فیلمم لێ هەڵگرتووە و بە هەموو جیهانی پیشان دەدەم. لێرە هیچ هێزێکی چەکدار نابینرێ و هەمووی خەڵکی ئاسایین و ژن و منداڵی لێ نیشتەجێیە. بەڵام دەبێ بەرلە هەموو تشتێک پیش بە بۆمبارانکردن بە چەکی شیمیایی بگیرێ و هەرچی زووە مەحکووم بکرێ."



دوای ٣٣ ساڵ لەم کارەساتە و بەپێی هاتنە بەرباس و مەحکوومکردنی لە بڕیارنامەی ٦١٢ی شوڕای ئەمنییەتدا و هەروەها مەحکومکردن ئەو بازرگانانەی هاوکاریی ڕێژیمی عێراقیان کردبوو لە دادگایەکی فینلاندا، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کۆماری ئیسلامی بێجگە لە هەڵڕشتنی فرمێسکی تیمساح بۆ خەڵکی کورد، خۆمەزڵوومکردنی ڕیاکارانە و پیرۆز نیشاندانی شەڕی ٨ ساڵە و پاکانەکردن بۆ ئەو جینایەتانەی کە لەو ماوەیەدا کردوویەتی، هیچ هەوڵێکی بۆ ئەو هەزاران بریندار و کەمئەندامە شیمیاییکراوانە نەداوە؛ بە جۆرێک لەو ٢٦٢٠ کەسە تەنیا ٤٧ کەس خاوەن پەروەندەی کەمئەندامی لە پێنج هەتا ٧٠ لە سەدن و باقیی خەڵکە بەرکەوتووەکەی دیکە هەروا هەناسەی بۆگەنیوی ژەهری هەڵاواردن و کوردبوون هەڵدەمژن!

ئەگەرچی هۆکار و بڕیاردەران و خوڵقێنەرانی ئەم کارەساتە حکوومەت و حیزبی بەعس بوون کە ئێستا لە دەسەڵاتدا نەماون و فڕێ دراونە زبڵدانی مێژووەوە، بەڵام پێویستە ئەو جینایەتکارانەی کە لە ئێران دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و زۆرجار ڕووی سەدامیان سپی کردووە و، هەموو ڕۆژێ بە لەونێکیتر نەک هەر لە شنۆ بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستان جینایەت دەخوڵقێنن و ڕۆڵە و کەسوکاری هەر ئەم قوربانیانەی بۆمبارانی شیمیایی لە سنوورەکان وەک کۆڵبەر دەکوژرێن، لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن و لەبەر بێکاری، هەژاری و بێهیوایی کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن، ئەوانەش شەریکی تاوانەکانی سەدامن و پێویستە لەسەر کورسیی مەحکوومانی جینایەتی دژبە مرۆڤایەتی دابندرێن و سزا بدرێن.

هەرچەند ڕای جیهانی ئازاد، خەڵکی کوردستان و سەرتاسەری جیهان، بۆمبارانی شیمیایی شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات (شنۆ، سەردەشت، زەردەی هەورامان) بەناوی جینایەتکارانێکی وەک سەدام و هاودەستەکانییەوە تۆمار کردووە و لە هەمان حاڵیشدا ناوی بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کە ئەوکات تەپڵی "شەڕ، شەڕ، هەتا سەرکەوتنیان" دەکوتا و بەتەما بوون قودس لە ڕێگەی کەربەلاوە فەتح بکەن و بارگەوبنەی ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی هاوشێوەی خۆیان لە هەموو ناوچەکە بڵاو بکەنەوە، دەبێ وەک شەریکی ئەم تاوانە دابندرێن.

# سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و سیاسەتی داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی

مەحمەڵ لاجانی

**[ئەم نووسینە پەڕژاوەتە سەر پرسی لەنێوبردنی سەرچاوە سروشتییەکان، ئاو و زەویوزاری شار و گوندەکانی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەی لاجان و پیرانشار بە دەستی کۆمپانیاکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران]**

کوردستان بە درێژایی مێژوو ناوچەیەکی پڕ پیت و خاوەن سروشتێکی جوان و دڵڕفێن بووە. ئەم هەرێمە مێژووییەوە بە ناوچەیەکی پڕ ئاو ناسراوە و شوێنێکی کشتوکاڵی و پڕبەرهەم بووە. بەڵام دەوڵەمەندیی کوردستان هەر لەسۆنگەی سەرچاوە زۆروزەوەندەکانی ئاوەوە نییە، بەڵکوو ئەم هەرێمە پڕە لە کانزا و کانگای بەردی جۆراوجۆڕی وەک زێڕ، گرانیت و مەرمەریت و گونجاو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. هەرئەوەش وایکردووە هەمیشە چاوی تەماحی داگیرکەرانی دوور و نیزیکی بەسەرەوە بێ.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەبوونی دەسەڵاتی کوردی و بەڕێوەبەریی خۆجێیدا و بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتی و کۆلۆنیالیی کۆماری ئیسلامییەوە لە دۆخێکی خراپدا بەسەر دەبا. ئەگەر خەڵکەکەی کەمترین ماف و ئازادییەکانیان لێ زەوت کراوە، سروشت و ژینگەکەشی بەهۆی ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەردا گیراوە. ئەوەندەی هەڵدەگیرێ و دەبردرێ –وەک کانگاکانی زێڕ و بەردەکانی بیناسازی– بەتاڵان دەبرێ، ئەوەندەی لە دەستیان دێ دارستانەکانی بەئانقەست ئاور تێبەردەدرێن و دەکرێنە زەویی سووتاو بۆ نیشتەجێ بوون و بەسەرهاتی ئاوەکانی کوردستانیش لە هەمووی تاڵتر کە لە خەڵک و ناوچەکەیان درێخ کردووە و بۆ شوێنەکانی دەرەوەی کوردستانیان ڕادەگوێزن.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەیان بەنداو لە زێ و ڕووبارەکانی کوردستان هەڵبەستراون. خۆ ڕاستە لێدانی بەنداو ئەگەر کارناسانە و لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵک و ئێکۆسیستمی ناوچەکە بێ، زۆریش پێویست و بەکەلکە. بەڵام ئەو بەنداوانەی لە کوردستان لێ دەدرێن ڕوانگەی ئەمنیەتییان لەپشتە و ئاوە گلدراوەکانی پشتی بەنداوەکانیش نەک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیی ناوچە، بەڵکوو بۆ گەیاندنی ئەو ئاوە بە ناوچە ئێشکارۆیەکانی ناوەندی ئێران و پارێزگا تورکنشینەکانی ئەم وڵاتەیە. بەوەش زیان و خەسارێکی گەلێک زۆر و قەرەبوونەکراوەشیان بە ژینگەی کوردستان گەیاندووە.

یەکێک لە خەسارە گەورەکانی ئەم بەنداوانە لەڕووی زانستییەوە ئەمەیە کە کانزا ئاوییەکانی بن زەوی بەرەو خوارەوەی زەوی چوون و لە ئاستی نۆڕماڵ لایان داوە. زیانێکی دی ئەوەیە کە ئاوماڵشتی بن زەوی تێکدەڕووخێن و ئاوی ناوچەکانی دەوروپشتی دادەڕمێ و دواتر ویشکەساڵی ناوچەکە دادەگرێ و هەرێمەکە بەرەوڕووی مەترسیی بوومەلەرزە دەکاتەوە. کەمیی داهات و کۆچی بەناچاری خەڵکی گوندەکان بەرەو شارەکان و دابەزینی ئاستی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لەو ناوچانەش چەند خەسارێکی دیکەی لێدانی بەنداوگەلەن کە بۆ مەبەستی ئەمنیەتی لە کوردستاندا لێ دراون.

وەک لە سەرەتادا باس کرا جیا لەو باسە گشتییە ئەم نووسینە باس لە کێشەی ئاو لە ناوچەکانی لاجان و پیرانشار دەکا. لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیە پڕئاو، بارانی و خاوەن کەشوهەوایەکی سازگار بووە، بەڵام ئێکۆسیستمی ناوچەکە بە لێدانی تونێل و بەنداوەکان گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە تونێلی بەنداوی کانی سێو بۆ دەریاچەی ورمێ.

تونێلی کانی سێو بۆ ورمێ کە لەسەر ڕێگای خۆی لێدراوە سەدان هێکتار زەویی ئەم دەوروبەرەی ویشک کردووە و بە هەموو تواناوە خەریکی ئاوهەڵکێشان و گواستنەوەیین. ئەو پیلانەی سپای پاسداران و ناوەندی ئەمنیەتییەکان چەندین شاخی ناوچەی پیرانشار بەرەو نەغەدەی وەکوو کێوی زاواکێو و زەوی و زاری ناوچەی لاجان و پیران و بەتایبەتی شوێنی مێژوویی هەزاران ساڵەی خورینج کە بە سەیرانگایەکی میللی سەیری دەکرێ کردووەتە ئامانج. هەر لەو سۆنگەیەشەوە خەڵکی ئاواییەکانی خورینج، زنوینجیان، کانی سێو و سۆغانلو مەترسیی بێئاوی و ئیشکبوونی زەوی و زار تەنگی پێ هەڵچنیون.

لە ئێستادا لێدانی ئەم تونێلە لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی ژینگەپارێزانی ناوچە بەرەوڕوو بۆتەوە، بەڵام ئەو نارەزایەتییانە لەلایەن کۆمپانیاکانی پڕۆژەکەوە کە سەر بە سپای پاسدارانن بێ وەڵام ماونەتەوە. بۆیەشە کە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی ناوچە لایان وایە سەرکەوتنی داوا و ئیرادەی خەڵکی ناوچەکە لە گرەوی وەڕێخستنی هەڵمەتێکی گشتییە بە بەشداریی هەموو چین وتوێژەکان و تێکڕای خەڵکی ناوچەی پیرانشار و دەوروبەر.

دارسمە
دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# دەستێک و چەند پێناسەی فەلسەفیانە

ئەوانەی وەک دارسمەی موخلیستان تەمەنیان زۆرە و لەم ڕۆژهەڵاتی کوردستانە دەژین و کۆلکە خوێندەوارییەکی سەردەمی "شا"یان هەیە، هەموویان یەکەمجار وشەی دەستیان بە نووسراو بە فارسی دیتووە و ئەویش مێژووەکەی بۆ ڕستەی " اسد داس در دست دارد"ی کتێبی فارسیی پۆلی یەکی سەرەتایی زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. هەر ئەم لاپەڕەیە کە بۆ ناساندنی پیتی "د" بە قوتابیانی سەرەتایی دانرابوو، بە مەبەستی زیاتر شیکردنەوەی ئەم پیتە وشەی "داس"یشی تێدابوو. وشەی "داس" لە نێو ڕستەی " اسد داس در دست دارد"دا بوو. دایارە دواتر کاتێک گەورەتر بووین و زیاتر لایەنە مانابییەکانی "دەست" و تەنانەت "داس"یشمان دیت و شیمان کردنەوە یان بۆمانیان شیکردەوە، بە ئاکامی زۆر سەیر و سەمەرە گەیشتین.

هەزار خۆزگە بەوکاتە لە پۆلی یەکی سەرەتایی دەمانخوێند و وامان دەزانی تەنیا ئەسەد "دەست" و "داس" و تەنانەت "سەبەد"یشی هەیە. سەد هەزاز خۆزگە بۆ ئەودەمی دەخوازین. ئەوکات وێنەی ئەسەدیش لەسەر لاپەڕەی کتێبەکە بوو. نە ڕیشی درێژ و چڵکنی هەبوو و (بە داوای لێبووردن لە ژنان و پیاوانی "فێمێنیست") نە سمێڵیشی پاک پاک تاشیبوون.

ماموستا هێمنی شاعیریش دەبێ داوای لێبووردن لەپێشدا لەمن و لە خوێنەرانی ئەم چەند دێڕە بکا. وادیارە یەکێک لە شێعرەکانی کە ئەویش وشەی "داس"ی تێدایە، هەستی بە بوونی "داس"ی نێو ئەم چەند دێڕە کردووە، بۆیە خۆی هاویشتە نێو باسەکە:

**"داس"ی مەرگ و نەمان دەسوێ**
**هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟**

لێرەدا "هێمن"ی "موخەڕیب و دژە شۆڕش" و سەر بە "سەهیۆنیزم" و "ئیستکباری" جەهانی وایکرد "داس"یش وێڕای "دەست" بخەینە بەر لێکدانەوەی فەلسەفیانەوە.

دوای ئەم چل پەنجا ساڵە مام ئەسەدی نێو کتێبی سەرەتاییش بیر و باوڕی گۆڕاوە و ڕیشی داناوە. هەر ئەو نا، هەموو ئەو وێنانەی پیاوان لە کتێباندا ڕیشیان بۆ دانراوە و دامێنی وێنەی ژنانی ئەو کاتیش ئیستا لە کتێباندا هەتا سەرپەنجەی پێیان درێژ کراون. دەکرێ بشڵێین دامێنی ژنانی دامێنکورت کەمتر بە قوڕ و تۆز و خۆڵ دەبوو و ئەوان لەوانی دوایی " داوێنپاک"تر بوون.

با بگەڕێینەوە سەر پێناسەی وشەی "دەست". دیارە "دەست" بە تەنیا هەر "دەست"ـە و هیچی دیکە. تەنیا ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ و زیندەوەرانی "چوارپەلە". هێندێک لەم "چوارپەلدار"انە لە بەشێکی دیکەیان جوانتر دەستیان پێوە دیارە و وەک دەڵێن لێیان دێتەوە. بۆ وێنە دەستی پشیلە لە کاتی بناگوێ خوراندنیدا، هی مەیموون لە کاتێکدا خۆی بە لقی دارانەوە هەڵدواسێ و هی "ئەسپ"یش لە کاتی قەڵەمباز هاویشتندا. دەستی مرۆڤ زۆر سەیرە. مرۆڤ زۆر فێڵبازە و "دەستی خستووەتە نێو" زۆر شتەوە. بۆ وێنە لە خوارەوە سەیری "دەستی مرۆڤ" بکەن چۆن خراوەتە نێو ئەدەب و پەند و ئیدۆمەوە:

"دەستێوەردان"، "دووردەستی"، "دەستلەسەر دەست دانان"، "دەستاودەست پێکردن" ، "دەستی ماندوو"، "دەستدرێژی"، "دەستکورتی"، "دەستبەتاڵی"، "دەستەوئێخە"، "دەستاودەست". "دەستوەشاندن"، "دەستلێهەڵگرتن"، "دەستلێهەڵێنان"، "دەستلێهەڵێنانەوە"، "دەست تێوەرێنان"، "دەستخستنە نێو"، "یەکدەستی"، یەکدەست بوون" و... .

دیارە دەست، لە زۆر وشەی لێکدراو و داڕشتن و ئیدیۆمی دیکەشدا "دەست"ـەڵاتدارە. بەڵام بۆ زیاتر فراوانکردنی بەرهەمی "دەست"ی مرۆڤ، تەنیا سووکەئاوڕێک لە دوو ئیدیۆمی کۆتایی واتە "یەک دەستبوون" و "یەکدەستی" دەدەینەوە. ئێمە هەتا ئێستا پێمان وابووە هەردوو دەستی مرۆڤ بەردەوام پێویستن. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەت لە ئێران بە درەنگەوە بۆمان دەرکەوت، دەکرێ بە "دەستێک"ەوە هەموو وڵات یەک دەست بکەی و "تەنانەت "چەپڵەشی پێ لێ بدەی.

دوێنێ واتە ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویی ئێرانی، پیاوێکی "یەکدەست"، "دەستەڵات"ی بە سەرۆککۆمارێکی نوێی ئێران دا کە چل ساڵە بۆ "یەکدەستکردن"ی دەستەڵاتی ئەم وڵاتە تێ دەکۆشێ و ئێستا بەتەواوی بەرهەمی ئەم تێکۆشانەی خۆی دیتووتەوە. ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەو مێژوونووس و چاودێرانەی دەڵێن "ئەم کابرایە ئەو ڕۆژەی تەقەمەنییە کەمەکەی لەنێو "دەنگوەرگر" واتە "ڕێکۆردەرە"کەی بەردەمی دانا، نەیدەزانی "دەستێک"ی دەڕوا، بەڵام دەیزانی بریندار دەبێ. دیارە دواتر بە دەستە پەڕیوەکەی خۆی لەبەرچاوی هاوبیرانی شیرین کرد و بە دەستەکەی دیکەی هەتا کۆتایی تەمەنی "دەسەڵات"ی قۆستەوە و وەک دەڵێن وڵاتی "یەکدەست" کرد و هەرچی هێلکەی هەبوون، خستنیە نێو "سەبەد"ی خۆیەوە.

تێبینی: سەرۆککۆماری نوێی ئێران، دەگەڵ ئەوانەی بەتەمایە بیانکاتە ئەندامی کابینەکە، بەردەوام لەپیناو" یەکدستکردن"ی دەستەڵاتی کابرای "یەکدەست"دا داسی مەرگ و نەمانیان ساویوە.

تێبینییەکیش لەسەر تێبینییەکە، نووسینی تێبینی تەنیا لە داخی خۆ تێوەهەڵقوتاندنی دێڕە شێعرەکەی هێمنی شاعیر بوو.

***

درێژەی لاپەڕەی ٢

## جەلیل گادانی تێکۆشەرێک لە ڕۆژگاری سەختدا

نەهاتووە بیرەوەریی خۆی بنووسێ و ئاماژە بەو ڕووداوانە بکا کە خۆی تیایدا بووە. لەو کتێبەدا پەنجا ساڵ خەباتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی تۆمار دەکا و بۆ ئەم کارەشی لە هەردوو بەرگی ئەم کتێبەدا پشتی بە دەیان سەرچاوەی جۆراجۆر بەستووە.

مەبەست لە (پەنجا ساڵ خەبات) هەروەکوو گادانی دەڵێ ئەوەیە کە: "ئەم گەلە لە مێژووی خۆی و نەتەوەکانی دیکە کەڵکی بەجێ وەرگرین و ڕووداو و زانیارییەکان دووپات نەکەینەوە، ئەوانەی چاکیشن بەپێی هەلومەرج و پێشڕەفتی دنیا باشتر بە ئەنجامیان بگەیەنین".

ـ جەلیل گادانی لە هەلومەرجێکی سەختدا وەڵامی ئەو زنجیرە بڵاوکراوەیەی دایەوە کە بریتی بوو لە یانزە کتێبی چەواشەکەرانەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران و بە زمانی کوردی و فارسی بە ناوێکی ناکەسبەچەوە نووسرابوو و تیایدا هەروەکوو گادانی باسی دەکا بەلاڕێدا بردنی مێژووە و بە شێوەیەکی سووک سەیری کورد و کەسایەتییەکان دەکا. (وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە) کە ناوی کتێبەکەی گادانییە کە وەڵامی چەواشەکارییەکان دەداتەوە و دیسانەوە ڕەنگدانەوەی بەرچاوڕوونی گادانی و ئامادەبوونێتی بۆ وەڵامدانەوەی هەر چەواشەکارییەک کە دژ بە حزبی دێموکرات کراوە و هەوڵی کەمکردنەوەی سەنگی ئەو حیزبە دراوە.

ـ جگە لە بەشداری کردن لە وتار نووسین بۆ ڕۆژنامەی حیزبی دیموکرات و لە بەڵگەنامە حیزبییەکاندا، جەلیل گادانی کە بڕوانامەی لە زانکۆی تاران لە زمانی فەرەنسی هەبووە چەندین کتێب لە زمانی فەرەنسی و لە زمانی فارسی بۆ کوردی وەرگێڕاوە جگە لەو کتێبانەی کە بە زمانی کوردی نووسیویەتی، و بەرهەمەکانی لە نووسیندا نزیکەی بیست کتێب دەبێ، و ئەم ژمارەیەش بۆ کەسێک کە سیانزە ساڵ لە بەندیخانە بووە و دواتر دوور خراوەتەوە، هەردەم ئەرکی کاری حیزبی ڕۆژانە و ئەرکی پێشمەرگایەتی هەبوو، کارێکی سانا نییە.

ـ باشترین کۆتاییهێنانی من بە خستنەڕووی سیڤیی جەلیل گادانی ئاماژە کردنە بە نووسینێکی خۆی کە ئەڵێ: "ئەرێ چیدی ماوە وەک ئەرک لە پێناو گەل و نیشتمان و لە پێناو خەبات بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان بیکەین؟ هەر گیانە کە ماوە و ئەویش ئەگەر بە سەرکەوتووی گەڕاینەوە زێدی خۆمان باشە و ئەگەر شەهیدیش بووین کورد و کوردستان خۆش بێ. من لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتەوە کە دەگاتە حەفتا ساڵ، بێوچان و بێ ماندوو بوون بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاوم و شەهید بوونیشم لە گوێی خۆم نووسیوە. ئەو گیانەی لە بەریشمدا ماوە هەر کات پێویست بێ لەو ڕێگایەدا سەخاوەتمەندانە بەختی دەکەم".

**پێشبینی:**

هەرچەندە کوردستانی باشووریش نیشتمانی جەلیل گادانییە، بەڵام هەر وەکوو خەونەکەی مارتن لوترکینگ چاوەڕێ دەکەم ئامادە بم لە کاروانی گەڕانەوەی تەرمی جەلیل گادانی وەک تێکۆشەرێکی کوردستانی کە هەردەم خەمخۆری نیشتمانە دابەشکراوەکەمان بووە، بۆ ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و بۆ زێدی خۆی، و هەڵبەتە بە کاروانێکی سەربەرزانە کە ئاڵای کوردستان پێشڕەوایەتیی بکا.

# هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی
# لەبارەی سروودی «ئەی ڕەقیب» لە کۆماری کوردستاندا

**دیمانە: قادر وریا**

**ئاماژە: ئەم وتووێژەم کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییەکانی زیندەیاد کاک جەلیل گادانی لەبارەی جێگە وپێگەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پێک هێناوە. وتووێژەکەم لە ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە ئیمزای کاک جەلیل گەیشتە دەست. دیارە لە کاتی خۆی و لەجێی خۆیدا سوودم لەو زانیارییانە وەرگرت و توێژینەوەکەی خۆم کە بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر ئامادەم کردبوو، پێ دەوڵەمەند کرد.**

**لە یەکساڵەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە خەباتکار و ماندوویی نەناسەدا، وەک پێزانین و ڕێزگرتن لە یادی کاک جەلیلی خۆشەویست بە باشم زانی وتووێژەکە لە "کوردستان"دا بڵاو بکەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەران.**

**بەڕێز کاک جەلیل! لەگەڵ سڵاو و ڕێز! جەنابت شاهیدێکی عەینیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و خزمەتەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتیدا بووی. بۆ توێژینەوەیەکی خۆم لە بارەی سروودی ئەی ڕەقیب –بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر کە زانکۆی کۆیە لە مانگەکانی یەکەمی ٢٠١٨دا بەڕێوەی دەبا– پێویستم بە هێندێک زانیاری هەیە. هیوادارم بەڕێزت بتوانی وڵامی پرسیارەکانم لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەسندکرانی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەیی لەو کۆمارەدا، هەر وەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی سروودەکە لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئەو سەردەمدا بدەیەوە. پرسیارەکانم ئەمانەن:**

**بۆچی بەڕێوەبەرانی کۆمار، شێعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵداریان وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد؟ ئایا لە کۆماردا شێعری دیکە و سروودی دیکەش مەترەح بوون کە بکرێن بە سروودی نەتەوەیی؟ چۆن بوو "ئەی ڕەقیب"یان سەرئەنجام کردە سروودی نەتەوەیی؟**

بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز لە زەمانی (ژ-ک)دا، سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" زیاتر باو بوو، و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەواندا دەخوێندرایەوە. بەڵام عەقڵی ئەو دەمی منداڵیی من بڕی نەدەکرد لەو شتانە بکۆڵمەوە. لاموایە چونکو پێویست بوو کوردایەتییەکە بەهێز بکرێ و ئەو شێعرەش کوردایەتیی تێدا بەهێزە، بۆیە هەڵبژێردراوە و کراوەتە سروود. ڕەنگە زۆریشی موناقەشە لەسەر کرابێ تا ساغ بوونەوە ئەوە بکەن بە سروودی نەتەوەیی. دیارە جگە لە سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"، " شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان"یش وەک سروودی "نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەر زەمینە" زۆر لە ئارادا بوون، بەڵام "ئەی ڕەقیب" پەسند کراوە. دوور نییە دەوری "مامۆستا محەممەد تەوفیق وردی"، "بەکر حەوێزی" و "نووری ئەحمەد تەها"ش کە خەڵکی کۆیە بوون و لە مەهاباد دەژیان و مامۆستا و بەرپرس بوون کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێعرەش وەک سروود بووبێ.

**ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەی کۆماری کوردستان کە سروودی "ئەی ڕەقیب"یان تێدا پێشکەش دەکرا (سیاسی و دیپلۆماتیک، نیزامی، فەرهەنگی و هتد) کامانە بوون؟ سروودەکە هەر یەک کەس دەیخوێندەوە یا کۆڕس پێشکەشی دەکرد؟ ئامادەبووان لە کاتی ئیجرای سروودەکەدا، چیان دەکرد؟ هەڵدەستانە سەر پێ؟**

لە بۆنە ڕەسمییەکاندا بە کۆڕس دەخوێندرایەوە و بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا دەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە، لە مەدرەسەکان بەیانیان پێش چوونی نێو کلاس بە تێکڕایی دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەمووکات کە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ دەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.

**لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئایا هەموو ڕۆژێ سروودی " ئەی ڕەقیب" لە لایەن قوتابیانەوە دەخوێندرایەوە؟ چ ڕێوشوێنێک لە کاتی خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"دا بەڕێوە دەچوو؟ ئایا لەگەڵ مەراسمی هەڵکردنی ئاڵا، سروودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێندرایەوە؟**

لە سەرەتادا باو نەبوو لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێتەوە، بەڵام دواتر قوتابییەکان ڕاهێنران کە هەموو بەیانیان بە فەرمانی نازمی مەدرەسە و ژماردنی ١-٢-٣ بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، هەڵکردنی ئاڵای دەگەڵ نەبوو چونکو ئاڵا هەمووکات لەسەر بانی شوێنە حکوومی و مەکتەبەکان هەڵکرابوو، دەلەرییەوە.

**هەیئەتەکانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، چەند جار سەردانی تەورێز و ئازەربایجانیان کردووە، هەروەها چەند جاریش هەیئەتی ئەوان هاتووە بۆ مەهاباد. ئایا لە کاتی دیداری هەیئەتەکاندا سروودی هەر دوو لا پێشکەش دەکرا؟ ڕێوڕەسمەکانی خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی هەر دوولا، چۆن و چی بوون؟**

ئەوەی دیارە و نووسراوە دووسێ جار هەیئەتی ڕەسمیی حیزبی دێموکرات چوونەتە تەورێز، بەڵام لە هاتنی هەیئەتی ئازەربایجان بۆ مەهاباد ئاگادار نیم. ئەو چەند سەحنەی کە لە سەردانی لێژنەی حیزبی دێموکرات بۆ ئازەربایجان دەردەکەون و کەمێکی فیلم هەیە وێناچێ سروودی نەتەوەیی خوێندرابێتەوە، ئەگەر واش بووبێ من ئاگادار نیم، چونکو ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێکهاتنی کۆماری کوردستان موافق نەبوون، ڕەنگە سروودەکەشیان بۆ گرینگ نەبووبێ، سروودی ئەوانیشم نەبیستووە و لەبیرم نییە.

**ئەو دەقەی "ئەی ڕەقیب" کە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرا، لەگەڵ دەقی ئێستای ئەو سروودە، چ جیاوازییەکی هەبوو؟ وەک لەبیرت بێ ئەوکات کام بەیتی شێعری ئەی ڕەقیب دەخوێندرایەوە و ئێستا لە سروودەکەدا نییە؟ یا کام یەک لە وشەکان ئەوکات جۆرێکی دیکە بوون و ئێستا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە؟**

پێم شک نایە لە وشەدا شتێک گۆڕابێ، ئەوکات کە ئەو سروودەیان بە ئێمە ڕەوان دەکرد، هەر وەک ئێستا بوو بەڵام شێعری "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین، دینمانە ئایینمانە نیشتمان"یشمان دەگەڵ دەکوت. ئێستا ئەو شێعرە زۆرجار ناخوێندرێتەوە.

**کێ ئاهەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب"ی دانا؟ وەک بزانی پێشتر سروودەکە ئاهەنگی تایبەت بە خۆی هەبوو و لەسەر هەمان ئاهەنگ، لە کۆماردا پێشکەش دەکرایەوە؟**

ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەو سرووده تا زەمانی کۆمار نەکراوەتە سروود [ئەو سەردەم لە مەهاباد] عەلی تابانی بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، هەروەها "مەحموودی وەلیزادە" هەبوو کە لە بەشی کشتوکاڵدا خوێندبووی بەڵام ویلونیست بوو و دوایەش بوو بە وەزیری کشتوکاڵی کۆمار، جگە لەو دووانە "میرزا مینەی ڕەحیمی" باوکی چەکۆ (سەروان چەکۆ ڕەحیمی)، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسی دیکەش مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگەبوون کە پێشتریش لە سپای ئێراندا ئەو کارەیان کردبوو. من بەش بە حاڵی خۆم فکرم بۆ دوو نەفەری هەوەڵ "عەلی تابانی" و "مەحموود وەلیزادە" دەچێ کە لە دانانی ئاهەنگەکەدا ڕۆڵیان بووبێ.

**لە مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕادیۆ هەبوو. وەک بیستوومە چەند جارێکیش فیلم پێشان دراوە. ئایا لەو ڕادیۆیەی ئەوکاتدا، سروودی "ئەی ڕەقیب" پێشکەش دەکرا؟ ئەدی لە کاتی پێشاندرانی فیلم، یا لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" سروودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە؟**

ڕادیۆ هەبوو، ڕۆژی کرانەوەکەشی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسراوە، ئێستا لەبیرم نییە لەو ڕادیۆیەدا جگە لە هێندێک وتاری سیاسی و جارجار ئایینی، هەموو جۆرە سروودی ئەو سەردەم دەخوێندرایەوە. ئەو ڕادیۆیە وەسڵ کرابوو بە چەند بڵیندگۆی گەورە، لە لای "شارەوانیی کۆن" و "مزگەوتی حاجی ئەحمەد"، لە "چوارچرا" لە نیزیک ماڵی پیشەوا، لە نیزیک "مزگەوتی هەباس ئاغا" واتە چوارڕای ئازادیی ئەمڕۆ. خەڵک بەتایبەتی ئێواران کە خەبەر بڵاو دەبووەوە لە لای ئەو بڵیندگۆیانە ڕادەوەستان و گوێیان لە خەبەران دەگرت، ڕادیۆیەکە بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و سروودیشی هەبوو. مانگێ جارێک کۆڕی سروودی مەدرەسەکان بە نۆبە دەچوون لە ئێستگەی ڕادیۆ بەرنامەی سروود خوێندنەوەیان هەبوو، سروودی " ئەی ڕەقیب" و زۆر سروودی دیکەش دەخوێندرایەوە. وەبیرم دێ چەند جارێک سینەمای سەییار بە ماشینێکی تایبەت دەهات لە "چوارچرا" یا لە حەساری دوخانیەی کە زۆر گەورە بوو فیلمیان نیشان دەدا. چەند جارێکیش تیمی شانۆی ئازەربایجان و یەک دووجاریش تیمی ئاکرۆباتبازانیان هاتن، هەر لەو حەوشە و لە حەوشەی دەبیرستان (کە دوایە بەینێک ماڵە شێخ ئەحمەدی بارزان، پاشانیش بوو بە شوێنی بنەماڵەی یەکەم فەرماندەی تیپ یا سوپا) بەرنامەیان بەڕێوە برد. بەڵام وەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە "جەعفەر کەریمی" ئیمتیازی دانانی سینەمای لە حەوشەی دوخانیە وەرگرتبوو و سینەمای دانابوو و لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا لە خەڵک دەعەوەت کراوە بچن بۆ سینەما. پاشان جێگایەک هەر لە نزیک ئەو شوێنە دیاری کرا کە ساختومانی تایبەت بە سینەمای لێ دروست کەن، هێندێک چیمەنتۆ و شتی ئاواشی لێ ڕۆکرد بەڵام بەداخەوە دروست نەکرا و ئەرتەش هاتەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو جێگایە بوو بە "سینەما ئومید"ی "کاک عومەر قازی" کە کونگرەی چواری تێدا گیرا. ئەوکات خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لەو شوێنانە وەک سینەما و شانۆ باو نەبوو.

**دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی، یا لە بەندیخانە، هیچ کات سروودی " ئەی ڕەقیب "تان دەخوێندەوە؟ دەکرێ ئاماژە بەو بۆنە و حاڵەتانە بکەی کە دوای ڕووخانی کۆمار، سروودی "ئەی ڕەقیب"ی تێدا خوێندرابێتەوە و بۆ خۆشت تێیدا بەشدار بووبی؟**




دوای ڕووخانی کۆمار نە لە کۆبوونەوەی حیزبی و نە لە بەندیخانە و بۆنەیەکدا ئەم سرووده نەدەخوێندرایەوە، بەڵام ڕادیۆیەکی سڕی هەبوو کە لە پێشدا "دوکتور سوڵتان وەتەمیشی" کە لەو کەسانە بوو بۆ خوێندن بەڕێ کرابوونە باکۆ و لە پێشداش "مامۆستا" بوو، هەروەها دواتر کە "حەسەن قزڵجی" و "کاک کەریم حیسامی" خەبەر و وتاریان لەسەر دەخوێندەوە هێندێک جار دایان دەنا و بە گوێ دەگەیشت، بەڵام پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چەن جارێک لە تاران، [بە تایبەتی دوای] سەرکەوتنی شۆڕش پاش ئەوەی حیزب، ڕێکخراوەکانی لە شارە جوراوجورەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکخستەوە و هێزی پێشمەرگە پێک هات و زیاتریش دوای شەڕی سێ مانگە، ئەو سروودە هاتەوە گۆڕێ، وای لێهات لە باکووری کوردستانیش بە زاراوەی کرمانجی کەوتە سەر زاران و لە یەکەم تەلەویزیۆن کە ئەوان دایاننا بە ناوی "میدیا تی وی"ـەوە خوێندرایەوە.

**لەگەڵ ڕێز و سپاسی زۆرم بۆ هاوکاریت لەم پێوەندییەدا، تکایە هەر زانیارییەکی دیکە لە بارەی ڕۆڵی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان و لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەتە و لەم پرسیارانەدا نەورووژێندراون، مەمنوون دەبم بۆم بنووسی و ئاماژەی پێ بکەی.**

بۆ ئاگاداریی جەنابت چەند مانگ لەمەوبەر گڵکۆی دڵدار نۆژەن کرایەوە و، بە ڕێوڕەسمێک کرایەوە و شانازیی کردنەوەکەشیان بە من دا و [قسەشیان] بۆ دانابووم. ئەگەر بچی لە قەڵای کۆیە سەری بدەی و سروودەکەش وەک خۆی نووسراوەتەوە و دەفتەری یادبوودیشی بۆ داندرابوو، تەماشایەکی ئەو دەفتەرەش بکەی و زانیارییش لە بەرپرسی قەڵا و موزەخانە- کە تازە لەوێ کراوەتەوە- وەربگری، ڕەنگە بەکەڵکت بێ و باسەکەت دەوڵەمەندتر بکات.

# باسێک لەسەر نووسینەکانی مامۆستا حەسەن قزڵجی

فەرزانە عوقابی



مامۆستا حەسەنی قزڵجی، کوڕی مامۆستا عەلی ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی لە شاری بۆکان لەدایک بووە و ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی لە بەندیخانە لەژێر گوشار و ئەشکەنجەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا گیانی لەدەست دا.

مامۆستا حەسەنی قزڵجی بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بوو، لەگەڵ چیرۆکنووسانی گەورەی جیهانی عەرەب وەکوو مەحموود تەیموور و نووسەرانی گەورەی میسری وەکوو یەحیا هەققی و نەجیب مەحفووز کە ئەوانە زۆرتر بە سەبکی ڕێالیستییان دەنووسی و هەروەها تەها حوسێن وەکوو نوێنەری سەبکی ڕۆمانتیک ئاشنایەتیی هەبوو. تەنانەت لە خودی بەغداش لەگەڵ کەسانێک وەکوو مەحموود ئەحمەد سەید، ئەنوەر شائوول و جیبرا ئیبراهیم جیبرا ئاشنایەتیی هەبووە و لە چیرۆکەکانیدا وا دەردەکەوێ کە لە داڕشتنی کەشوهەوای چیرۆکەکانیدا کاریگەریی لە ئەوان وەرگرتبێ و ئەوەش شتێکی ئاساییە و لە ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی تریشدا بەرچاو دەکەوێ. حەسەن قزڵجی لەو ئەدیبە بلیمەتانەی کوردە کە دەکرێ بڵێین سەرچاوەی کورتە چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆرترین کاریگەریشی لە سەر بەرەی دوای خۆی داناوە.

حەسەن قزڵجی ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" و سەرنووسەری گۆڤاری هەڵاڵە بووە. زمانەکانی فارسی، تورکی، بولغاری و عەرەبییشی بەباشی زانیوە. قزڵجی هەروەها ماوەیەک بەرپرسی بەرنامەی فارسی و کوردی ڕادیۆ پەیکی ئێران بووە.

### تایبەتمەندیی زمانیی پەخشانەکانی مامۆستا قزڵجی

ـ هەموو پێکهاتەکانی وشەی ڕەسەنی کوردین و لە ڕستەکاندا وشەی بێگانە نابینین و زمانەکەی بێ گرێوگۆڵە، بۆ وێنە: "برسیایەتی ئەوەندە زۆری بۆ هێنا، تا بڵێی یەک و دوو، کولێرەکانی ماشتەوە."

ـ پەخشانەکەی زاراوەییییە، بۆ وێنە: "شەندە لە مەندە کەمتر نییە... وەکوو گای تەمبەڵ، ئاگرت لە سەر پشتی بکردایەتەوە، نەدەجوولاوە."

ـ زمانی مەجازیی بەکار هێناوە وەکوو: تەرازوو و کادێن هێشتا هەر بە پێوە بوون... هەر کەس گوێز لە هەمانەی خۆی ئەژمێرێ.

ـ کەڵکوەرگرتن لە ئارایەی تەشبیهـ بە ڕادەیەکی زۆر وەکوو: "لە سووچێکی ئەم هۆڵە قەپانێکی گەورە وەکوو تەلە نراوەتەوە... کوتووپڕ وەکوو فەیلەسووفێکی، بیر لە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و قورس بکاتەوە و ...".

ـ کەڵکوەرگرتن لە هەندێک مەتەڵۆکی بە نرخ و جوانکاریی ئەدەبی.

ـ قسەکردن بە زمانی ڕەشۆک.

ـ کەڵکوەرگرتن لە تەنز بە ڕادەیەکی زۆر.

تەوسیفەکانی زۆرتر گاڵتەجاڕن، لە هەموویان بەهێزتر تەوسیفی سەرەتای چیرۆکی "بیهێنە، ناوی مەبە"یە، کە هەر لە سەرەتاوە بۆنی وێرانی و فەوتانی لێ دێت. بەتایبەت بە هەڵبژاردنی وشەی "کووندەبوو" کە لە وڵاتانی کوردەوریدا و لەنێو فارسەکانیشدا هێمای کاوڵ بوون و وێرانییە.

تەوسیفێکی تریش کە زۆر بەهێزە، تەوسیفی عەبدولقادر ئەفەندییە لە "عادەتی بازاڕ"دا و هەروەها وەکوو تەوسیفی بە فارسی قسەکردنەکەی "ئاغا میرزا ڕەحمان" لە چیرۆکی "چای دیوەخان"دا، کە هەموویان زۆر بەهێز و جێگای سەرنجن.

### نێوەرۆکی پەخشانەکانی قزڵجی

نێوەرۆکی پەخشانەکانی مامۆستا قزڵجی، بنەمای خەسارناسیی ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارین و ئەو بە ڕوانگەیەکی تەواو کۆمەڵناسانەوە چۆتە ناخی تان‌وپۆی دەردەکانی کۆمەڵگە. ڕێمۆند کاروێر چیرۆکنووسی ئامریکایی دەڵێت: "هەر نووسەرێکی گەورە یان هەر نووسەرێکی باش، جیهان بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەسازێنێتەوە". بێگومان تایبەتمەندییەکانی پەخشانی قزڵجیش لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆی جودا نین. قزڵجی لە زۆربەی دەستپێکی چیرۆکەکانیدا زۆر بە هێمنی، بەردەنگ و خوێنەر دەباتە نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی، بە جۆرێک کە خوێنەر لە سەرجەم دەستپێکی چیرۆکەکانی قزڵجی‌دا هەست بە وتووێژ دەکا لەگەڵ نووسەر. لە شێوازی وتووێژ و قسە و باسی ئاژەڵان‌دا زۆرتر کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدا و باس دەکا. هەندێک لە نووسینەکانی بەرەو سنووری شانۆگەری ملیان ناوەتەوە، واتە چەند کەس قسە دەکەن و بیروباوەڕی خۆیان لەنێو قسە و وشەکاندا دەردەبڕن، نموونەی بەرزی ئەو مەیدانەش چیرۆکەکانی "تاج و تەختی کوێخا هۆمەر" و "خەمڵی پەموو"ن.

### قزڵجی و گۆڤارەکان

هەوراز و نشێوی ژیان، زیندان، ژیانی ئاوارەیی و هەڵات هەڵات، ژیانی نووسەری دیاری کردووە و سەنگەر و حەشارگەی زۆری پێ گۆڕیوە. هەر کات دەرفەت و کاتێکی گونجاوی دەست کەوتووە بیروهزری خۆی هێناوەتە نووسین و لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، کە بەشێکیان بریتین لە: "کوڕی زانیاریی کورد"، "هەڵاڵە"، "نووسەری کورد"، "بەیان"، "ڕۆشنبیری نوێ"، "ڕێگا"، "کوردستان"، "ئاوات"، "نیشتمان"، "هیوا" و "ڕۆژی نوێ". کاتێک دوای چەند ساڵ ئاوارەیی گەڕاوە بۆ کوردستان، بە تەنیا ڕۆژنامەی "مردم"ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی بە کوردی وەردەگێڕاوە کە کارێکی زۆر قورس و دژوار بوو و دە توانای هیچ نووسەر و وەرگێڕێکدا نەبوو، چونکی پڕ لە وشەگەلی قورس بوو بەڵام قزڵجی توانیی بە تەنیا وەریگێڕێتەوە سەر کوردی.

### چیرۆکەکان

چیرۆکەکانی قزڵجی پڕن لە هیوا و ئومێد، بوار و مەیدانی وتە بە نرخ و گرانبەهاکانی، لە شێوازیی چیرۆکی ئیپۆس بۆ سەردەمی فیئۆدالیزم دەگەڕێنەوە. ئەو ئازایانە و لێهاتوویانە چیرۆکەکانی ناسک و جوان و بە زمانی دڵ نووسیون واتە چیرۆکەکانی خۆیان لە کاناڵی چینی هەژاردا دەبیننەوە.

### بەرهەمەکان

_ پێکەنینی گەدا، کە لە چاردە کورتە چیرۆکی ڕێالیستی پێکهاتووە و زۆرتریان شێوەی سایتێریان بەسەردا زاڵە.

_ ئاشتیخوازیی لادێیی و پەیمانی دوولایی، نووسراوی حەسەن قزڵجی و عەبدولڕەحمان زەبیحی، بەغدا ١٩٥٩.

### بەرهەمە چاپ نەکراوەکان

"تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕان لە بولغارییەوە"، "زاراوەی سیاسی کۆمەڵایەتیی (وەرگێڕان)"، "کورتەچیرۆکەکانی ئەنگیل کارالچیڤ، وەرگێڕان لە بولغارییەوە".

### کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدا

لە نێوان چیرۆک و بەرهەمەکانی موپاسان و قزڵجی وێکچوونێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە موپاسان وەکوو یەکێک لە پێشڕەوانی ڕێالیسم، پێناسەکەی ئەوە بوو کە "ڕێالیسم یانی کەشف و باس‌کردنی ئەو بارودۆخەی، کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا دەژی". موپاسان لە زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی خۆیدا، وێڕای پاراستنی ڕوانینێکی ڕێالیستی بە دیاردەکانی جیهان و سروشت، ڕاوێژێکی پڕ لە تەوس دەکاتە بنەڕەت بۆ سەرجەم چیرۆکەکانی خۆی، بە واتایەکی‌تر دەتوانین بڵێین کە تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە لە دنیای کورتە چیرۆکدا.

"پێکەنینی گەدا" یەکەم جار لە باشووری کوردستان بڵاو بۆوە و یەکەم کۆمەڵە چیرۆک بوو کە بە پێنووسی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی نووسرابوو. ئەو کتێبە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و گەڕانەوەی قزڵجی بۆ وڵات، جارێکی‌تریش لە کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو کرایەوە. لەو چاردە چیرۆکەی کە لە "پێکەنینی گەدا"دا کۆ کراونەتەوە، جگە لە چیرۆکی "شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ" ئەوانی تر شێوەی سایتریان بەسەردا زاڵە. لەو چاردە چیرۆکە تەنیا دوو دانەشیان کات و شوێنیان لە شار دایە: "عادەتی بازاڕ" و "سەرفیترە". کاکڵ و خەستایی و نێوەرۆکی چیرۆکەکان بە گشتی، چەوسانەوەی هەژاران، لە لایەن ئاغا و شێخ و ژاندارمەی نێو شارە.

کەسایەتی چیرۆکەکان ئەگەر لە هێڵەک بدەین ئەوانە دەمێننەوە: ئاغا، جووتیار، شێخ، ژاندارمە، کاسب و دووکانداری شار، میرزا و مەلا. مامۆستا قزڵجی ئەوانەی وەک تاکەکەس پەروەردە نەکردوون و لە بواری دەروونناسییەوەش ئاوڕی لێ نەداونەتەوە و وەکوو ئامراز و کەرەستەی بەرهەم‌هێنان کە زەوی و پارەیان هەیە و ئەوانی دیکەش دەچەوسێنەوە.

لە چیرۆکی "خەمڵی پەموو"دا نووسەر هێرش دەباتە سەر خورافات و هزری پووچ و بێ‌کەڵک لەنێو کۆمەڵگەدا، کە وەک ئامرازی سەرکوت بەدەست چەوسێنەرەکانەوەیە. کە لەو چیرۆکەدا شێخ، پاش ئەوەی کە "زۆراو بەگ" هەواڵ دەنێرێ کە ئەوەندە ڕوو بە جووتیاران نەدا، دەنا بەشی خۆشی نادەن، "ڕاوێژی دەمی دەگۆڕێ"، و دەیهەوێ ئەو پێوەندییەی ئاغا و ڕەعیەتییە کە لە سەر بناغەی چەوسانەوەیە، لەژێر چەتری دیتێرمینیسمێکی پیرۆزدا، وەکوو شتێکی بشوبهێنێ کە ئەوە قەزا و قەدەری خودایە و هەتا هەتایە نابی دەستی تێوەردەی. هەڵبەت ئەو خورافاتە تەنیا دەردی ڕەنجبەرەکان نییە و ئاغاواتەکانیش گیرۆدەی بوونە و هەمیشە بە چاوی گاڵتە پەردەی لەسەر بیروباوەڕیان لاداوە. لە یەک کەلامدا نووسەر بەڕاستی دژی داب و نەریتی کۆن و خورافاتی نێو کۆمەڵگەیە و بەڕاشکاوی داکۆکیی لە جووتیاران و ڕەنجبەران کردووە. کە لێرەدا سۆفی نامیق قارەمانی چیرۆکەکەیە و هەڵوێستێکی ئازایانە دەگرێ و بەڵێنی بەرخۆدان دژی چەوسێنەرەکان دەدا.

لە چیرۆکەکانی "نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت" و "نووشتەکەی ئامینە خان" هەڵوێستی قزڵجی لە جێگای خۆیدا نییە. کاتێک بۆ بایز (قارەمانی چیرۆک)، بە فێڵ و زمان‌لووسیی حاجی، ژنی دووهەم (زیبا خانم) لە سابڵاغ مارە دەکەن، ژنە شارەیییەکە لە ڕادەبەدەر لووتبەرزی نیشان دەدا نیسبەت بە ژنە گوندییەکە (خەزاڵ)، و بە چاوی سووکەوە پێی دەڵێ ژنە کرمانج! ئەگەرچی فەزای چیرۆک وا دەخوازێ بەڵام شیاو بوو کە باسێک لە دەستڕەنگینی و ئازاری خەزاڵ کرابا، کە بەداخەوە لەبیر کراوە. لە چیرۆکی "نووشتەکەی ئامینە خان"یش، نووسەر هیچ ئاماژەیەک بە ئامینە خان نادات بە خوێنەر و دوورەپەرێزە، لە کاتێکدا ئامینە خان بۆتە قوربانیی سیستمی فیئۆدالی. لە بەرهەمەکانی قزڵجی تەنیا یەک جار ژن قارەمانی چیرۆکەکانە. لەو چیرۆکەشدا نووسەر تا ڕادەیەکی بەرچاو خۆی لە خەم، نائومێدی، باری ناڵەباری ژیانی ئامینە خان بواردووە و لە ڕاستیدا هەر بە جارێک ئامینە خان کە خۆی قارەمانی چیرۆکەکەیە، لەبیر کراوە. دەبوو نووسەر دەرد، ئازار، هەژاری و باری ناڵەباری سایکۆلۆژی ئامینە خان و برینی سارێژ نەکراوی ئامینە خانی باس کردبا و ئاوڕی لێ دابا‌وە و زانیاریی تەواوی پێشکەش بە خوێنەران کردبا.

### دەرەنجام

ڕەنگە باشترین پێناسە بۆ کەسایەتیی قزڵجی، وتەکەی مامۆستا هێمن بێ کە پێی‌وایە مامۆستا قزڵجی، کۆمەڵی کوردەواریی لە هەموو کەس چاکتر ناسیوە. ئەوەی کە دەڵێن چیرۆکەکانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تازەبوونی خۆیان زیاتر دەسەلمێنن، مەبەست ئەوەیە کە قزڵجی لە ڕاستیدا کۆمەڵی کوردەواریی بە شێوازێکی هەمە لایەنە و فرە ڕەهەند هەڵسەنگاندووە یان دەتوانین بڵێین بە چاوێکی خەسارناسانە ڕوانیویەتە کۆمەڵگەی کوردەواری و هۆی سەرکەوتنی چیرۆکەکانی لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چیرۆکەکانی بە هیچ شێوەیەک لە ژیان و ئازار و نەخۆشی، برسێتی، نەخوێندەواری، ئازار و کوێرەوەری ڕەنجدەرانی گوندەکانی کوردستان دوور نین و هەموو کات ئەوانەی زەق کردوونەتەوە.

***

### سەرچاوەکان:

– پێکەنینی گەدا لە ئاوێنەی ڕەخنە و بۆچووندا، پێشەکی و پێداچوونەوەی هادی حەبیبی.

– بۆ یادی نووسەری ڕێالیست، بیرمەندی هزرڤان حەسەن قزڵجی، وتاری ڕەشاد مستەفا سوڵتانی.

– ئەم وتارە لە پۆڕتابڵی زانکۆی کوردستان‌دا بڵاو بۆتەوە.

## «شاری دڵ»




فستیڤاڵی دوو ڕۆژەی "شاری دڵ" کە لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکانەوە بەڕێوە چوو، ئێوارەی ڕۆژی ٦ گەلاوێژ بە هاوبەشیی شاعیرانی بەشداربوو و کۆمەڵێکی دیار لە مامۆستایان و قەڵەم بە دەستانی هێژا کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

ناسر وەحیدی، ئەندامی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵەکە ڕایگەیاند کە لەبەر کۆڕۆنا لە ماوەی دوو شەودا بە ئانلاین دەقە ئەدەبییەکان خوێندراونەتەوە و بۆ ڕێوڕەسمەکەش لەبەر پاراستنی باری تەندروستی بەشداربووان تەنیا لەو کەسانە گێڕدراوەتەوە کە بەرهەمەکانیان خوێندراوەتەوە.

فەوزیە سوڵتانبەگی، ئەندامی دەستەی داوەرانی فستیڤاڵی "شاری دڵ" ڕایگەیاندووە لە کۆی ٢٩٦ بەرهەمی گەیشتوو، بەرهەمی ٤٠ شاعیرگەیشتە قۆناغی کۆتایی و دواجار بەرهەمی سێ شاعیر وەک بەرهەمی سەرکەوتوو لە بەشی شێعری کلاسیکدا، و بەرهەمی چوار کەس لە بەشی شێعری نوێدا خەڵاتیان پێ بەخشرا. هەروەها بەرهەمی دوو شاعیریش شیاوی ئەوە بوون ڕێزیان لێ بگیرێ.

بەمجۆرە کە خەڵاتی باشترین شێعر لە بەشی کلاسیکدا بەخشرا بە شاعیران: ئەمین گردیگلانی بۆ شێعری "بەهار"، ئەنوەری ئەژراک بۆ شێعری "سەهمی مە"، ئەنوەر پشتیوان بۆ شێعری "کێبڕکێ". هەروەها خەڵاتی باشترین شێعر لە بەشی نوێخوازیدا بەخشرا بە شاعیران: حومێرا محەمەدەمینی بۆ شێعری "کە من هێشتای خەزەڵوەرم تا چاوت"، هەژار ئیوەر بۆ شێعری "پەنجەرەیەک ڕوو بە سنوورێکی پرتەقاڵی" و خەڵاتی سێهەم بە هاوبەشی بەخشرا بە دوو شاعیر: ئیدریس حوسەینی بۆ شێعری "سەوز– ئەڵێ پیاوخۆر هەڵات" و شوانە فازڵنیا بۆ شێعری "نهێنی سەردە فانوسی تۆدا خەونی خوێن". هاوکات لە سایەی هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانیان لە پێناو زمان و ئەدەبی کوردیدا؛ ڕێز گیرا لە بەرهەمی دوو شاعیر کە بریتی بوون لە ڕودووس فەیلی لە ئیلام و ئەحسەن ڕەشیدی لە هەورامان.



لە مەودای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی سەربڕانەی فستیواڵی "شاری دڵ"دا، سەعید نەجاڕی "ئاسۆ" لە وتارێکدا یادی لە پێگەی ئەدەبی و مێژوویی شاعیری بە توانا مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی کرد و سەرنجی دایە سەر ڕۆڵی پەروەردەی شاعیرانی لوتکەی وەک سەید کامیلی ئیمامی، خاڵەمین، حەقیقی، عەتری گلۆڵانی، هێمن، هەژارو ... گوتی: نیشتمانپەروەری، زمانپارێزی، ڕووناکبیری و نوێخوازی میراتی پڕبایەخی ئەو شاعیرانەن کە بۆ بەرەی پاش خۆیان بەجێ ما.

لە برگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا شاعیری بەتوانا و خاوەنڕا، "یۆنس ڕەزایی" لە وتارێکدا تاوتوێی ڕەوتی نوێخوازی و کاریگەرییەکانی ئەدەبی جیهانی و کوردی کرد لە سەر کۆمەڵگە و مرۆڤ و سەرنجی خستە سەر پێوەندی نووسەر لە گەڵ کۆمەڵگەکەی خۆی. ئەو گوتی: نووسەرێک بە ژان و خەم و خۆشی نەتەوە و کۆمەڵگەکەی خۆی نەزانێ ناتوانێ لە بیر و خیاڵی کۆمەڵگەکەیدا بژی.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:804 6 Augus 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

بەر لە ماڵاوایی

# «مەنسوورون»ی دۆێنێ و «خوزستان»ەکەی ئەمڕۆ


بابەک ناسری

هەر حکوومەت و دەسەڵاتێک گوێبستی دەنگی حەقخوازیی خەڵکەکە نەبێ، بەرەوڕووی سەرهەڵدان و دروستبوونی گرووپ و ڕێکخراوی بەرگری و دژبەری خۆی دەبێتەوە. بەشی زۆری گرووپەکانی بەرگری بۆ مەبەستی مافخوازی و دادپەروەری سەر هەڵدەدەن، بەڵام کەم نین لەم گرووپ و لایەنانە کە بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاری لە هەناویاندا ڕوو دەدا، یان هەتڵە دەبن، یان لەو ئامانج و مەبەستانەی بۆیان دامەزراون دوور دەکەونەوە و مەودایان لێ دەگرن. گرووپی «مەنسوورون» کە یەکەم شانەکانی ڕێکخستنی لەسەر بیری ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی لە ساڵی ١٣٤٩دا دامەزرا، نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە ڕێکخراوانەن.

گرووپی مەنسوورون کە لە بناغەدا بۆ دژایەتیی نیزمی سەرکوتگەری پاشایەتی دامەزرا و دواتر بوونە لۆبیگەری دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، یەکەم شت کە خۆیان لەگەڵ ڕاهێنا تێرۆر و سەرکوت بوو. ئەوان لە دەیەی ٥٠ی هەتاویدا زۆر بەرپرس و کادری نیزامیی ڕێژیمی پاشایەتییان تێرۆر کرد. هەر ئەوان کە دواتر لەگەڵ چەند ڕێکخراوی نیزیک و هاومەرامی دیکەیان «موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی»یان پێکهێنا، یەک لەو ئەرک و مەئموورییەتانەیان کە ئێستاش نیسێی ناڕوونییەکانی بەسەردا کشاوە، ئاگردان و سووتاندنی سینەما «رکس»ی ئابادان بوو. سینەمایەک کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٧دا زیاتر لە ٤٠٠ کەسی بێتاوان و ئاسایی تێیدا کۆ ببوونەوە هەتا سەیری فیلمی «گوزنها»ی مەسعوود کیمیایی بکەن، بەڵام بوونە خەڵووز.

ئەوان میراتگری بیری فیداییانی ئیسلام بوون کە لە سێ دەیە پێشترەوە بە تێرۆری ئەحمەد کەسرەوی و جیابیرانی دیکە سیاسەتی کوشتن و لەسەر ڕێ هەڵگرتنی دژبەرانیان گرتبووە بەر. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ڕەشماڵی دەسەڵاتەکەی هەر لەسەر ئەو ئەستۆندەکە، واتە سڕینەوە، تێرۆر و لە مەیدانوەدەرنانی دژبەرانی هەڵدا. حەسەن هۆرمۆزی، موحسین ڕەزایی، مەجید بەقایی، محەممەدباقر زولقەدر، عەلی شەمخانی و باقر قازییانی سەرشانە گرینگەکانی گرووپی «مەنسوورون» بوون کە ئەو ڕێکخراوەیەیان دامەزراند. دواتریش هەموو وێکڕا لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە سوور بوو، و لە سۆنگەی تاوانەکانیان پلە و بەرپرسایەتیی گرینگیان لەو ڕێژیمەدا پێ درا. سەرنجڕاکێش ئەوە کە «موحسین مەخمەلباف»یش ئەندامێکی ئەم گرووپە بوو. ئەو کە دەستپەروەرەدەی تێرۆر و توندوتیژیی شۆڕشی ئیسلامی بوو، دواتر لە بەرگی دەرهێنەری سینەمادا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کایە کرد و بە گاردی «ڕووناکبیر»ییەوە وڵاتی بەجێ هێشت و تێکەڵ بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازەکان! بوو. دەرهێنەرێکی سینەما کە دەستی بە خوێنی هەمان ئەو خەڵکە سوور بوو کە بۆ دیتنی فیلم ڕوویان لە سینەماکان کردبوو، خەڵکێکی ئاسایی...

هەر ئەو گرووپە (مەنسوورون) لە دامەزراندنی یەکەم شانەکانی سپای پاسداراندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. سپای پاسداران کە لە ئێستادا کاراکتەری سەرەکیی تاڵان، جەردەیی، گەندەڵی و هاوکات مافیای هێز و دەسەڵاتە لە ئێراندا، کەسانێکی وەک موحسین ڕەزایی، شەمخانی و جیهانئارا لە دامەزرێنەرانی بوون. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لێکەوتە و نوێنگەی ئیرادەی ئەو جۆرە کەسانە بەو شێوە هزر و تێڕوانینە بوو، هیچ کاتێکی بۆ تێرۆر و لەمەیدانبەدەرکردنی نەیارانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەدەناسی. ئەم ڕێژیمە کە هەر لە سەرەتاوە بە تێرۆر فرچکی گرت، ئێستاش ماکەی تێرۆر لە هەموو دنیایە و ماشێنی جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە هەروا لەگەڕدایە.

ئەو خوزستانەی کە ڕۆژێک بۆ خەبات دژی زوڵم و ستەمی پاشایەتی باوەشی بۆ ئەم گرووپە کردبۆوە، ئێستا پتر لە چوار دەیەیە نیشتمان و جوغرافیای سەرکوتێکی بێبڕانەوەیە کە لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە دەرحەق بە خەڵکەکەی دەکرێ. هەر ئێستاش لە دوای ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام کە لەبەر بێئاوی و خەمساردیی کاربەدەستانەوە وەڕێ کەوتن، بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە گیراون، لەولاش میراتگرانی «مەنسوورون» لە بەتاڵانبردنی نەوت و ئاو و سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم ناوچەیە بەردەوامن. کارەسات بۆ ئەو خەڵکە ئەوکاتە ناخهەژێنتر بوو کە دەرکەوت «هورالعظیم» بە بڕیاری خودی خامنەیی ئیشک کراوە بۆوەی بە تێچووی کەمتر نەوت و گازی لێ دەربهێنن و دواتر بە چینییەکانی بفرۆشن. جوغرافیایەک کە خەڵکە بێدەرەتانەکەی قوربانیی دەزگای سەرکوت و تێرۆرێکن کە گەراکانی یەکەمی لەپاڵ دەستی خۆیان داندرا و لەسەر دەستی کەسانێکی وەک موحسین ڕەزاییدا پەرەیان سەند کە لەپێناو ئارمانەکانی ئەم ڕێژیمە خوێنمژەدا بەزەییان بە منداڵی خۆشیاندا نەهاتەوە.

خوزستان نیشتمانی ڕۆڵەکانیەتی، بەڵام قازانج و بەروبوومی بۆ ئێترەکانە؛ نیشتمانی خەڵکێکی بێدەرەتان و زەحمەتکێش کە هەروەک بێتاوانەکان لە ئاگری سینەما «رکس»ی ئێستادا دەسووتێن و بەبەرچاوی شەمخانی و بەقایی و مەخمەلبافەکانەوە گڕ دەگرن و دەکەون. خوزستان وڵاتی گڕ و ئاگر و شوێنی گوورانی «مونسوورون»ەکان و نیشتمانی ئێستای خەڵکێکی داماو و تینووە.

# دامەزرانی ئەنستیتۆ «زانست» لە ئیلام



ئەنستیتۆی «زانست» لە ئیلام دەسبەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند.

کامەران ڕەحیمی، بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی «زانست» ڕایگەیاندووە کە ئەم ئەنیستیتۆیە ١٠ دێپارتمانی هەیە و لە ئێستادا دەستی بە وەرگرتنی ئەندام و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی ئەم دێپارتمانانەدا هەیە.

ناوبراو دەڵێ ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ئەنیستیتۆیە فێرکردنی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی، بەرهەمهێنانی بابەتی زانستی، پەروەردەیی و فێرکارییە و هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوە پێویستییەکانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگەی کوردی لە ئیلام.

بەپێی ڕێوشوێنی نێوخۆیی ئەم ئەنیستۆیە هەرکەس دەتوانی ببێتە ئەندامی دوو دێپارتمان. چەند بەشێکی دیکەی ئەم ئەنیستیتۆیە بریتین لە: بەشی فێرکاری، بەشی لەچاپدان، بەشی وشەسازی، بەشی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و بەدواداچوون بۆ کاروباری ئیداری و نامەکان، کارنامەکان و دابەشکردنی بەرهەمە کولتوورییەکان و... .

# لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی پێشکەش بە د. شەرەفکەندی کرا



دوکتور کۆچەر وەڵەدبەگی توێژینەوەیەکی زاستیی خۆی لەسەر نەخۆشییەکانی دەمار و دڵ، پێشکەش بە د. سەعید شەرەفکەندی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

د. کۆچەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ یەکەمجار لە تەمەنی ٧ ساڵی لە نیزیکەوە دوکتور سەعیدی بینیوە کە ئەو کات سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بووە. ناوبراو دەڵێ ئاستی بەرزی زانیاری، کاریزما و فیداکاریی دوکتور سەعید بووەتە هۆی ئەوەیکە هەموو کات حەز بکا وەکوو ئەو هەم لە بواری خوێندن و هەم لە بواری سیاسەتدا کەسێکی سەرکەوتوو بێ.

کۆچەر وەڵەدبەگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ساڵی ١٣٦٢ لە گوندی "هاوار" سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە کوردستانی باشوور لەدایک بووە. ناوبراو لە وڵاتی بریتانیا درێژەی بە خوێندنی بەرز داوە و دوکتوراکەی لە بواری نەخۆشییەکانی دەمار و دڵ بە سەرکەوتوویی بڕیوە. ئەو هاوکات لە لیبەر پارتی (پارتی کرێکاری بریتانیا) و لە وڵاتی سوید لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سویددا، چالاکیی بووە.

# ماڵی مامۆستا «حەقیقی» لە بۆکان کرا بە مۆزەی فەرهەنگی



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ ماڵی مامۆستا «عەباس حەقیقی» شاعیری ناوداری سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری «هەڵاڵە» لە شاری «بۆکان» کرا بە مۆزەی فەرهەنگی و شوێنی ئاسەواری ناودارانی کورد.

لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی ئەو مۆزەیەدا هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕێژیم ڕێگریان لە بەشداریی خەڵک کردووە و لەو سۆنگەیەوە زۆر لە کەسایەتی، شاعیر و نووسەرانی شاری بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان نەکرا لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بن.

هۆکاری ئەویکە ڕێژیم ئیزنی نەداوە ئەو کەسایەتییانە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بن بۆ ئەوە بووە کە کاربەدەستان و نوێنەری شاری بۆکان ویستوویانە ئەو ڕێوڕەسمە بە ناوی خۆیان تەواو بکەن.

بەڕێوەبەرانی ئەم مۆزەیە دەڵێن ئەم شوێنە فەرهەنگییە خزمەتی پتر بە کولتوور و ئەدەبی کوردی دەکا و کاریگەریی لەسەر ڕاکێشانی پتری سەرنجی گەشتیارانیش دەبێ.

مامۆستا حەقیقی ساڵی ١٢٨٤ی هەتاوی لەدایک بووە و لە کۆماری کوردستاندا حەقیقی بە نازناوی (ع. هونە ڕ) بابەت و بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە. حەقیقی جگە لە دیوانە شێعرییەکەی بەشێک لە شێعرەکانی حافیزی شیرازی و هەروەها گوڵستان و بووستانی سەعدی و کیمیای سعادتی کردووەتە کوردی. ئەو لە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

# دوای چوار ساڵ ڕێگە درا «عەشق بە تامی گێلاس» بڵاو کرایەوە




پاش چوار ساڵ چاوەڕوانی، وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێران ڕێگەی دا کتێبی "عەشق بە تامی گێلاس" لە نووسینی شاعیری ناسراو ئیبراهیم هەورامانی بڵاو بێتەوە.

ئیبراهیم هەورامانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس ڕایگەیاندووە کە کتێبەکەی لەلایەن "باست مرادی"یەوە کراوەتە فارسی و لەلایەن دەزگای "ئەفراز"ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەو گوتی ماوەی چوار ساڵە چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی ئەو کۆمەڵە شێعرەیەتی کە لە دووتوێی کتێبێکی ١٤٧ لاپەڕەییدا دیزاین کراوە. ئەو کتێبە شیعرییە دوو بەشە، قەسیدە و چەند دەقی کورتی شێعرییە.

ئیبراهیم هەورامانی خاوەنی ١٠ کۆمەڵە شێعرییە.